تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5748) دووشەمە 13ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

## سەرۆک بارزانی پێشوازی لە خانەوادەی وەکیل مستەفایۆف دەکات

# هەرێمی کوردستان بە خوێنی شەهیدان دروست بووە و بە خوێنی شەهیدانیش دەپارێزرێت


3

دوێنێ یەکشەمە 2019/5/12 لە سەلاحەددین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە خانەوادە و کەسوکاری سیاسەتمەدار و سەرکردەی کوردانی قەفقاز خوالێخۆشبوو وەکیل مستەفایۆف کرد.
لە دیدارەکەدا سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی وەکیل مستەفایۆف سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆی بە خانەوادە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو گەیاند. سەرۆک بارزانی وەکیل مستەفایۆفی بە تێکۆشەرێکی گەورەی کورد و خودان هەڵوێست ناودێر کرد و ڕایگەیاند کە هەر کەسێک خزمەتی گەلی خۆی کردبێت و لەناو دڵی میللەتەکەیدا بێت، ئەوە بۆ هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوە.

## پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی پەنجا و سێیەمین ساڵیادی داستانی هندرێن

## داستانی هندرێن وانەیەکی باشە بۆ دوژمن و داگیرکاران کە ئەگەر بیانەوێ ئیرادەی میللەتی کورد تاقی بکەنەوە

2


2

## پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی چل و پێنجەمین ساڵیادی شەهیدکردنی لەیلا قاسم

# لەیلا قاسم سیمبۆلّی خۆنەچەماندن و گیانفیداییە بۆ هەموومان

دوێنێ یەکشەمە 2019/5/12 سەرۆک بارزانی بەبۆنەی چل و پێنجەمین ساڵیادی شەهیدکردنی لەیلا قاسم پەیامێکی ڕاگەیاند و تیایدا ڕایگەیاند "لەیلا قاسم سیمبۆلّی خۆنەچەماندن و گیانفیداییە بۆ هەموومان". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

ئەمڕۆ چل و پێنج ساڵ بەسەر لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هاوڕێکانیدا تێدەپەڕێت. لەیلا قاسم بەهۆی کوردبوون و ئازادیخوازی و بیروباوەڕییەوە گیانی خۆی فیدا کرد و شەهید کرا. لەیلا نموونەی بەرزی کچی کورد و مرۆڤی کورەد کە شەهیدبوونی وەک شانازییەک قبووڵ کرد و سەری بۆ دوژمن و جەللادەکان شۆڕ نەکرد و، مێژووی بۆ خۆی و گەلەکەی دروست کرد. لەیلا قاسم سیمبۆلّی خۆنەچەماندن و گیانفیداییە بۆ هەموومان. ئەو بە شەهیدبوونی خۆی بۆ دۆست و دوژمنی سەلماند کە وەفاداری بۆ کوردستان لەسەرووی هەموو شتێکە و مەرگی سەربەرزانە پڕبەهاترە لە ژیانی بندەستی. سڵاو لە گیانی پاکی شەهید لەیلا قاسم وهاوڕێکانی و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادی..

**مسعود بارزانی**
**2019/5/12**

## سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی باڵای کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری لە جیهان دەکات

## دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرایەوە

## مونا قەهوەچی: سەرۆکی هەرێم بە دەنگدانی ئاشکرا هەڵدەبژێردرێت


3

دوێنێ یەکشەمە 12ی5ی2019 دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە بڕیاری خۆپاڵاوتنی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەرکرد، تۆمارکردنی کاندیدانی سەرۆکی هەرێمیش تا 15ی ئایار بەردەوام دەبێت. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ فراکسیۆن یان کەسایەتییەک ڕاینەگەیاندووە کە خۆی بۆ پۆستی هەرێمی کوردستان، کاندید دەکات. دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا دەرگای خۆپاڵاوتنی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردەوە کە لە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی دوێنێ 12ی ئایار تاوەکو هەمان کاتژمێر لە ڕۆژی 15ی ئایار بەردەوام دەبێت.

## خەسرۆ گۆران:

## پارتی لەسەر هەموارى یاسای هەڵبژاردنەکان قسەی دەبێت

2


3

جەعفەر شێخ مستەفا:

## سێ تیمی هاوپەیمانان لە وەزارەتی پێشمەرگەن بۆ یەکخستنەوەی هێزەکان

## لیژنەیەک بۆ هاوتاکردنی مووچەی شەهیدان و ئەنفالکراوان سەردانی بەغدا دەکات

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)


4

## پێنجەم ڕەمەزان لە کەمپەکاندا..

## هێشتا ئاوارەی نێوخۆیی لە عێراقدا بوونیان هەیە


5

## ماددە هۆشبەرەکان هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکەن

پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی پەنجا و سێیەمین ساڵیادی داستانی هندرێن

# داستانی هندرێن وانەیەکی باشە بۆ دوژمن و داگیرکاران کە ئەگەر بیانەوێ ئیرادەی میللەتی کورد تاقی بکەنەوە

# سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی باڵای کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری لە جیهان دەکات



دوێنێ یەکشەممە 5/12/ 2019 سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندێکی باڵای کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری لە جیهان بە سەرۆکایەتیی قەداسەتی پاتریارک مار گورگیس سێیەم سلێوە، پاتریارکی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری لە جیهان و، ژمارەیەک لە مەترانەکانی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری لە وڵاتانی ئەمەریکا و کەنەدا و ئەورووپا و ئۆستراليا و نیوزلاندا و هێندستان و ئێران و عێراق و سووریا و لوبنان کرد.

لە دیدارەکەدا بیرووڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە و جیهان و هەرەشەی هزری تووندڕۆیی و تیرۆر لەسەر ئاساییشی جیهان و ئایندەی مرۆڤایەتی ئاڵوگۆڕ کرا و جەخت لەسەر کارکردنی هەموو لایەک بۆ قوواڵکردنەوەی برایەتی و مرۆڤسالاری لە ئاستی جیهانی و لە نێوان ئایینەکان کرایەوە.

لە بەشێکی ئەو کۆبوونەوەیەدا فەرهەنگی پێکەوەژیانی گەلی کوردستان و برایەتی و تەبایی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان بەرز نرخێندرا و شاندی میوان سوپاسی سەرۆک بارزانیان کرد کە ڕۆڵی گەورەی لە پاراستنی پێکهاتەکان و پەرەپێدانی برایەتی و پێکەوەژیاندا هەیە.

## بروسکەی پیرۆزبایی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی بیست و شەش ساڵەی دامەزراندنی بنکەی لالش

دوێنێ یەکشەممە 2019/5/12 سەرۆک بارزانی بەبۆنەی بیست و شەش ساڵەی دامەزراندنی بنکەی لالش بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی ئەندام و کادیرانی بنکەی لالش و هەموو خوشک و برایانی ئێزیدی کرد. ئەمەش دەقی بروسکەکەیە:

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی دستەی باڵای بنکەی لالش**

بەبۆنەی بیست و شەش ساڵەی دامەزراندنی بنکەی لالش پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز و ئەندام و کادیرانی بنکەی لالش و هەموو خوشک و برایانی ئێزیدی دەکەم. دەستخۆشی لە هەوڵ و ماندووبوونتان دەکەم بۆ کارکردن و پەرەپێدانی چالاکیی کۆمەڵایەتی و کولتووری و خزمەتکردنی خوشک و برایانی ئێزیدی.

بەم بۆنەوە هیوای سەرکەوتن و بەردەواميیتان بۆ دەخوازم لە ئەرک و کارەکانتاندا و پشتیوانیی تەواوی خۆم بۆ ئێوەی بەڕێز ڕادەگەیێنم. ئومێدی ئاسوودەیی و ئارامی و گەڕانەوەی هەموو خوشک و برایانی ئێزیدی بۆسەر ژیانی ئاسایی خۆیان دەخوازم.

هەر سەرکەوتوو بن و بمێنن بەخێر و خۆشی

**مسعود بارزانی**
**2019/5/12**

## خەسرۆ گۆران: پارتی لەسەر هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکان قسەی دەبێت

بڕیارە هەفتەی دابێ پەرلەمانی عێراق لەبارەی هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق کۆببێتەوە و بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی پارتیش دەڵێ، پارتی دەیەوێ لە هەندێ پرسی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بەرچاوڕوونی هەبێت.

خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی پارتی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: بڕیارە ڕۆژی 18ی ئایار پەرلەمانی عێراق لەبارەی هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کۆببێتەوە و جارێکی دیکە خوێندنەوە بۆ پرۆژەیاساکە بکرێت، لەبەر ئەوەش، دوێنێ یەکشەممە دەزگای هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەو پرسە لەگەڵ بەرپرسی هەموو نووسینگەکانی هەڵبژاردنی حزب کۆبووەوە. بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردن گوتی: لە کۆبوونەوەکەی دەزگای هەڵبژاردنی پارتیدا بڕیار درا، پارتی وەک هێزێکی سەرەکی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆچوونی خۆی ڕابگەیەنێت لەبارەی هەمواری پرۆژەکە و لە ڕۆژانی داهاتوودا هەڤاڵانمان لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ پێشنیار و هەڵوێستی خۆمان ڕادەگەیەنین. دەربارەی ئەو خاڵانەی پارتی دەیەوێ لە کاتی هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراقدا لەبەرچاو بگیرێن، خەسرۆ گۆران ڕوونی کردەوە: ئێمە زۆر خاڵمان هەیە و دەمانەوێ بەرچاوڕوونیمان هەبێت لە کاتی هەمواری پرۆژەکەدا، لەوانەش، هەژمارکردنی کۆرسی، واتە سیستەمی کۆرسی چۆن دەبێت لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، هەروەها دەنگدانی ئاوارەکان چوون دەکرێ، بەتایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی سنووری مادەی 140ی دەستووری عێراق، لەوێ خەڵکێکی زۆر ئاوارەیە و دەبێ چارەنووسیان بۆ دەنگدان دیار بێت.

ئا: قائید میرۆ



**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

دوازدەی ئایار ڕۆژێکی مێژوویییە لە خەباتی گەلی کوردستان. بە دریژایی مێژووی گەلەکەمان ڕۆژی تاڵ و ماتەمین و ڕۆژی شیرین و سەرکەوتن هەبووە. ئەمڕۆ یادی شەهیدکردنی لەیلا قاسم و لە هەمانکاتدا یادی داستانی هندرێنە کە سەرکەوتنێکی گەورەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە بەسەر هێزی پڕچەکی دوژمن لە 12ی ئایاری 1966دا.

دوژمن بە ناوی ئۆپەراسیۆنی (توکلت علی الله) پیلانی ئەوەی دانابوو کە ناوەندی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول بگرێت و بە هێز و چەکێکی یەکجار زۆرەوە لە 2ی5ی1966 پەلامارێکی بەرفراوانی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و سەرەتا توانی هەندێ شوێن بگرێت. بەڵام پێشمەرگەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و بە هاوکاری هێزەکانی حزبی شیوعی لە پلانێکی تۆکمەی دژهێرشدا لە 12ی5ی 1966پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند و لیواکانی یەک و سێ و چوار و پێنجی سوپای عێراق لە چیای هندرێن و زۆزک و گەرووی ئۆمەرئاغا و ئاکۆیان بە تەواوەتی تێکشکان و زیانێکی یەکجار زۆریان بەرکەوت.

لە کاتژمێری چواری پاشنیوەڕۆی ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ ئەو داستانە پڕ لە قارەمانێتییە بە دەستی پێشمەرگە قارەمانەکان تۆمار کرا و دوژمن و پەلامارەدەران بە چۆکدا هاتن و شۆڤێنی و شەڕخوازانی ئەو کاتی حکوومەتی عێراق تووشی شکست و سەرشۆڕی و شەرمەزاری هاتن.

داستانی هندرێن وانەیەکی باشە بۆ دوژمن و داگیرکاران کە ئەگەر بیانەوێ ئیرادەی میللەتی کورد تاقی بکەنەوە بەمشێوەیە تووشی شکست دێن بەڵام زۆر جاریش دەبینین کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و شۆڤێنییەکان دەرس لە مێژوو وەرناگرن، لەگەڵ ئەوەیشدا هەمیشە شکست و ڕیسواییان بۆ دەمێنێتەوە و سەرکەوتن بۆ میللەتی مەزلوومی کوردستانە.

لەو یادە پیرۆزەدا سڵاو بۆ شەهیدانی داستانی پڕشکۆی هندرێن و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادی..

**مسعود بارزانی**
**2019/5/12**

## تیرۆریستانی داعش سەرانە لە هاووڵاتییانی ناوچەی مەخموور وەردەگرن

چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش شەوانە سەرانە لە هاووڵاتییانی سنووری شاری مەخموور، وەردەگرن. ڕێبوار سالح، بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخستنی حزبی شیوعیی کوردستان لە مەخموور، ڕایگەیاند، چەکدرانی داعش دەستیان بە جموجۆڵ کردووە و بنکەی سەرکییان لە چیای قەرەچوغە. ڕێبوار سالح هەروەها ڕایگەیاند، کە لە گوندی عەلیاوە و ناوچەکانی قەراج و کەندیناوە چەکدارانی داعش بە شەو سەرانە لە خەڵکی وەردەگرن و داواشی لە خەڵکەکە کردووە، زەکات و سەرفیترەکانیان بدەنە داعش. هەروەک ئەو بەرپرسەی حزبی شیوعی ڕایگەیاند، لە ئەگەری ڕازی نەبوونی خەڵکی ناوچەکە بە دانی زەکاتەکانیان و سەرانە بە داعش، چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە هەڕەشەی سووتاندنی دەغڵودان و دەڕاسەی خەڵکیان کردووە. ڕێبوار سالح ئاماژەی بەوەش کرد، کە هاووڵاتییان گیریان خواردووە.

# سەرکۆماری ئێران: گوشاری دوژمنان لەسەر ئێران جەنگێکی تەواوەو لە مێژووی شۆڕشدا وێنەی نەبووە



سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی ڕایگەیاند کە ئەو گوشارە سیاسیی و ئابووریانەی دوژمنانیان کردوویانەتە سەر وڵاتەکەیان جەنگێکی تەواوە کە لە مێژووی شۆڕشدا وێنەی نەبووە. حەسەن ڕوحانی لە میانی کۆبوونەوەی لەگەڵ چالاکانی سیاسییدا لە تارانی پایتەخت، باسی لەو سزایانە کرد کە ئەمەریکا بەسەر ئێراندا سەپاندوویەتی.

سەرکۆماری ئێران باسی لەوە کرد کە ئەو ڕەوشەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی بوونەتەوە لەوەی لە جەنگی ئێران-عێراق لە ساڵانی 1980-1988 ڕووبەڕووی بوونەتەوە باشتر یان خراپتر نییە و گوتی: لە میانی جەنگدا لە هاوردەکردن، فرۆشتنی نەوت و سیستمی بانکی کێشەمان نەبوو. سزاکان تەنها پەیوەست بوون بە کڕینی چەک. حەسەن ڕوحانی باسی لەوە کرد کە سزاکانی ئەمەریکا بەسەر ئێراندا زۆر کاریگەرن و داوای کرد لە قۆناغی لەم شێوەیەدا هەموو ئۆرگانەکان یەک هەڵوێست بن و گوتی: گوشارە سیاسیی و ئابوورییەکانی دوژمنان بۆسەر ئێران جەنگێکە لە مێژووی شۆڕشدا وێنەی نەبووە. ئەو سنووردارکردنانەی دوژمن لە سیستمی بانکیدا دروستیکردووە کاریگەری هەیە لەسەر فرۆشتنی نەوت، پێترۆکیمیا، پۆلا و بەروبوومی کشتوکاڵی.

# سعوودیە.. لە ئۆپەراسیۆنێکی ئەمنییەوە ژمارەیەک داواکراوی تووندڕەو کوژران

لە ئۆپەراسیۆنێکی ئەمنییەدا لە پارێزگای قەتیف ڕۆژهەڵاتی سعوودیە، ژمارەیەک داواکراو کوژران. کەنالی عەرەبییە بڵاوی کردووەتەوە، لە ئۆپەراسیۆنێکی ئەمنییەدا لە شارۆچکەی تاروت سەر بە پارێزگای قەتیف ڕۆژهەڵاتی سعوودیە، ژمارەیەک داواکراو کوژران. جێی باسە لە ماوەی ڕابردوودا هێزە ئەمنییەکانی سعوودیە چەندین ئۆپەراسیۆنی ئەمنییان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات ئەنجامداوە و لە ئاکامییدا چەندین داواکراویان کوشتووە و ژمارەیەکیشیان دەستگیرکردووە.

## ڕەخنەی فەڕەنسا لە سیاسەتەکانی دۆنالد ترەمپ

# وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا: سیاسەتەکانی دۆنالد ترەمپ گرژی و ئاڵۆزی نێودەوڵەتی لێدەکەوێتەوە

وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا، جان ئیڤ لۆدریان ڕایگەیاند کە جیهان بە هۆی سیاسەتەکانی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ زیاتر ڕووبەڕووی مەترسی بووەتەوە و ئاماژەی بەوەشدا کە هەر بە هۆی سیاسەتەکانی دۆنالد ترەمپەوە، گرژی و ئاڵۆزی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕووەدات. جان ئیڤ لۆدریان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "Le Parisien" ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی دۆنالد ترەمپ گرتووە و گوتوویەتی: بە هۆی سیاسەتەکانی سەرۆکی ئەمەریکاوە جیهان زیاتر ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی بووەتەوە، ئەمە جگە لەوەی خەریکی بنەما سەرەکییەکانی ژیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەناودەچێت. وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا وەک ئاماژەیەک بۆ کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنەکەی پاریس تایبەت بە کەشوهەوا لە ساڵی 2017 داو لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران لە ساڵی 2018 دا گوتی: چێتیر دامەزراوە، پەیماننامەکان ڕێزگرتنی سنوور جێگەی ڕێزنین.

وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا، جان ئیڤ لۆدریان گوتیشی: هەندێک لە بڕی بانگەوازکردن بۆ بوونی پەیوەندی و هاوکاری باش لە نێوان وڵاتان، داوای فەڕەنسا لەبارەی ئێرانەوە، جان ئیڤ لۆدریان گوتی: پشتیوانی لە سازکردنی دانوستان دەکەین لەگەڵ ئێراندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەردەوام گرژی و ئاڵۆزیمان ڕەتکردووەتەوە. لە کۆتاییدا، وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا گوتی: جێگەی داخە کە ئەمەریکا پابەندی بەڵێنەکانی نابێت و لەسەر ئێرانیش پێویستە، نەرمونیانی نیشان بدات.

# لێژنەیەک بۆ هاوتاکردنی مووچەی شەهیدان و ئەنفالکراوان سەردانی بەغدا دەکات

سەرۆکی لێژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و ئەنفالکراوان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ، بۆ هاوتاکردنی مووچەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، پاش هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لێژنەیەکەیان سەردانی بەغدا دەکات. سەوسەن گەردی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە: هەفتەی رابردوو لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان کۆبوونەوە، پاش هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش سەردانی بەغدا دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئەو کێشانە چین کە ماون بۆ هاوتاکردنی مووچەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی، چونکە پێویستە قەرەبووی خەڵکی کوردستان بکرێتەوە، بۆیە لە بەغدا بەدواداچوونێکی ورد بۆ ئەو پرسە دەکەین، تا بە زووترین کات مووچەی شەهیدان هاوتای بەغدا بکرێت. سەرۆکی لێژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و ئەنفالکراوان دەشڵێ: دەمانەوێت لەگەڵ لێژنەی شەهیدان و دەزگای شەهیدانی عێراق هەماهەنگیی زیاتر دروست بکەین، تەنانەت لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش، بۆیە دەمانەوێت لە نزیکەوە ئاگاداری هەموو کێشەکان بین، کە پێویستە ژیان و گوزەرانی کەسوکاری شەهیدان خۆش بکرێت، بۆیە ئەوەی لە دەست ئێمە بێت، لە خزمەتی کەسوکاری شەهیدان، ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسیدا دەبین.

# جەعفەر شێخ مستەفا: سێ تیمی هاوپەیمانان لە وەزارەتی پێشمەرگەن بۆ یەکخستنەوەی هێزەکان



فەرماندەی یەکەی 70ی پێشمەرگە، رایگەیاند: سێ تیمی سەر بە ئەمەریکاییەکان و بەریتانی و ئەڵمانییەکان لە وەزارەتی پێشمەرگەن و کار بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن. جەعفەر شێخ مستەفا، فەرماندەی هێزەکانی 70ی پێشمەرگە، بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە: هەرێمی کوردستان پێویستە سوپایەکی یەکگرتووی هەبێت، بۆیە هەوڵی جدی بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لە ئارادایە.

گوتیشی: نەبوونی بوودجە و شەڕی داعش لەمپەڕ بوون لەبەردەم یەکخستنەوەی پێشمەرگە لە ڕابردوودا، بەڵام حکوومەتی تازەی هەرێم هەوڵی جدی بۆ ئەو مەبەستە دەدات.

جەعفەر شێخ مستەفا، ئاشکراشی کرد سێ تیمی ئەمەریکی و بەریتانی و ئەڵمانی لە وەزارەتی پێشمەرگە، بەرنامەیەکی تۆکمەیان بۆ یەکگرتنەوەی پێشمەرگە بە قۆناغ داڕشتووە. دەربارەی ئامانجی هاوپەیمانان لە هەوڵدان بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، جەعفەر شێخ مستەفا دەشڵێت: مادام هەرێمی کوردستان، حکوومەت و پەرلەمانی هەیە، ئەوان پێیانوایە دەبێت خاوەن سوپایەکی یەکگرتووش بین، بۆیە لەو ڕووەوە هاوکارمان دەبن. ئاماژەی بەوەشکرد، پێشتر 14 لیوای پێشمەرگە یەکخراوەتەوە، مادام بڕوامان بە حکوومەت و سەرەوری یاسا هەیە، دەبێت بڕوامان بە هەبوونی سوپایەکی یەکگرتووش هەبێت بۆ کوردستان.

# لەسەرەتای ئەمسالەوە ڕێژەی 65.9 لەسەدی بوودجەی بەکاربەری عێراق بۆ مووچە بووە




ئەندامی لێژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ماجیدە تەمیمی داتا و زانیاریی دارایی نوێی بڵاوکردەوە کە پەیوەستن بە ماوەی نێوان 1ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ تا کۆتایی مانگی نیسانی 2019 بەپێی ئەو پەرلەمانتارە، ڕێژەی بوودجەی بەکاربەر گەیشتووەتە 95 و پێوینت 7 لەسەد و لەو ڕێژەیە 65 و پێوینت 9 لەسەدا بۆ مووچەی فەرمانبەران بووە کە ئەوەش ڕێژەیەکی زۆرە. تەمیمی دەشڵێت داهاتە نانەوتییەکان کەمن و ئەمەش مەترسیی لەسەر عێراق دروست دەکات بەتایبەت لەکاتی گۆڕانکاریی لە نرخی نەوتدا.

ئەندامی لێژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ماجیدە تەمیمی لە ڕاگەیەنراوێکدا کە ئەمڕۆ شەممە بڵاویکردووەتەوە ئەوەی ڕاگەیاندووە: ڕێژەی بوودجەی وەبەرهێنان لەو ماوەیە بڕیتی بووە لە 4 و پێوینت 2 لەسەد و ڕێژەی داهاتە نەوتییەکان تیایدا 94 و پێوینت 5لەسەد و ڕێژەی داهاتە نا نەوتییەکان بڕیتی بووە لە 5 و پێوینت 4 لەسەد، ئەمەش دەریدەخات داهاتە نا نەوتییەکان زۆر کەمە و بوودجە بەگشتی دەخاتە بەردەم گۆڕانکارییەکانی نرخی نەوت. ماجیدە تەمیمی لەدرێژەی ڕاگەیەنراوەکەدا ڕایدەگەیەنێت: پێویستە پێداچوونەوە بەسەرجەم ئەو یاسایانە بکرێت کە لەپاش ساڵی 2003ـەوە پەسەندکراون بۆ ئەوەی چاوخشاندنەوە بە دادپەروەری لە دابەشکردنی داهاتەکان بکرێت، ئەوە سەرباری پالپشتییکردنی کەرتی تایبەت و ڕەخسادنی ژینگەی گونجاو بۆی بۆ ئەوەی گەشە بکات. ئەندامەکەی لێژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژەی بەوەشکردووە کە "بەرنامەی کاری حکوومەتی عێراق کە پالپشتیی ژینگەی وەبەرهێنان لەهەموو کەرتەکان دەکات و بەرەو ئابووریی بازاڕ دەچێت دەبێت وابێت و پشتیوانی لێ بکرێت.

# سەرۆک بارزانی پێشوازی لە خانەوادەی وەکیل مستەفایۆف دەکات

# هەرێمی کوردستان بە خوێنی شەهیدان دروست بووە و بە خوێنی شەهیدانیش دەپارێزرێت



دوێنێ یەکشەممە 5/12/2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە خانەوادە و کەسوکاری سیاسەتمەدار و سەرکردەی کوردانی قەفقاز خوالێخۆشبوو وەکیل مستەفایۆف کرد.

لە دیدارەکەدا سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی وەکیل مستەفایۆف سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆی بە خانەوادە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو گەیاند. سەرۆک بارزانی وەکیل مستەفایۆقی بە تێکۆشەرێکی گەورەی کورد و خودان هەڵوێست ناودێر کرد و ڕایگەیاند کە هەر کەسێک خزمەتی گەلی خۆی کردبێت و لەنێو دڵی میللەتەکەیدا بێت، ئەوە بۆ هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوە.

هەر لەو دیدارەدا خانەوادەی وەکیل مستەفایۆڤ سوپاسی سەرۆک بارزانی و حکوومەتی هەرێمیان کرد بۆ پێشوازیکردن و بایەخدان بە خوالێخۆشبوو و هەروەها بەخاک سپاردنی تەرمی مستەفایۆڤ لە کوردستان، کە خاکەکەی بە خوێنی شەهیدان ئاو دراوە. هەروەها سەرۆک بارزانی و هەرێمی کوردستانیان بە جێگەی ئومێد بۆ هەموو کوردانی جیهان وەسف کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارە سەرۆک بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان مالی هەموو کوردێکە و ئەو وڵاتە بە خوێنی شەهیدان دروست بووە و بە خوێنی شەهیدانیش دەپارێزرێت.

# دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرایەوە

# مونا قەهوەچی: سەرۆکی هەرێم بەدەنگدانی ئاشکرا هەڵدەبژێردرێت



دوێنێ یەکشەممە 12ی5ی2019 دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوەو بڕیاری خۆپاڵاوتنی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەرکرد، تۆمارکردنی کاندیدانی سەرۆکی هەرێمیش تا 15ی ئایار بەردەوام دەبێت. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ فراکسیۆن یان کەسایەتییەک ڕاینەگەیاندووە کە خۆی بۆ پۆستی هەرێمی کوردستان، کاندید دەکات.

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا دەرگای خۆپاڵاوتنی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردەوە کە لە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی دوێنێ 12ی ئایار تاوەکو هەمان کاتژمێر لە ڕۆژی 15ی ئایار بەردەوام دەبێت.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکەی دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەو دیدارە سیاسییەکانی بەهرەمەند بێت.

هەر دوێنێش سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، مونا نەبی قەهوەچی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە باڵەخانەی پەرلەمان ڕایگەیاند: ئەمڕۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بۆ ئەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکاتەوە کە لە پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت.

ناوبراو گوتیشی: بەپێی بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەمی یاسای کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و شێوازی هەڵبژاردنی دەستوور، دەرگای خۆپاڵاوتن ئەمڕۆ کرایەوە و چاوەڕوانین لە ئەمڕۆوە کاندیدەکان سی ڤی خۆیان پێشکەش بکەن و مەرجەکانیش دیاریکراوە.

سکرتێری پەرلەمانی کوردستان هەروەها گوتی: دوای تەواوبوونی ئەو سێ ڕۆژە، ئیدی ڕێککارە یاساییەکان دەگرینە بەر و دوای دوو ڕۆژ کە دەدرێتە دادگای تەمییز بۆ تانەلێدانی ئەو کەسانەی کە ناویان لە لیستی ناوی کاندیداندا ڕانەگەیەندرێت و دوای ئەوە بڕیاری دادگای تەمییز بڕیاری یەکلاییکەرەوە دەبێت. مونا قەهوەچی هەروەها ئەوەشی ڕاشیگەیاند کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بە دەنگدانی ئاشکرا دەبێت بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و گوتی: ئاواتەخوازین بەزووترین کات سی ڤی کاندیدەکان بگاتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی بەزووترین کات هەرێمی کوردستان ببێت بە خاوەن سەرۆک.

# حیشمەتوڵڵا فەلاحەت پیشە: تەرەمپ لە بەرەنگاربوونەوەی ئێران هیچ ستراتیژییەکی سەربازیی نییە



سەرۆکی کۆمسیۆنی ئاسایشی نیشتمانی و سیاسەتی دەرەوە لە پەرلەمانی ئێران، حیشمەتوڵڵا فەلاحەت پیشە ڕایگەیاند کە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەرەمپ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران، هیچ ستراتیژییەکی سەربازیی نییە.

فەلاحەت پیشە لە لێدوانێکیدا بۆ ڕاگەیاندنەکانی ئێران هەڵسەنگاندنی بۆ ئەو بانگهێشتەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەرەمپ کرد کە داوای لە سەرکردەکانی ئێران کردبوو پەیوەندی پێوە بکەن. فەلاحەت پیشە ئاماژەی بەوەشکرد کە ئیدارەی ئەمەریکا دوا کارتی خۆی لەبارەی سزادانی ئێران بەکارهێناوە و ڕاشیگەیاند کە کاری تەرەمپ تەنها ئابووریی و دەیەوێت بە گەمارۆ خستە سەر، ئێران بهێنێتە سەر مێزی دانوستان.

ڕاشیگەیاند کە تەرەمپ خۆی بە دوورەدگرێت لە باسکردنی بژاردەی سەربازیی لە نێوان ئەمەریکا و ئێران. لەمبارەیەوە گوتیشی: دۆناڵد تەرەمپ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران، هیچ ستراتیژییەکی سەربازیی نییە.

فەلاحەت پیشە ئاماژەی بەوەشکرد کە ناردنی کەشتی فڕۆکەهەڵگری ئەمەریکی بە ناوی ئەبراهام لینکۆڵن بۆ ناوچەکە بڕیاری هاوبەشی تەرەمپ و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا، جۆن بۆڵتن بووە. ناوبراو ئاماژەی بەوەشکرد کە بۆ ئەوەی ئێران نەبێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، ئەمەریکا دەیەوێت دانوستان بکات و لەمبارەیەشەوە تەرەمپ لە دوای گۆڕینی ڕێککەوتنی ئەتۆمی دایە. گوتیشی: لەوانەیە ئێران بۆ دانوستان مەرجی خۆی هەبێت. چونکە ئێمە دەوڵەتێکی گەورەین و دەوڵەتی گەورەش بڕیاری گەورە دەردەکات. جێی باسە دوای ئەوەی تەرەمپ داوای لە سەرکردەکانی ئێران کردبوو کە پەیوەندی پێوە بکەن، کۆشکی سپی ژمارەیەکی تەلەفۆنی بە دیپلۆماتکارانی سویسری دابوو بۆ ئەوەی تاران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەرۆکی ئەمەریکاوە بکەن.

# د. دیندار زێباری: حکوومەتی هەرێم بە یاسا هەموو جۆرە جیاکارییەکی ڕەگەزی و ئایینی و سیاسیی قەدەغەکردووە

## بەهۆی دۆخی ئارامی کوردستانەوە، کەمایەتییەکان سەربازی ئەوەی ناوچەکانیان ڕزگارکراوە، ناگەڕێنەوە بۆ شار و شارۆچکەکانی خۆیان

دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری کۆتایی ڕزگاربوانی دەستی داعشی تا 4ی ئاداری 2019بڵاوکردووەتەوە، کە 3371 کەس لەو ڕفێندراوانەی لە دەستی داعش ڕزگارکراون، بریتین لە 165 ئافرەت، 337 پیاو،967 مندالی کچ و 893مندالی کوڕ.

هەروەها زێباری ڕاشیگەیاندووە کە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان بە ڕوونی مافی پێکهاتەکانی تێدا پارێزراوە، وەک لە مادەی 6ی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا هاتووە لە کورد، تورکمان، عەرەب، کلدان، سریان، ئاشووری، ئەرمەن و هاوواڵتییانی دیکەی هەرێمی کوردستان، واتە پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە، وەک کەمایەتی سەیر نەکراون، بەڵکو بە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستانی دانراون، هەروەها هاتووشە کە ناکرێت ئەحکامی ئایینێکی دیاریکراو بەسەر پەیڕەوانی ئایینێکی دیکەدا بسەپێندرێت و پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکەی ناموسڵمان، وەک کریستیان و ئێزیدی، بۆیان هەیە ئەنجوومەنی ڕۆحانیی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن و پەیڕەوی حوکمی تایبەت بە خۆیان بکەن لە بابەتی باری کەسی، کە ئەمەش بە یاسایەک دیاری دەکرێت و لەلایەن دادگای باری کەسییەوە سەیر دەکرێت. د. دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێم لەبارەی کەمایەتییە ئاینییەکانەوە دەڵێت: حکوومەتی هەرێم بە یاسا هەموو چەشنە جیاکارییەکی لە بناغەی نەژاد، ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، پێگەی کۆمەڵایەتی، وڵاتینامە، بنەچە، ئایین، بیروباوەڕ، هزر، تەمەن، باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، یان کەمئەندامی قەدەغە کردووە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەپێ جیاوازی هەموو دەرگاکانی هەرێمی والاکردووە و تا ئێستا بە دەیان هەزار خێزانی مەسیحی، ئێزدی، تورکمان و عەرەب لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بۆ پاراستنی گیانی خۆیان ڕوویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کردووە و حکوومەتی هەرێمیش بەپێی توانا هەموو ئاسانکارییەکی بۆ کردوون و ئێستاش وەکو هەموو هاووڵاتییەکی دیکەی کوردستان ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەبێ هیچ فشارێک دەبەنەسەر.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێم لەبارەی کەمایەتییە ئایینییەکانەوە دەڵێت: حکوومەتی هەرێم بە یاسا هەموو چەشنە ئایینییەکانە دەدا بە خۆیان بەڕێوەببەن و ئەوانەی کە بە هۆی هێرشەکانی داعشەوە لە عێراق زیانیان بەرکەوتووە. بۆ نموونە، دوای داگیرکردنی شنگال لەلایەن داعشەوە ڕفێندران، لەوانە 3467 مێ و 2817 نێر، حکوومەتی هەرێم هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە بۆ ڕزگارکردنیان، لە ڕێککەوتی 25ی11ی 2014لیژنەیەکی دامەزراند بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوون لە کەیسی ئافرەتە ئێزدییە ڕفێندراوەکان و بوودجەیەکی تایبەتی تەرخانکردووە بۆ ئازادکردنیان، بۆ ئەم مەبەستەش بڕێک پارەی بۆ ئەو کەسانە تەرخانکردووە کە هەر ئافرەتێک ئازاد دەکەن، یان بە زانیاری یارمەتیی ئازادکردنیان بدەن. دوای گەڕانەوەشیان حکوومەت هەموو ئامادەکارییەک دەکات بۆ حەواندنەوەیان.

بە هەوڵەکانی حکوومەت تا ڕێکەوتی 4ی ئاداری 2019، 3371 کەس، لەوانە 1165 ئافرەت و 337 پیاو، 967منداڵی کچ و 893 منداڵی کوڕ لە دەستی داعش ڕزگار کراون و هەوڵەکانیش بەردەوامن بۆ ڕزگارکردنی ئەوانەی لە دەست داعش ماون، هەروەها بە هاوکاریی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناحکوومیەکان کار دەکات بۆ ڕزگارکردنی ئەو ئافرەت و منداڵانەی کە تا ئێستا چارەنوسیان دیار نییە.

هەروەها دیندار زێباری ڕاشیگەیاندووە: پێکهاتە ئاینییەکانی کوردستان بە ئازادی یادی جەژن و بۆنەکانیان دەکەن و یادەکانیان بە جەژنی ڕسمی و پشوو دادەندرێت لە هەرێم، وەک جەژنی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح و جەژنی چوارشەمەی سووری ئێزیدییەکان و چەندین جەژن و بۆنەی دیکە.

پەیوەست، بەلایەنی کولتووریش، حکوومەتی هەرێم پالپشتی دارایی ژمارەیەک ناوەندی ڕۆشنبیری، تیپی هونەریی تورکمانی، کلدانی، ئاشووری، ئێزیدی، لەلایەن وەزارەتەوە کراوە، لە ڕێگای هاریکاریکردنیان و گرنگیدان بە دابونەریت و کەلەپووری دێرینیان، وەک دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی مۆزەخانەی سریانی و چاپکردنی سەدان کتێب بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، سریانی، تورکمانی.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێم ڕاشیگەیاندووە: ئەگەرچی زۆرێک لە کەمایەتییەکان ناوچەکانیان ڕزگارکراوە، بەڵام ناگەڕێنەوە بۆ شار و شارۆچکەکانی خۆیان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئەمنی و پارێزراوبوونی ژیانی کەمایەتییە ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان. لە شنگال پاش هاتنی حەشدی شەعبی و هەروەها بوونی پەکەکە و دروستبوونی شەڕ و پێکدادان لەو ناوچەیە، نزیکەی 800 خێزان گەڕاونەتەوە کەمپەکانی دهۆک. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کەمپەکان لەلایەن پۆلیس و ئاسایشەوە پارێزراون و تا ئێستا هیچ مەترسییەک لەسەر ژیانی ئاوارەکان و کەمایەتییەکان نییە. سەبارەت بە شێوازی مامەڵە کردنی هێزەکانی پێشمەرگە پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە هیچ مامەڵەی خراپ لەگەڵ کەمایەتییە ئاینییەکان.



## ڕۆژنامەی هائارێتسی ئیسرائیلی:

## ئێران ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرەو جەنگێکی گەورە پەلکێش دەکات

ڕۆژنامەی هائارێتس ئیسرائیلی ڕایگەیاندووە کە دۆخەکە لەکەنداو لەنێوان ئەمەریکا و ئێران بەرەو بارگرژی زیاتر دەڕوات. مالپەڕی بەغداد ئەلیەوم کە لە ڕۆژنامەی هائارێتسی گواستۆتەوە، دەڵێت: ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەشتی فڕۆکە هەڵگری ئەبراهام لینکۆڵنی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕەوانەی کەنداو کردووەو ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی ئێرانیش چاوەڕوانکراوەو هاوکاتیش سوپای ئێران لەئامادەباشی دایە. دەشڵێت: لە ئێستادا ئەمەریکا و ئێران لە کەنداو لە لێوارێ پێکدادان و بوونی هێزەکانی سەر بەئێرانیش لە سوریا و عێراق، لەوانەیە ببێتە هۆی دەستپێکردنی چەند هێرشێکی لەناو بۆ سەر هێزەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە. ڕۆژنامەکە ڕوونیشیکردۆتەوە کە ئەنجامدانی ئەم هێرشانە بۆ سەر هێزەکانی ئەمەریکا، سەر بۆ جەنگێکی بەرفراوان لەگەڵ ئێران لە کەنداو ڕادەکێشێ.



## بانگەوازی دۆناڵد ترەمپ بۆ چین لە بارەی ڕێککەوتنی بازرگانی

سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ بانگەوازی لە پەکین کرد کە بەرلەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ساڵی 2020دا بەڕێوەبچێت، ڕێککەوتنێکی بازرگانی لەگەڵ واشنتۆندا، واژوو بکات. دۆناڵد ترەمپ لە هەژمارەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر نووسیوویەتی: لە دانوستانەکانی ئەم دواییدا، چین تووشی گورزێکی توند هات. سەرۆکی ئەمریکا ئەوەشی نووسیوە: چین چاوەڕوانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ولاتەکەمانن بۆ ئەوەی بزانن ئایە، دیموکراتەکان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن یان نا. دۆناڵد ترەمپ ئەوەشی وەبیرهێناوەتەوە کە لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، مەرجی وڵاتەکەی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی بازرگانی قورستر دەبێت و نووسیویەتی: ئەوان باش دەزانن کە من لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا سەردەکەوم، بۆ وڵاتی چین ئێستا باشترە کە ڕێککەوتنێکی بازرگانیمان لەگەڵدا واژوو بکات. جێی باسە ڕۆژی هەینی ڕابردوو بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ لەبارەی زیادکردنی باجی گومرگی بەسەر کەلوپەلە هاوردەکراوەکانی چین، چووە واری جێبەجێکردنەوە. بەپێی بڕیارەکەش، باجی گومرگی ئەمریکا لەسەر کەلوپەلە هاوردەکراوەکانی چین لە 10 بۆ 25 لەسەدا زیاد دەکات. ئەم بڕیارەی دۆناڵد ترەمپ بێ کاردانەوە نەبوو و لەبەرامبەردا چین ڕایگەیاند کە بەهەمان شێوەی باج لەسەر کەلوپەلە هاوردەکراوەکانی ئەمریکادا زیاد دەکات.

## پێنجەم ڕەمەزان لە کەمپەکاندا...

## هێشتا ئاوارەی نێوخۆیی لە عێراقدا بوونیان هەیە

**خەبات: کەنعان بەهادین:** ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان UNHCR ڕایگەیاند کە پتر لە پێنج ملیۆن ئاوارەی نێوخۆیی لە شار و شارۆچکەکانی عێراق بوونیان هەبوو، کە بەهۆی هێرشەکانی داعش و جەنگە نێوخۆییەکانی تایفی و مەزهەبی خەڵک پێگەو شوێنی خۆیانیان جێهێشت. UNHCR لە دوایین ڕاپۆرتەکانی بڵاوی کردۆتەوە، لەو ژمارەیە 3ملیۆنی گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان، بەڵام ملیۆن و نیوێک لە پارێزگاکانی هەرێم هێشتا بوونیان هەیە و ناتوانن بگەڕێنەوە شارو ناوچەکانی خۆیان. لە کۆی ئەم ئاوارانە، ئاوارەکانی ئەنبار و پارێزگای سەلاحەدین گەڕاونەتەوە ، هەمان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئاماژەی بەوە کردووە کە نیوەی زیاتری ئەو ئاوارانە گەڕاونەتەوە شارو شارۆچەکانی خۆیان، بەهۆی لاوازی ڕێکخراوی داعشیش گەڕانەوە بەردەوامی هەیە، هەروەها هەوڵدان بۆ جێهێشتنی سوپا تایفییەکانی عێراق لەو ناوچانە خەڵک زیاتر هان دەدات کە بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان.



## بەهۆی ڕەخنەگرتن لە سەرۆک کۆماری تورکیا، ڕۆژنامەنووسێکی تورکیا خەڵتانی خوێن کرا



باسنیوز/ دوێنێ شەممە 2019/5/11 ڕۆژنامەی (یەنیسای)ی تورکی هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا ڕایگەیاندووە، شەش کەس بە داری یاریی بەیسبۆڵ لە یاقوز سەلیم دەیمیراغ، نووسەر و ڕۆژنامەنووسیان داوە و خەڵتانی خوێنیان کردووە. هەروەک ڕۆژنامەکە بڵاوی کردووەتەوە، یاقوز سەلیم دەیمیراغ لە کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی ڕەخنەی لە ڕەجەب تەییب ئەردۆغان گرتووە بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانیی ئیستەنبوڵ. جێی باسە ڕەجەب تەییب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیا، کە هاوکات سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە)ی دەسەڵاتدارییشە، سوور بوو لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە و دواجار کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی تورکیا لە ڕۆژی 2019/5/6 هەڵبژاردنی ئیستەنبوڵی هەڵوەشاندەوە و ڕایگەیاند، ڕۆژی 23ی مانگی حوزەیران، هەڵبژاردنی شارەوانیی ئیستەنبول دووبارە دەکرێتەوە.

## بنیاتنانەوەی دەروازیەکی سنووری نێوان کوێت و عێراق

دەستەی دەروازە سنووریییەکانی عێراق ڕایگەیاند کە بەغدا و کوێت ڕێککەوتوون لەسەر بنیاتنانەوەی دەروازەی سنووری سەفوان نێوان هەردوو وڵات و ئامادەی بەوەشدا کە پارە بۆ پڕۆسەی بنیاتنانەوەی دەروازەکە لە لایەن کوێتەوە خەرج دەکرێت. دەروازەی سنووری سەفوان بە تاکە دەروازەی سنووری وشکانیی نێوان کوێت و عێراق دادەنرێت. لە ڕاگەیەندراوێکی دەستەی دەروازە سنووریییەکانی عێراقدا هاتووە "بەم زووانە یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن بۆ بنیاتنانەوەی دەروازەی سنووری سەفوان واژوو دەکرێت و لە چوارچێوەی یاداشتانەمەکەدا، پابەندبوونەکانی هەردوولا سەبارەت بە کارکردن لە دەروازەی سنووری سەفوان دیاری دەکرێت. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی شەمە شاندێکی بااڵی عێراق بە سەرۆکایەتی وەزیری دەرەوە، محەمەد عەلی حەکیم بەسەردانێک گەیشتە کوێت.

## بلومبێرگ: هەناردەی نەوتی ئێران لە گەڕووی هۆرمزەوە بەتەواوی وەستاوەو هیچ بڕە نەوتێک ناڕواتە دەرەوە

ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویانکردەوە بەهۆی فشارەکانی ئەمەریکاوە هەناردەی نەوتی ئێران بەتەواوی وەستاوە. ئاژانسی بلومبێرگ ڕایگەیاندووە، بەتەواوەتی نەوتی ئێران لە گەڕووی هۆرمزەوە وەستاوەو هیچ بڕە نەوتێک ناڕواتە دەرەوە. ئاماژەی بەوەشکرد، ئەوەی ئەمریکا دەیویست لە گەیاندنی هەناردەی نەوتی ئێران بە سفر بەدیهاتووە. ئاژانسەکە ڕوونیشی کردۆتەوە، چەند ڕۆژێکە ئێران هیچ کەشتییەکی نەوتهەڵگری ڕەوانەی وڵاتان نەکردووە چونکە هیچ وڵاتێک ئامادە نییە ببکرێت تەنانەت چینیش.



# ماددە هۆشبەرەکان هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکەن

## بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکان بە زیندانی هەتاهەتایی یان لەسێدارەدان سزا دەدرێن



خەشخاش و ماریجوانا بەرهەم دەهێندرێت و **12** ملیۆن کەسیش لەرێگەی دەرزییەوە ماددە هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن، کە ئەوەیان بە گواستنەوەی ڤایرۆسی ئێدزیشەوە پەیوەستە.

ڕێکخراوی **UNODC** هەر لەو ڕاپۆرتەیدا بۆ هەمان ساڵی **2017** باس لەوەش دەکات کە دوو ملیۆن کەس بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوە هەڵگری ڤایرۆسی ئێدزن و ساڵانەش **60** هەزار کەس بەهۆی تووشبوون بە ئێدز گیان لەدەست دەدەن. هاوکات لەگەڵ ئەم ئامارەدا ڕێکخراوەکە باس لە بەرهەمهێنانی ماددەی هۆشبەرەکانیش دەکات و دەڵێت: لە ساڵی **2015**دا **7500** تەن حەشیش و بەرهەم هاتوون، کە هەندێکجار بەهۆی بازرگانیکردن یاخود لە ناگاییی کارمەندانی تەندروستی و دەرمانسازەکانەوە ئەم ماددانە گەیشتوونەتە دەستی بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکان و بەگوتەی ئێکخراوەکە کەڵکی خراپیان لێ وەرگیراوە.

هەر بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی UNODC ڕێژەی بەکارهێنەری ماددە هۆشبەرەکان لە ئەفغانستان گەیشتۆتە **12%**ی دانیشتووان، کە **9%**ی ئەو بەکارهێنەرانە بە منداڵ هەژمار دەکرێن و نەگەیشتوونەتە تەمەنی **18** ساڵییەوە، حەشیش و هیرۆیین و ئەفیون لە زۆرترین ئەو ماددانەن لەم ولاتە بەرهەم دەهێندرێت و بەکاردێت، لە ئێران ڕێژەکە کەمێک نزمتر دەبێتەوە بۆ **4%**ی کۆی دانیشتووان و کریستاڵ و بەرهەمهێنانی ماددە هۆشبەرەکانیش دەکات و دەڵێت: لە ساڵی **2015**دا **900** تەن حەشیش و ئەفیون زۆرترین بەکارهێنەری هەیە و لە ساڵی **2017**شدا بەهۆی زیاد بەکارهێنانی ئەو ماددە هۆشبەرانەوە لە ئێران **3000** کەس لە هەمان کاتی بەکارهێناندا گیانیان لەدەست داوە. بەپێی نوێترین زانیاریش کە دوێنێ ئاژانسی ئەنادۆڵو بڵاویکردۆتەوە ئێوارەی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو لە پارێزگای سیستان و بەلوچستان لە باشووری خۆرهەڵاتی ئێران سەر سنووری پاکستان، دوو تەن و **605** کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر دەستی بەسەردا گیرا.

بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای سیستان و بەلوچستان، محەممەد کانبەری لە لێدوانێکیدا بۆ میدیای فەرمی ئێران، باسی لەوە کرد لە ئۆپەراسیۆنێکیاندا لە شارۆچکەی سەراڤان دەستیان بەسەر دوو تەن و **605** کیلۆگرام ماددەی هۆشبەردا گرتووە.

بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان لە ولاتانی جیهاندا سزای جیاوازی لەسەرە، بەڵام کەمترین سزا بەندکردنی هەتا هەتاییە و لە زۆربنەی ئەو ولاتانەیش کە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان تیایاندا بەرکارە، بازرگانیکردن و دابەشکردنی ماددە هۆشبەرەکان بە سزای لەسێدارەدان حوکم دەدرێن و سزاکە جێبەجێش دەکرێت، لەوانەیش هەریەک لە بەرازیل و سعودیە و سەنگافورە و مالیزیا و ئیندۆنیسیا. هیومان رایتس ووچ ئاشکرای کردووە لە ساڵی **2018**دا

## لەسەرتاسەری جیهاندا 183 ملیۆن کەس ئاڵوودەی ماددە هۆشبەرەکانن

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵانە ئاماری ورد و گشتگیر سەبارەت بە ماددە هۆشبەرەکان بڵاودەکاتەوە و بەبەردەوامیش هۆشداری دەدات لەوەی ڕۆژبەڕۆژ بەکارهێنەری ئەو ماددانە لەزیادبوونداں. لەریزبەندی ئەو ولاتانەیش کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەیانخاتە لیستی ئەوانەی بە بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەری سەرەکی ماددە هۆشبەرەکان دادەنرێن،: بەرازیل و کۆلۆمبیا و ئەفغانستان و مەکسیک و ئێران و میسر و بۆلیڤیا و میانمار و سعودیە و پیرۆ و تونس و مەغریبی عەرەبی هەن. هاوکات هەریەک لە سوریا و عیراق بەهۆی هاوسنووربوونیان لەگەڵ ئێران لە ئێستادا وەک ڕێڕەوێک بۆ بازرگانیکردن و گواستنەوەی ماددە هۆشبەرەکان دادەنرێن.

**بەدواداچوون: سەردار حوسێن**

ئاژانسەکانی هەواڵ بەردەوام ئەو ئامار و داتایانە بڵاو دەکەنەوە، کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان تۆڕێنەوەو بەدواداچوون سەبارەت بە ماددە هۆشبەرەکان و ڕێژەی بەکارهێنەران و بازرگانیکردن پێیەوە ئاماددە دەکەن.

ماددە هۆشبەرەکان بەچەندین قۆناغدا تێپەڕ دەبن و سەرەتا بە بەرهەمهێنان دەست پێدەکەن و دواتر ئامادەکردن و هاوردەکردن و بازرگانی پێوەکردن و بەکارهێنان، کۆتایییەکەشی بە دەستگیرکردنی بەکارهێنەر و بڕۆ بازرگان و هەناردەکارەکانیش کەمترین سزا بەندکردنی هەتاهەتایی و زۆرترینیشی بە جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان کۆتایی دێت.

بەپێی هەندێک لەو ئامارە مەترسیدارانەی ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بڵاویان کردۆتەوە، ئاماژەی ترسناک هەن. بەپێی تۆڕێنەوەیەکی ملیۆن کەس ئەمیفیتامین و ماددە چالاککەرەکان بەئاگاداری و ڕێنمایی پزیشکی بەکاردەهێنن، بەڵام لە هەموو ئەو ژمارانەیش مەترسیدارتر **183** ملیۆن کەس لەسەرتاسەری جیهاندا ئەو ماددە هۆشبەرانە بەکاردەهێنن کە لە ڕووەکی مەیدانی UNODC لەساڵی **2017**دا **17** ملیۆن کەس بەکارهێنەری کۆکایین و **18** ملیۆن کەس بەکارهێنەری مۆرفین و هیرۆین و کۆدین هەن، هەروەهاش **22**ملیۆن کەس ئۆکستاسی و **35**ملیۆن کەس ئەو مادانە بەکار دەهێنن کە مۆرفینیان تیایەو **37** ملیۆن کەس ئەو ماددانەن لەم ساڵانەی دوایدا بەهۆی زیاد بەکارهێنانی ئەو ماددە هۆشبەرانەوە تووشی نەخۆشی و لەژێر چاودێری ڕێکخراوە تەندروستییە جیهانییەکان دابن.



**بەپێی ڕاپۆرتێکی UNODC**
**ڕێژەی بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکان لە ئەفغانستان گەیشتۆتە 12٪ی دانیشتووان و 9٪ی ئەو بەکارهێنەرانە منداڵن**

## ئێران بەکشانەوەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی یاری بە ئاگر دەکات

### ئەمەریکاو ئەورووپا لەدژی بڕیارەکەی ئێران دەوەستنەوە



حەسەن ڕۆحانی سەرکۆماری ئێران، لە یەکەم ساڵڕۆژی هاتنە دەرەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی، ئاشکرای کرد دوو مانگ دەرفەت بە پێنج ولاتی دیکە دەدەین، کە بگەڕێنەوە سەر مێزی دانوستان. سەرکۆماری ئێران کە ڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوو **2019/5/8** لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی ولاتەکەی قسەی دەکرد گوتی: ئەگەر ئەو پێنج ولاتە لە ماوەی دوو مانگدا بگەڕێنەوە سەر مێزی دانوستان و ئێمەش بگەینە قازانجی خۆمان، ئەوکات پابەندی ڕێککەوتنەکە دەبین. لە کاردانەوەکاندا بەریتانیا نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە کشانەوەی ئێران لە بەشێکی ڕێککەوتنی ناووکی دەربڕی و هۆشداری دایە تاران. ماریک فیلد، وەزیری دەوڵەت لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە بەردەم ئەنجومەنی گشتیی ولاتەکەی ڕایگەیاند، بەیاننامەکەی ئێران هەنگاوێکی پێشوازیی لێ نەکراوە. گوتیشی: لەم قۆناغەدا باس لە سەپاندنی سزای نوێ بەسەر ئێراندا ناکەین. بەڵام پێویستە ئەوە لەبیر نەکرێت، کە لابردنی سزاکانی سەر ئێران بەرامبەر بە پابەندبوونی ئێرانە لە بواری ناووکی.

لە **8**ی ئایار/ مایۆی **2018**دا، ئەمەریکا یەکلایەنە لە ڕێککەوتنی ناوەکی ئێران و ولاتانی پێنج کۆ یەک پاشەکشەی کرد و سزای نوێی بەسەر ئێراندا سەپاند. لە کاردانەوەیدا، ئەمڕۆ تاران ڕایگەیاند، چیدیکە پابەندی بەشێکی ئەو ڕێککەوتننامەیە نابێت.

ڕۆحانی گوتیشی: ئەوانەی دژی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بوون، دژبەری حکوومەتیشن، واتە دوژمنانی ئێران، واتە توندڕەوەکانی ئەمریکا، ئیسرائیل و سەرەڕۆکانی ناوچەکە لەگەڵ ئەم ڕێککەوتنە نەبوون، واتە ئەوانەی دژی بەرجام بوون، لە بنەڕەتدا دژبەری ئێران بوون. سەرکۆماری ئێران لەبارەی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ولاتەکەی گوتی: ئەمڕۆ ئێمە هەر پێنج ولات ئاگادار دەکەینەوە ئەو دووکارەی کە پێشتر ئەنجاممان دەدا، وەلای دەنێین کە ئەویش فرۆشتنی ئۆرانیۆمی پیتێندراو و ئاوی قورسە و بە فەرمی ڕای دەگرین.

**نیگەرانیەکانی بەریتانیا**

بەریتانیا نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە کشانەوەی ئێران لە بەشێکی ڕێککەوتنی ناووکی دەربڕی و هۆشداری دایە تاران. ماریک فیلد، وەزیری دەوڵەت لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە بەردەم ئەنجومەنی گشتیی ولاتەکەی ڕایگەیاند، بەیاننامەکەی ئێران هەنگاوێکی پێشوازیی لێ نەکراوە. گوتیشی: لەم قۆناغەدا باس لە سەپاندنی سزای نوێ بەسەر ئێراندا ناکەین. بەڵام پێویستە ئەوە لەبیر نەکرێت، کە لابردنی سزاکانی سەر ئێران بەرامبەر بە پابەندبوونی ئێرانە لە بواری ناووکی.

**هەڕەشەکانی ئیسرائیل**

بێنیامین نەتەنیاهو، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل دووپاتی کردەوە، ولاتەکەی ڕێگا نادات ئێران چەکی ئەتۆمی بەدەست بهێنێت. پاش ئەوەی ڕۆژی چوارشەمە **2019/05/08** حەسەن ڕۆحانی، سەرۆکۆماری ئیسلامی ئێران ڕایگەیاند، ئەگەر داواکارییەکانی ئێران جێبەجێ نەکرێن، ولاتەکەی لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی بە تەواوی دەکشێتەوە و دەست بە پیتاندنی یۆرانیۆم دەکات. بە گوێرەی هەواڵێکی سایتی ئار تی ڕووسی، لە دوای هەڕەشەکانی ڕۆحانی، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاندووە: ئەم بەیانییە، گوێم لێ بوو ئێران دەیەوێت پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی دەست پێ بکاتەوە. ئێمە ڕێگا نادەین ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی. دەشڵێت: ئێمە لە جەنگ دژی ئەوانە بەردەوام دەبین، کە دەیانەوێت بمانکوژن.

**هەڵوێستی فەڕەنسا**

چەند سەرچاوەیەک لە سەرۆکایەتیی فەڕەنسا دووپاتیان کردەوە، ئەگەر ئێران لەو ڕێککەوتنە بکشێتەوە، کە لە ساڵی **2015** لەگەڵ گرووپی ولاتانی **5+1** واژۆی کردووە، ولاتانی ئەورووپا سزاکانیان بۆ سەر ئێران دەگەڕێننەوە. ژمارەیەک بەرپرسی فەڕەنسی، کە ئامادە بە ناوەکانیان نەکراوە، بە ئاژانسی هەوالدەری ڕۆیتەرزیان ڕاگەیاندووە: ئێمە نامانەوێت سبەی تاران بپیاری خۆی بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ڕابگەیەنێت، چونکە ئەو کات ئێمە و تەواوی ولاتانی ئەورووپاش ناچار دەبین بە گوێرەی مەرجەکانی ناو ڕێککەوتنەکە، سزاکانی سەر ئێران بگەڕێننەوە.

ئەو بەرپرسانە ئاماژەیان بەوەش داوە، بەو هەنگاوە ئێران دەکەوێتە بەردەم وەڵامدانەوەیەکی بە کۆمەڵی ئەورووپا، بەڵام تائێستا نەزانراوە وەڵامەکە چی دەبێت، ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەو بپیارەی کە چاوەڕێ دەکرێت تاران سبەی ڕایبگەیەنێت، دووپاتیشیان کردووەتەوە، ولاتانی ئەورووپا ئامادەکاریی بۆ تەواوی سیناریۆکان دەکەن. لە لایەکی دیکەوە بەرپرسێکی دیکەی فەڕەنسا گوتی: ولاتانی ئەورووپا نایانەوێت دۆخەکە بەو ئاستە بگات، بەڵام دەیانەوێت ئێران پابەندی بەڵێنەکانی بێت، ئەمەش کۆڕکی ئەو پەیامەیە کە ولاتانی ئەورووپا ناراستەی هەریەک لە تاران و واشنتنیان کردووە.

# بەرپرسی لقی 16 لە سنووری هەردوو ناوچەی تارین و خانزاد سەردانی ژمارەیەک لە هاونیشتمانیانی کرد



لە بەردەوامی سەردان و بەسەرکردنەوەی هاونیشتمانیان لە دەڤەرە جیاجیاکانی سنوورەکە بە مەبەستی ئاگادارییوون لەژیان و گوزەران و کێشە و گیروگرفتی هاوواڵتیان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری تەیب زرار و چیا محەمەد هەرکی کارگێڕانی لق و مامۆستا سەروان بەرپرسی لێژنە ناوچەی و نەوزاد عەریف شێخە بەرپرسی لێژنە ناوچەی خانزاد سەردانی هەریەکە لە سالح مەجیدو مام ساییر کۆلەکی و موقەدەم ماهیر تاهیر هەرکی و حاجی سیسکە نیعمەت هەرکی و حاجی حەمەدەمین هەرکی و ئیبراهیم بایز خەیلانی و حاجی ڕەشید مستەفا هەرکی کرد.

لەمیانی سەردانەکانیدا بەرپرسی لقی16ی هەولێر، وێڕای هەواڵپرسین لەباری تەندروستی و ژیان و گوزەرانی ئەو هاونیشتمانیانە بە وردی لە کێشە و گیروگرفت و پێداویستییەکانی هاوواڵتیانی سنوورەکانیانی کۆڵییەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ تەواوی ئەو گیروگرفتانەی بوونەتە لەمپەر لەبەردەم خۆشگوزەرانی هاوواڵتیاندا و هاونیشتمانیانی دەڤەرەکەش چەندین سەرنج و پێشنیازیان خستەبەردەم بەرپرسی لقی16ی هەولێر، کە بە چارەسەرکردنیان بۆ هاوواڵتیانی ناوچەکە دەبێت و بەشێکی زۆر لە کێشە و گیروگرفتەکان چارەسەردەبن.

دواتر بڵند ئیسماعیل ئاماژەیی خۆی و لقی16ی دەربڕی، کە بە هاوکاری و هاوئەندێتی هەموو لایەنەکان هەوڵ دەدرێت بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی ئەو کێشانەی هاووڵاتیان هەیانە.

# جووتیارانی مەخموور ترسیان لە داعش گەیاندە پەرلەمان



شاندێک لە جووتیارانی مەخموور و ژمارەیەک پارێزەری خۆبەخش داوا دەکەن خەڵکی ناوچەکەیان بەگشتی و جووتیاران بەتایبەت لە مەترسییەکانی چەکدارانی داعش کە جموجۆڵییان لەو ناوچەیە هەیە بپارێزرێن، بۆ ئەو مەبەستەش دوێنێ ئەو شاندە سەردانی دوو لێژنەی پەرلەمانی کوردستان دەکرد.

لەوبارەیەوە نوێنەری پارێزەرانی خۆبەخش، گۆران دیبەگەیی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند: چەکدارانی داعش لە سنووری مەخموور و قەراج و دیبەگە هەن و مەترسییان لەسەر ژیانی خەڵک بەتایبەت جووتیاران دروستکردووە، بۆ ئەو مەبەستەش یاداشتێکمان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان بەتایبەت لێژنەی مافدەی 140 و لێژنەی کشتوکاڵ کرد و داواکارین کە ژمارەی ئاگرگوژێنەوە لەو ناوچەیە کە وەرزی دروێنە زیاتر بکرێت، هەروەها پێویستمان بە هێزی زیاتری پێشمەرگەیە بۆ ئەو سنوورە بۆ ئەوەی ئەو مەترسییانە نەهێڵدرێت.

ئەندامی لێژنەی کشتوکاڵ لە پەرلەمانی کوردستان، عوسمان کانی کوردەیی لە لێدوانێکدا لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا گوتی: هەستمان بە ناخۆشی و ئەو مەینەتییانەی هاووڵاتییانی سنووری مەخموور و ناوچەکانی دەوروبەر دەبێتەوە، پێشتر خەڵکی ئەو ناوچانە کێشەی هەرێم و عێراقییان هەبوو، ئێستا مەترسیی تیرۆریستانی داعشییان هاتووتە سەر، بۆیە لەمنزیکانە سەردانی ئەو شوێنانە دەکەین بۆ لە نزیگەوە ئاگادارببوونی زیاتر لە ڕەوشی خەڵک. ئەو گوتیشی: بەداخەوە کەمتەرخەمییەکی زۆر لە لایەن هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە و داعشیش دەستیکردووە بەجوڵە و ئەمەش نیگەرانیی خەڵکی لێ کەوتووەتەوە، خەڵکی ئەم ناوچەیە دووهەفتەیان پێویستە بۆ ئەوەی بەروبومەکانی خۆیان بچنێوە و بڕیار دەدرێت لەوەی لێژنەیەک دروست بکرێت بۆ کڕینی گەنمی جووتیاران و زووداینی پارەکانیان و لێژنەکە سەردانی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم و بەغداش بۆ ئەو مەبەستە دەکات.

# کاتی کردنەوەی بەشی سێیەمی شەقامی 120 مەتریی هەولێر ئاشکرا دەکرێت



بەڕێوەبەری پڕۆژەی 120 مەتریی هەولێر کاتی کردنەوەی بەشی سێیەمی شەقامەکە ئاشکرا دەکات. سەفین سابیر، بەڕێوەبەری پڕۆژەی 120 مەتریی هەولێر بۆ باسنیوز گوتی: ڕۆژێک پێش جەژنی ڕەمەزان نۆ کیلۆمەتر لە شەقامی 120 مەتری دەکرێتەوە، کە دەکەوێتەوە نێوان ڕێگای کۆیە نزیک ماجیدی مۆڵ بۆ ڕێگای کەرکووک، دوای ئەوەش نۆ کیلۆمەتری دیکە دەمێنێت، کە ڕێگای کەرکووکە بۆ دەڕەوەی شار. گوتیشی: لە هەندێک شوێنی پڕۆژەکە داری واشنتۆن و لە هەندێک شوێنی دیکە بەردی جوانکاری بۆ دادەنرێت.

# ئاگرین عەبدوڵڵا: داوای پارەمان بۆ تەواوکردنی 10 هەزار شوقە کردووە



ماوەی چەند ساڵێکە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە پڕۆژەی نیشتەجێبوون کردووە بۆ خەڵکی کەمدەرامەت، بەرپرسێکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنیش دەڵێ: داوای دابینکردنی پارەیان بۆ تەواوکردنی نزیکەی 10 هەزار شوقە کردووە.

ئاگرین عەبدوڵڵا، بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ کاروباری نیشتەجێبوون، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: پێش هاتنی قەیرانی دارایی، بەپێی یاسا لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە دەست بە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون کرا و لەو چوارچێوەیەدا دەست بە دروستکردنی نۆ هەزار و 420 شوقە کرا، تا بەسەر خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشیندا دابەش بکرێن.

بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەشڵێت: دوای دەستپێکردنی قەیرانی دارایی، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا خانوو یان شوقە بۆ خانەوادەی سەربەزی شەهیدانی شەڕی داعش دابین بکرێت، لەبەر ئەوەش بەشێک لەو یەکانەی وەزارەت بەسەر کەسوکاری سەربەرزی شەهیداندا دابەش دەکرێن.

ئاگرین عەبدوڵڵا ئاشکراشی کرد: کارکردن لە تەواوکردنی ئەو یەکانەی وەزارەت وەستاوە بە هۆی قەیرانی دارایی و تەنیا لە هەندێ شوێن کارکردن بەردەوامە، ئەویش ژمارەیەکی زۆر کەمە، ئێمە ئومێدمان وایە و داواشمان کردووە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پارە تەرخان بکات بۆ تەواوکردنی ئەو شوقانە، کە هەموو هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

## بەڕێوەبەری گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی:

# ساڵانە کار بۆ 5 هەزار بێکار دەدۆزینەوە

**خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:**

دکتۆر عارف حیتۆ، بەڕێوەبەری گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، سەبارەت بە تۆمارکردنی ناوی هاووڵاتیانی بێکار ڕوونیکردەوە: ساڵانە کار بۆ پێنج هەزار بێکار دەدۆزینەوە و تا ئێستاش 30 هەزار کەس لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئێمە لە کوردستان وەک بێکار تۆمارکراون و پرۆسەکەش بەردەوامە و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی بێکار ناویان تۆمار دەکرێت، بەو مەرجەی ئەو کەسە هیچ کاری نەبێت و فەرمانبەری حکومەت نەبێت.

گوتیشی: بە شێوەیەکی بەردەوام وەک وەزارەتی کار پەیوەندی بەو لایەن و خاوەنکار و پڕۆژانەوە دەکەین، کە پێویستیان بە کرێکار و شارەزایە تا کاریان بۆ بدۆزینەوە و ساڵانە کار بۆ پێنج هەزار بێکار دەکەین بۆ ئەوەی بین بە خاوەنی کار و پێویستە هاووڵاتییان ئەوە بزانن کە دۆزینەوەی کار تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە کاریان دەست ناکەوێت و مووچەشیان نییە.

# ئاڵا سەنتەر و هاوس فیلم، هونەری حەوتەم لە هەولێر زیندوو ڕادەگرن



هەموو شەممەیەک فیلمێک نمایش دەکرێت

## ناسر حەسەن:

# هیچ داواکارییەکمان لە هیچ لایەنێک نییە، تەنها بینەرمان دەوێت و داوا دەکەین هاووڵاتیان بێن و فیلمەکان ببینن

## عەدنان عوسمان:

# سینەما گەورەکانی هەولێر هەموویان داخراون، بەڵام لە مۆڵەکان زیاتر لە 20 هۆڵی سینەمایی هەیە

**ڕاپۆرت ـ ڕەسوول سالح خۆشناو:**

سینەما لە دوای شانۆ، وێنەکێشان، پەیکەرسازی، بیناسازی، مۆسیقا، دانس بە هونەری حەوتەم دێت و زۆر جار لەجیاتی سینەما و فیلم، دەگوترێ: هونەری حەوتەم. بە داخەوە لە هەولێری پایتەخت، چوار سینەما کۆن و سەردەکییەکان داخراون و بۆ زیندووڕاگرتنی هونەری سینەما، هاوس فیلم بە هاوکاری سەنتەری ئاڵا هەموو ئێوارەی شەممەیەک، فیلمێک پیشان دەدەن و دواتر لە بارەی فیلمەکە گفتوگۆیەکی گەرم و ئەکادیمیانە دەکرێت، بە باشمان زانی لەوبارەیەوە ڕاپۆرتێک بۆ خوێنەرانی خەبات ئامادە بکەین.

لە سەرەتادا نەوزاد تەها بەڕێوەبەری سەنتەری ئاڵا بۆ خەبات گوتی: ئێمە وەک ستافی نوێی سەنتەر لە دوای دەستەبەکاربوونمان لە 2018 بە ستافێکی ئەکادیمی تازە و بە پلانێکی جیاواز، بڕیارمان دا گرنگییەکی زۆر بە بەشی سینەما بدەین، دەتوانم بڵێم، کە لە ڕابردوودا ئەم بەشەمان نەبوو، بەڵام لە ئێستادا لەسەر ڕێڕەوی خۆیەتی و بەشێک لە کارەکانی ئەنجام دراوە، ئەگەر ئێمە پارەمان لەبەر دەستدا بوایە بەنیازبووین چەند فیستیڤالی گەورە لەم بوارە ئەنجام بدەین، یا پڕۆژە بدەینە قوتابیان و لاوانمان، تاوەکو چەندین بەرهەمی دانسقەی هونەری بەرهەم بهێنن، بەڵام تا ئێستا نەمانتوانیووە ئەمە بکەین، لە داهاتوودا لە بەرنامەمان دایە ئەم پڕۆژانە هەمووی بە ئەنجام بگەیەنین، بەتایبەتی لە ئێستادا لەم پڕۆژەی نمایشی هەفتانەی فیلمدا بە هەماهەنگی لەگەڵ مامۆستای گەورە، ناسر حەسەن بەڕێوەبەری فیلم هاوس و ژمارەیەک لە سینەماکارە بە تواناکان، بەشی سینەمامان لێرە چالاک کردوە و هۆڵەکەمان لەگەڵ پێداویستییەکان بە کوالیتییەکی بەرز ئامادەکردووە بۆ نمایشکردنی فیلمە کوردی و جار جارە بیانیەکانیش، ئامانجمان لەم کارەدا کۆکردنەوەی هونەرمەندان و قوتابیان و ئارەزوومەندانی بواری سینەمایە. هەروەها لەدوای تەواوبوونی نمایشەکان، بە شێوەیەکی کراوە بتوانن سەرنج و تێبینییەکانیان بخەنەڕوو و ڕای خۆیان لەبارەی بەرهەمەکەدا ڕابگەیەنن، لە زۆربەی نمایشەکان، دەهێنەر و ئەکتەرەکانی بەشداربووی فیلمەکان لە نمایشەکان ئامادە دەبن و وەڵامی ڕەخنە و تێبینییەکان دەدەنەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە کارەکانی داهاتوویان سوود لەم ڕەخنە و پێشنیازانە وەربگرن تا ئێمەش بتوانین شان بە شانی وڵاتانی پێشکەوتوو بەرهەمی ناوازە پێشکەشی ئارەزوومەندان بکەین.

بەڕێوەبەری سەنتەری ئاڵا سەبارەت بە پلانیان بۆ داهاتوو گوتی: ئەگەر لە ڕووی مادییەوە سەرچاوەیەکی دارایمان دەست کەوێت، یاخود سپۆنسەرێک بدۆزینەوە چالاکی جۆراوجۆرمان دەبێت لە بواری سینەما بە تایبەتی پێگەیاندنی کادیری بە توانا بۆ بوارەکە و ڕێکخستنی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی و چالاکی جۆراوجۆری دیکەی ئەو بواڕە و بوارەکانی تری

# بەرپرسێ لقا ئێک ساڵڤەگەرا دامەزراندنا بنگەهێ لالش پیروز کر



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەریا بەرپرسێ نڤیسینگەها ڕاگەهاندنێ و ڕوشەنبیریا لقێ سەرا ئاڤاهیێ بنگەهێ لالش یێ ڕوشەنبیری و کومەلایەتی دا، ژ لایێ سەروکێ دەستەیا بلند یا بنگەهێ لالش و ئەندامێن وێ هاتنە پێشوازی کرن، بەرپرسێ لقێ بناڤێ خوە و لقا ئێک پیروزباهییێن گەرم ل وان کر ب هەلکەفتا 26 ساڵیا دامەزراندنا وان و گوت: بنگەهێ لالش هەر ل دامەزراندنا وێ هەتا نها هێز و ڕۆلەکێ مەزن هەبوویە ژ هشیارکرن و ڕوشەنبیرکرن هەروەسا بەرگری کرن ژ ئاخ و ئارامیا هەرێما کوردستانێ وەکو پێکهاتەکا ڕەسەن ڕۆلێ خوە دهەمی بیاڤێن ژیانێ دا گێرایە، ئەڤرو ئەم خوە سەر بلند دبینین د کوردستانێ دا بووینە هێما و سمبولێن هەری جوان بڤێ موزایکا ڕەنگا و ڕەنگا کوردستانێ، هەروەسا بەرپرسێ لقێ ئامادەبوونا خوە بهەمی ڕەنگا بۆ وانا دا دیار کرن، سەروکی دەستەیا بلندا لالش سوپاسیا بەرپرسێ لقێ و لقا ئێک کرژ بۆ پشتەڤانیا وان یا بەردەوام کو ب وێ پشتەڤانییێ ئەم شیاینە ڤێ ڕۆلی بگێڕین.

گوتەبێژی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی:

# داخوازییەکانی پەرستاران و کارمەندانی تەندروستی جێبەجێ دەکرێن



12ی ئایاری هەموو ساڵێک، ڕۆژی پەرستارانی جیهانە و پەرستارانی کوردستان داوای جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان دەکەن، گوتەبێژی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیش دەڵێ: حکوومەت بەڵێنی پێ داون و بە هەوڵەکان گەشبینن.

هادی فەریق، گوتەبێژی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، لەبارەی داخوازیی پەرستاران و کارمەندانی تەندروستییەوە، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: کارمەندانی تەندروستی و پەرستاران چەند داواکاریەکییان هەیە و لە ڕۆژانی ڕابردووشدا حکوومەت بەڵێنی پێ داوین بۆ جێبەجێکردنیان، لەوانەش گەڕاندنەوەی دەستەڵاتی پێدانی مۆڵەتی پیشەیە بۆ سەندیکای کارمەندانی تەندروستی. گوتەبێژی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی دەشڵێت: ساڵانی ڕابردوو چەند هەنگاوێکی دیکەش نراون، لەوانە دابینکردنی دەرفەتی خوێندن بۆ پەرستاران و کارمەندانی تەندروستی، هەروەها پێدانی پلەی ئیداری بە کارمەندانی تەندروستی.

فەریق گوتیشی: یەکێکی دیکە لە بەڵێنەکانی حکوومەت، پێداچوونەوەیە بە شێوەیە تەندروستییەکان، ئەوانەی لەلایەن کارمەندانی تەندروستییەوە بەڕێوە دەبرێن، چونکە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان، دەستەڵاتیان سنووردار کراوە لە بەکارهێنانی دەرمان و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشدا.

هەروەها، لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر لە پەرلەمانی کوردستان، بە بۆنەی 12ی مایس، ڕۆژی جیهانیی پەرستاران پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی پەرستارانی کوردستان و جیهان کرد و تیایدا پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی پەرستارانی جیهان و بە تایبەت پەرستارانی ئازیزی کوردستان کرد.

هەر لە پەیامەکەدا ڕۆڵی دڵسۆزانەی ئەم تۆیژە کاریگەرەی نێو ناوەندی تەندروستی بەرز نرخێندرا لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان، کە خۆنەویستانە بەرژەوەندیی نەخۆش و هاوواڵتیانیان کردە پێشینەی کارەکانیان.

هەر لە پەیامەکەی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر لە پەرلەمانی کوردستان هاتووە: لەم سۆنگەیەوە پێویستە ماف و ئیمتیازاتی پەرستاران لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت دەستەبەر بکرێت و زەمینەی لەباریان بۆ بڕەخسێنرێت بۆ دابینکردنی هەلی کار و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش هاوکار بن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی پەرستاری و ئاشناکردنیان بە زانستی پێشکەوتوو و سەردەمیانە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی باشتری تەندروستی بۆ هاوواڵتیانی خۆشەویست.

# وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی حکوومەتی عێراق لەبارەی سەلامەتیی بەنداوی دەربەندیخان ڕوونکردنەوە دەدات

وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی حکوومەتی عێراق ڕوونکردنەوە لەبارەی سەلامەتیی بەنداوی دەربەندیخان، دەدات. بەپێی بەیاننامەیەک، کە دوێنێ یەکشەممە 2019/5/12 بڵاوی کردۆتەوە، وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو ڕایگەیاندووە، بەنداوی دەربەندیخان بەشێوەی ئاسایی کار دەکات و بوومەلەرزەکەی ڕۆژی شەممە هیچ کاریگەریی نەرێنێنی لێ نەکردووە. ڕۆژی شەممە 2019/5/11 بوومەلەرزەیەک بە گوڕیی 5.3 پلەی ڕێختەر، لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە و دەوروبەری دا. بەنداوی دەربەندیخان لە ساڵی 1956 لەسەر ڕووباری سیروان لە نزیک شارۆچکەی دەربەندیخان دەست بە دروستکردنی کراوە و توانای گلدانەوەی زیاتر لە حەوت ملیار مەتر سێجا ئاوی هەیە.

# هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی دەرمانی فراوانتر دەبێت



خەبات ـ سەید فاتیح

**بەرزنجی:** بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان لە وەزارەتی تەندروستی بەخەباتی ڕاگەیاند: ماوەیەکە بە شێوەیەکی فراوان لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە دەست بە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی دەرمانی ساختە کراوە و هەوڵ دەدرێت هەڵمەتەکە فراوانتر بکرێت.

وەک لە ڕاگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان هاتووە، ماوەی ساڵێکە کۆنترۆڵی جۆری دەرمان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی پاراستن و پۆلیس و هێزی تایبەت لە هەولێر و دەوروبەر، هەڵمەتی فراوانیان ئەنجامداوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەرمانی ساختە و کواڵیتی نزو هەر لە لایەن کۆنترۆڵی جۆری دەرمانەوە لە شارەکانی زۆر باشە و هەوڵ دەدەین بەردەوام بین.

سەبارەت بە داواکارییەکانیان گوتی: ئێمە هیچ داواکارییەکمان لە هیچ لایەنێک نییە، تەنها بینەرمان دەوێت و داوا دەکەین هاوواڵتیان بێن و فیلمەکان ببینن بە تایبەتی هونەرمەندان لە هەموو بوارەکان و گوێ لە مۆسیقاکە بگرن، وێنەکان سەیر بکەن، وتەکان شی بکەنەوە سەیری ئەکتەری و مۆنتاژەکەی بکەن و لە گشت بوارەکانی هونەری دەتوانین سوود لە یەک وەربگرین.

ناسر حەسەن سەبارەت بەو فیلمانەی کە پەخش دەکرێن، گوتی: ئێمە زیاتر گرنگی بە فیلمی کوردی دەدەین، بەڵام لەبەر کەمی ژمارەی فیلمی کوردی کە شایستەی ئەوەن لێرە نمایش بکرێن و گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، هەندێکجار فیلمی بیانی و عەرەبی و فارسیش نمایش دەکەین، ئەمڕۆ دوو کورتە فیلم نمایش کران، یەکێکیان کوردی و ئەویتریان ئەمەریکی بوو کە لە فیستیڤالی قاهیرە لە میسر دەرهێنەرەکەم بینی و فیلمەکەی پێدام، و ئەمڕۆ نمایشمان کرد.

# هەولێر.. دەست بەسەر 27 دەمانچەدا گیرا



بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، دەستی بەسەر 27 دەمانچەدا گرت و تۆمەتبارێکیشی قۆڵبەست کرد. لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، لەوبارەیەوە بە میدیاکانی ڕاگەیاندوە، دوای پێدانی زانیاری لە لایەن چەند کەسێکەوە، کەوا چەند دەمانچەیەک کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت، هێزەکانیان توانیویانە دەست بەسەر 27 دەمانچەدا بگرن و تۆمەتبارێکیش بە تۆمەتی بازرگانیکردن بەو دەمانچانەوە دەستگیر بکەن.

بە وتەی لیوا عەبدولخالق، پۆلیسی ناوشار - بەشی ڕۆژهەلات، بە هەماهەنگیی بنکەی پۆلیسی ڕاپەڕین و بنکەی پۆلیسی ئیسکان، دەستیان بەسەر ئەو دەمانچانەدا گرتووە و هەروەها ئەو تۆمەتبارەش کە دەستگیر کراوە، شوفێری تەکسییە بە ناوی ش.ک.ع و تەمەنی 38 ساڵە.

بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر ڕوونیشی کردەوە، دۆسیە بۆ ئەم مەبەستە کراوەتەوە و لێکۆڵینەوەکانیش بەردەوامن.

# خەبات ـ سەید فاتیح





ئەمەش بۆ ئەو بارودخە دارایی و سیاسییەی بەگشتی بەسەر عێراقدا هات و هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە، بەرەبەرە ئەو ساڵۆنانە داخران، بەڵام هۆڵە بچووکەکان شۆینی هۆڵە گەورەکانیان گرتەوە و بەردەوام بینەریان هەیە و فیلمی ڕۆژ و بۆکس ئۆفیسیان تێدا نمایش دەکرێ.

عەدنان عوسمان گوتیشی: لێرە نمایشەکان بێبەرامبەرن و جاری وا هەیە چا و ئاویش بە خۆرایی پێشکەشی ئامادەبووان دەکرێ و دوای نمایشکردنی، فیلمەکە شی دەکرێتەوە و لە لایەن دەرهێنەری کورد و سەرۆکی گرووپی هاوس فیلم گوتی: ئێمە ماوەی چوار ساڵە خەریکی ئەم پڕۆژەیەن و سەرەتا جێگامان لە شارۆچکەی عەنکاوە بوو و دواتر هاتین بۆ ئێرە و شۆینێکە ڕێکترە و لە ناو شارە و نزیکترە و ئارەزوومەندانی سینەما زانستێکی گەورەیە و پڕە لە زانیاری و ڕۆژانە زانیاری نوێی بۆ دێت و سینەماکارە گەنجەکان سوود لە زانیاری سینەماکارە پێشەنگەکان وەردەگرن.

ناسر حەسەن، گەورە لەبارەی فیلمەکەوە گفتوگۆ دەکەین و ئەگەر دەرهێنەرەکە لێرە بێت خۆی دێت و لەبارەی فیلمەکە قسە دەکات و دواتر وەڵامی ئامادەبووان دەداتەوە، یا خود کەسێکی شارەزا دێت باسی فیلمەکە دەکات و گفتوگۆکە بەڕێوە دەبات.

ئامانجی دووەمان کۆکردنەوەی دەرهێنەر و ئەکتەر و ئارەزوومەندانی بوارەکەیە، لێرە و هەفتەی جارێک دەتوانین یەکتر ببینن. ئەمە جگە لەوەی کە هونەرمەندانی کوردستانی لە دەرەوە هاتوون لەگەڵمان لێرە، بەشدارییان کردووە، ئەمەش جموجۆلێکی سینەمایی و هونەری و هیوادارین، کۆمپانیاکان و سەرمایەداران، هاوکارمان بن بۆ ئەنجامدانی کاری جوان لە هەولێری پایتەخت و شارەکانی تری هەرێم.

عەدنان عوسمان، دەرهێنەر سەبارەت بەم چالاکییە گوتی: سوپاسی ڕۆژنامەی خەبات دەکەین بۆ گرنگیدانیان بەم بوارە، ئەم جولە سینەماییە بە هاوبەشی گرووپی فیلم هاوس و سەنتەری ئاڵا، زیاتر لە 8 مانگە ئەنجام دەدرێت، خۆی لە خۆیدا بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری سینەماییە و کارێکی زۆر ئەکادیمی و بەسوودە بە تایبەت بۆ قوتابیانی بەشی سینەما و ڕاگەیاندن و لیرە قوتابیان و ئارەزوومەندانی سینەما دەتوانن فیلمی کوردی و بیانی ببینن کە بەشداری فیستیڤالەکانیان کردووە و یا خەڵاتیان بەدست هێناوە و یا نەبینداون و لێرە ببانبینن، ئەمەش دەبێتە هۆی گردبوونەوەی هونەرمەندان و سینەمادۆستان و هەفتانە جارێک بیروڕای هونەری و سینەمایی دەگۆڕنەوە. بۆیە ئەم جولەیە جولەیەکی زۆر باشە و پشتگیری دەکەین و منیش وەک دەرهێنەر بەشداریم تێدا کردووە، فیلمێکم بە ناوی سلێمانی و دهۆکیش بنکەی تایبەتیان هەیە و بڕیار وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە شێوەیەکی فراوانتر بە مەیدانی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی دەرمان دەگوازنەوە بۆ سلێمانی و دهۆک بۆ دەست بەسەرداگرتنی دەرمانی ساختە و کارەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بە ئامانجی نەهێشتنی دەرمانی ساختە و کوالیتی نزمە.

هەروەها فەرزین کەریم، نووسەر و دەرهێنەر لەوبارەیەوە بۆ خەبات گوتی: لە ئەنجامی ئەو قەیرانە ئابووری و ڕامیارییەی کە چەند ساڵی ڕابردوو هەرێمی کوردستانی گرتەوە، بواری ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و هونەریش پەکی کەوت. لەم ناوەشدا سینەما گورزی گەورەی وەبەرکەوت. بەتایبەتیش کە لەپاڵ ئەوەی هونەرە، لە هەمانکاتیشدا پیشەسازییە و تێچووی زۆریشی پێویستە، بەمەش کاریگەریی زۆری کردە سەر بواری بەرهەمهێنانی فیلم و چالاکییە سینەماییەکان .

گوتیشی: نمایشی هەفتانەی فیلم کە بە هاوبەشی لە لایەن سەنتەری ئاڵا و فیلم هاوسەوە دەکرێت هەناسەیەکی دیکەی داوەتە بەر چالاکییە هونەرییەکانی پایتەخت. ڕاستە کە چالاکییەکی بچووکی لە ڕووی ژمارەی ئامادەبووان و بۆشاییەکی زۆر بچووکی لەنێو ئەم قەیرانە گەورەیەدا پڕ کردووەتەوە، بەڵام بووەتە وێستگەیەک بۆ کۆکردنەوەی بەشێک لە هونەرمەند و هونەردۆستان بۆ بینینی فیلم و گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوە.

# عادل عەبدولمەهدی و پرسی کورد لە عێراقدا

**سەربەست بامەرنی**

گومانی لەوەدا نییە، عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، پەیوەندییەکی باش و تووندوتوڵی لەگەڵ زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا هەیە، نەخاسمە لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کە بۆ سەردەمی خەبات دژی رژێمی دیکتاتۆری و شۆڕشی نیشتمانی لە چیاکانی کوردستان دەگەڕێتەوە، وەکو زانراویشە، بەڕێز عەبدولمەهدی، خۆی لە داواکارییە دیموکراتی و رەواکانی گەلی کورد تێدەگات، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا بوونی عەبدولمەهدی، لە لووتکەی دەسەڵات، بۆ چارەکردنی پرسی نیشتمانی کوردستانی لە عێراق و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی مێژوویی بەسە، کە یەکڕیزیی ئارەزوومەندانەی دەوڵەتی عێراق، لەسەر بنەمای دادپەروەری، یەکسانی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بۆ پێکهاتەکانی بپارێزێت؟

زۆربەی گومانەکان ئەوەیە، بەڕێز عەبدولمەهدی، هەموو هەوڵێک دەدات بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە نیشتمانییەکان و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەدات، بەڵام بۆ شیکردنەوەی کۆتایی، بە تەنیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی هزری داگیرکاری نیشتەجێبوونی باو، لەڵای هەندێ ناوەندی بڕیاری تایفەگەری کاریگەر لە عێراقی ئەمڕۆدا دەمێنێتەوە، ئەوانەی تووندترین ئاراستەی ڕەگەزپەرستی هەڕێمایەتیان لەدژی گەلی کوردستاندا هەیە، ئەوەش بڕی قورسایی ئەرکەکەی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی، لە مسۆگەرکردنی مافەکانی گەلی کوردستان و جێبەجێکردنی دەستووری فیدراڵی (نموونەی مادەی 140) دەردەخات،بێجگە لەوە هەوڵانەشی کە بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکەی دەدرێت، ئەگەر گوێرایەڵی فەرمانەکانی هەرێمایەتی نەبێت، وەکو ئامادەسازییەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشبینیکراوی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بە دڵنیاییەوە، پرسی نیشتمانی کوردستانی، تەنیاپرسی دانی مووچەی فەرمانبەران، یان دارشتنی یاسایەکی گومرگی دیاریکراو نییە، بەڵکو پرسەکە، داننانی تەواو بە مافەکانی گەلی کوردستان، وەکو دووەم نەتەوەی سەرەکی لە وڵات و لەسەر تەواوی خاکەکەی، کە هێشتا 51% لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دایە، خەڵکی ئەو ناوچانەش لەژێر سایەی داگیرکاری سەربازی و تایفەگەری ڕەگەزپەرستیدا لەوپەڕی ناخۆشیدا دەژین.

بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستان، پشتیوانی و پاڵپشتی خۆی بۆ حکوومەتەکەی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی دەربڕی، جا چ لە ڕێگەی سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی سیاسی بە ئامانجی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییە نیشتمانییەکان بێت، یان لە میانی سەردانی بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و شاندە بەردەوامەکان بۆ بەغدا، هەروەها لە میانی دوا کۆبوونەوەی نێوان شاندی حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێم لە هەولێردا، ئەو هەڵوێستە، کە جاران و ئێستاش ناونیشانی سەرەکیی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدایە، بەڵام بەردەوام بەر هزر و ڕێچکەی سیاسی باو، لە ناوەندە کاریگەرەکان لە بەغدا دەکەوێت، کە خەون بە داگیرکردنەوەی کوردستان و زیندووکردنەوەی ئەزموونی (باکووری ئەزیزمان) و لێکەوتەکانی، لە کۆمەڵکوژی، هەڵمەتەکانی قڕکردنی بەکۆمەڵ، ئەنفالەکان، ڕووخاندنی نزیکەی چوار هەزار گوند.. تادوایی دەبینن، کە بۆ نموونەش، ئەوانە بەڕوونی لە هەڵسوکەوتەکانی ڕۆژانە لەشارەکانی کەرکووک و خانەقین دەبینرێت.

ئەوەی باسمان کرد مانای وایە، ئەگەر هەوڵەکانی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی و حکوومەتەکەی شکستیان هێنا، ئەوکات گەلی کورد تەنیا یەک بژاردەی لەبەردەم دەمێنێتەوە، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ ئەنجامی ریفراندۆمە مێژوویییەکەی گەلی کورد، لەبارەی بڕیاردان لەسەر مافی چارەنووس و کاراکردنەوەی، نەخاسمە کورد، لەلایەکەوە، هەموو هەوڵێکیان بۆ پاراستنی یەکڕیزی ئارەزوومەندانە بۆ پێکهاتەکانی عێراق، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ویست و مافەکانی ئەو پێکهاتانە دا، لەلایەکی دیکەشەوە، ڕەوشی ناوچەکە و تەرازووی هێزەکان بەرەو گۆڕانکاریی دراماتیکی گەورە دەڕوات، بەجۆرێک ئەوانەی لە ناوچەکەدا، لە دژی ریفراندۆم بوون، لە ڕەوشێک دان ئیرەییان پێ نابردرێت، تەنانەت ئەوانەی بیدەنگیش بوون، ئێستا بە دەنگێکی بەرز، باس لە کەمتەرخەمیان بەرامبەر بە ویستی گەلی کوردستان دەکەن، هەتا بوونی عێراقیش بە ڕەوشە شکستخواردووەکەی، بۆچوونە تایفەگەری و ڕەگەزپەرستییە جیاوازەکانی و پەیوەندییە هەرێمایەتییە نا هاوسەنگەکانی، بووەتە مایەی پرسیارکردن بەوەی ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە پێکهاتەکان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، مادامەکێ ناتوانن بەیەکەوە بژین.

مانەوەی عێراق بە یەکریزی ئارەزوومەندانە، بەندە بە سەرکەوتنی حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی، لە چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکانی عێراق، لە پێشەوەی هەموشیانەوە، چارەکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەگەڵ کوردستاندا.

**و: ڕەمزی میرەکانی**

# ڕۆحی بەرگری و هۆشیاری نەتەوەیی ئافرەتی کورد، لە نموونەی (لەیلا قاسم)دا



**د.ڤیان سلێمان**

نەتەوەی کورد بە گشتی و لە باشوری کوردستان بە تایبەتی بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی چەندین جۆری چەوسانەوە و کۆمەڵکوژی بۆتەوە. هەموو ڕێگایەکی نابەجێ بەکارهێنراوە بۆ سڕینەوەی فەرهەنگەکەی، بەڵام کورد لە بەرامبەر هەموو ئەو هەوڵە دوژمنکارییانە خۆی ڕاگرت و هەم پارێزگاری لە فەرهەنگی خۆی کردووە، هەم پارێزگاری لە شوناس و جوگرافیاکەی کردووە. بزاڤە ڕزگاریخوازیەکەشی بزاڤێکی لێوانلێوە لە سەروەری و قوربانیدان.



کەم وێنەیە لە خۆبەدوورگرتنی لە هەموو کردەیەکی دوژمنکارانە و تۆڵەسەندنەوە و تیرۆر، لە نەبوونە مەترسی و هەڕەشە و تێکدان بۆ ژیان و ئاسایشی هیچ نەتەوەیەکی تر. بێوێنەیە لە زۆری دوژمنەکانی و بەکارهێنانی هەموو ڕێگایەک بۆ لەناوبردنی و لە بەرامبەردا مانەوە و بەردەوامبوونی. هۆکاری سەرەکی مانەوەی کورد و بەردەوامی بزاڤە ئازادیخوازەکەی بۆ دوو فاکتەری سەرەکی دەگەڕێتەوە، کە ئەویش ڕۆحی بەرەنگاری و هۆشیاری نەتەوەییە لای تاکی کورد.

هەستی نەتەوەیی و پابەندی و خۆشەویستی بۆ نەتەوە هەستێکی خۆڕسکی مرۆڤە بەرامبەر نەتەوەکەی. ئەم هەستە کاتێک نما دەکات و لە عەقڵ و فیکرەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەستی بەرپرسیاریەتی تێیدا گەشە دەکات و دەبێت بە هۆشیاری نەتەوەیی . لەوکاتەدا پابەندی مرۆڤ بۆ نەتەوەکەی لە ئاستێکی سەرەتاییدا نامێنێتەوە، بەڵکو دەگاتە ئاستی بااڵ کە ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە قوربانیدان بە هەموو شتێک لە پێناو سەرخستنی بزاڤە ڕەواکەی. ئەمەش ئەرکی هەموو تاکەکانی نەتەوەیە بێ هیچ جۆرە جیاوازییەک لەسەر هەر بنەمایەکی چین و ئاست و تۆژ یاخود ڕەگەز.

ئافرەتی کورد بەدرێژایی مێژوو لە کاتێکدا وەک تاکێکی نەتەوەکەی چەوسانەوەی نەتەوەیی لەسەربووە لەهەمان کاتدا ستەمی کۆمەاڵیەتیشی لەسەربووە، ئەم چەوسانەوە سیاسی و کۆمەاڵیەتییە نەیانتوانیوە ئافرەتی کورد دوورپەڕێز بکەن لەخەبات بۆ ڕزگاری نەتەوە و خەبات بۆچەسپاندنی یەکسانیی ڕەگەزی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی بەرزی هۆشیاریی نەتەوەیی و کۆمەاڵیەتی و گیانی بەرەنگاریی ئافرەتی کورد کە لە چەندین فۆرم و لە چەندین نموونەدا خۆی بەرجەستە دەکات .

لێرەدا تیشک دەخەمە سەر ڕۆحی بەرەنگاری و هۆشیاری نەتەوەیی ئافرەتی کورد لە نموونەی یەکێک لە ئایکۆنەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و تێکۆشەرێک لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە شەهید (لەیلا قاسم)ە، ئەو کچە کوردەی کە لە پێناو ڕزگاری نەتەوەکەی دا سەرەڕای ئاستەنگە کۆمەاڵیەتی و کلتوریەکان بەپەڕی هەستکردن بە گیانی بەرپرسیاریەتی بە تێکۆشان و چاالکی سیاسی بەشداریی کارای بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەی دەکات و لە بەردەم یەکێک لە ستەمکارترین دەسەاڵتەکانی ئەو کاتدا دەوەستێتەوە و بێ گوێدانە زۆرداری ڕژێمی دەسەاڵتدار، ئازا و ئازاد، ئازا لە ئیراده و بڕیار، ئازاد لە کۆت و بەندی کۆمەاڵیەتی و پێوەری ڕەگەزی، لەناو جەرگەی دەسەاڵتی ڕژێمدا چاالکی سیاسی دەکات و دوای دەستگیرکردنیشی زیندان و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی زۆر، نەیانتوانیوە توانا و ئیرادەی بڕیاردانی بشکێنن و سازشی لە بیروباوەڕەکەی پێ بکەن.

لە نموونەی لەیلا قاسمدا ڕۆحی باڵای ئافرەتی کورد کە قوربانی بە خۆی دەدات لە پێناو ژیان و ئازادی و شوناسی نەتەوەکەیدا بەرجەستە دەبێت. لەیلا قاسم شوناسی مێینە بە چەمکەکانی هۆشیاری و ئازایەتی و تەسلیم نەبوون و بەرەنگاری دەدات و لە پێناو ئازادی نەتەوەکەیدا دەچێتە ژوانی مەرگ. بە شکۆ و بە باوەڕی بەهێزەوە بە سرودی نەتەوەیی بەڕەو پەتی سێدارە دەچێت و دەبێتە نموونە، نەک تەنها بۆ ئافرەت بەڵکو بۆ نەتەوەکەی و پێشەنگ بۆ ئەو ئافرەتانەی کە پشت لە نەریتی باو و ڕوو لە ئازادی نەتەوە و ئازادی ئافرەت بەرەنگاری داگیرکەر و نۆرمی باو دەبنەوە. یادکردنەوەی لەیلا قاسم گوڕ و تین دەبەخشێت بە نەوەکانی نێستا و داهاتوو گیانی بەرەنگاری و کۆڵنەدان لەم نموونەیەدا گەشە دەکات.

هیچ ستایشێک ناتوانێت گوزارشت لە ئازایەتی لەیلا قاسم بکات و دەقێک نییە لە ئاست ئەم هەستکردن بە بەرپرسیارییەتییە و هەستێک ناتوانێ هەست بەو ئازارە بکات کە چەشتوویەتی و تەنها بە وەفاداری بۆ بیر و باوەڕەکەی و تەواو کردنی ڕێگاکەی دەتوانێ پاداشتی بکەیەنەوە. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بکەین بەو بزاڤەی کە زەمینەی ڕەخساند لە بارودۆخێکی لەوجۆرە و لەو ژینگە کۆمەاڵیەتییە نەریتگەرا و ڕەگەزسالاردا ئافرەتێک بەو شێوەیە وەک چاالک و تێکۆشەرێکی سیاسی دەربکەوێ و هەڵبکەوێ، کە شانازییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمەش ئەوپەڕی دیموکراسیخوازی و پێشکەوتوویی ئەو پارتە و یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی و مرۆڤ سالاری ئەو بزاڤە ڕزگاریخوازە دەردەخات، کە (بارزانی نەمر) ڕابەری بوو.

# بەرپرسیاریەتی و ئەرکەکانی بەردەم کابینەی نۆیەم





**ڕێبوار حەمەاڵو شوانی**

خەڵکی کوردستان بە پشوو درێژییەکی زۆرەوە و دوای چەند مانگ دواکەوتن لە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی کوردستان ، لە چاوەڕوانی خزمەتگوزارین لە گشت سێکتەرەکاندا ، بەتایبەت کە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردووی کابینەی هەشتەم بە هۆی شەڕ و قەیران و گەمارۆ سەپێنراوەکان نەتوانرا پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە 2018/9/30 دا ، پارتی توانی بە 45 کورسی زۆرینەی پەرلەمان بەرێژەیەکی زیاتر لە جاران متمانەی خەڵکی کوردستان بە پلەی یەکەم بەدەست هێنا ، بەمەش ئەنجامی هەڵبژاردن نەخشەی سیاسی گۆڕی، پێگەی پارتی لە الیەنەکانی دیکە جیاکردەوە، پارتی لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، بە ڕێنمایی سەرۆک بارزانی بۆ کاندیدەکان و کارنامەکەی خۆی لە بەڵێنی بێ بنەما بەخەڵک نەدا، کە پێیان جێبەجێ نەکرێ، ڕاستگۆبن لەگەڵ دروشمەکانیان، بەدەنگدان بە لیست و کارنامەی پارتی لەو چوارچێوەیەشدا دەکرێ بڵێین بەدەنگدان بە لیست و کارنامەکەی، پارتی سەرپشک کراوەتەوە، بە کارنامە و پاکێجێکی پڕ لە گۆڕانکاری و خزمەتگوزاری وەک براوەی یەکەمی هەڵبژاردن، بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئامادەی بکا، لە پێکهێنانی حکوومەتی داهاتوو کوردستان تا ڕەنگی سیاسی بگۆڕێ، کە بێگومان حکوومەتێکی بێ ئاستەنگ نابێ، بەاڵم ئەو وڵاتە پێویستی بە هەندێک ڕاپەڕاندنی ئەرکی تایبەتە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێیە پێویستی بە چەندین بڕیار و یاسای تایبەتە بۆ لێک جیاکردنەوە و گۆڕانکاری و چاکسازی، لەهەندێ کەرت و سێکتەری خزمەتگوزاری، وەک لە پێش هەڵبژاردن لە کەرتی تەندروستی چەند هەنگاوێکی چاکسازی نا، بۆ کۆتا پێهێنان بەو بازرگانییەی ئێستا بە توانا و تەندروستی مرۆڤ دەکرێ، هەنگاوی ئومێدبەخش بوون، تا هەوڵەکانی بەگەڕ بخات بۆ دووبارە بەدەستهێنانی بڕوا و متمانە بە دام و دەزگاکانی حکومەوت، بەتایبەت لە نەهێشتنی گەندەڵی و ڕووتین لەکاروباری کارگێڕی و خزمەتگوزاری هاوواڵتییاندا، بە دابەزاندنی دەسەاڵتەکان بۆ ئاستی خواروو دام و دەزگا خزمەتگوزارییەکانی حکومەت، کەم کردنەوەی ئەو کۆسپ و بەربەستانەی بەردەم بیروکراتی و نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی گەندەڵی و ڕۆتین لە سیستەمی کارگێڕیدا، تا ئەوانەی ڕێیان تێ دەچێ لە چوار ساڵی داهاتوودا جێبەجێیان بکات، پارتی بە گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان و ئامادەکردنی تیمێکی توکمە بۆ حکوومڕانی لە کابینەی داهاتوو لە کوردستان، بەتایبەت ئەوانەی دەیان ساڵە لە دام و دەزگا حکوومییەکاندان، یان کەسێکی کەم توانا بێ لە پۆستێکدا البدرێ، یا ئەو بەرپرسانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان گەندەڵییان لەسەر بووە، ئەو گۆڕانکارییانە بەردەوام بن، ئەوەش تەنیا لە ناو پارتیدا وەک حزب، بەڵکو لە ناو حکوومڕانیشدا، هەر بۆیە پێویستە کۆمەڵێک بنەما دابندرێت، بەسیستەم بکرێت، واتە بۆ نموونە فالن کەس چوار ساڵی بۆ دانەدراوە هەر ئەوەندەیە و تەنیا یەکجار بۆی هەیە دووبارە بێتەوە، گۆڕانکارییەکی ئەرێنی بەمەبەستی دروستکردنی تیمێکی بەهێز بێ لە حکوومەتی نوێدا، کەسی نوێ بە عەقڵێکی گەنجانە بە توانا و ڕابردوو پاک بخاتە پۆستەکان، حکومەتی داهاتوو پێویستی بە سەرلەنوێ پێتداچوونەوە هەیە، لە هەموو سێکتەرەکان بەتایبەتی کەرتی ئابووری و سەربازی و بگرە تا بازاڕ و توانای دانانی سیستەمێکی گونجاو بۆ بازاڕ و مافی بەکاربەر بەگشتی و واستەکاری و هەمەدانی سامانی گشتی کە زۆر کەسی گەندەڵ لە حسابی سامانی گشتی دەوڵەمەندبوونە، ئا لێرەدا دیار دەبێت لە بەرنامەی داهاتووی حکومەت، پارتی بە ئەنجامدانی چەند هەنگاوێکی چاکسازی بەر لە هەڵبژاردن، بەتایبەت لەکەرتی تەندوستیدا، هەنگاوی مەزنی نا ، بە بەردەوامی ئەو پرۆسەیە، هەوڵەکانی بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی لە چەند بواریکی دیکە ، وەک پێداچوونەوە بەیاسای خانەنشین و چاکسازی لە سێکتەرەکانی دیکە ، چاوی متمانە و باوەڕی زیاتری خەڵکی کوردستانی بەدەست هێنا ، پارتی لە پێناو دەستەبەرکردنی دروشمی سەرەکی خۆی لە حکوومەتدا، تا کوردستانێکی بەهێز ئاوا بکا ، پێویستە هەوڵ و کۆششەکانی بخاتە گەر تا ئەو کارانەی پەیوەندییان بە دۆخی ژیان و خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان ئەوە هەیە ، لە کارنامەی کابینەی حکوومەتی داهاتووی کوردستان بایەخی پێ بدات، بەهێز بێت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی خۆی بۆ بەڕێوەبردن و دەرباز کردنی قۆناغی سەخت و دابینکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ خەڵکی کوردستان، چونکە ئەو متمانە و باوەڕەی خەڵکی کوردستان بە پارتییان داوە، ئەوە نیشان دەدات کە ئەرکێکی گەورە و قورس لەسەر پارتییە کە ڕۆڵی سەرکردایەتی سیاسیی هەرێمی

# بەریەککەوتنی خۆڕاگریی بارزانیی نەمر و درندەیی دوژمنان



سورە مەرگەیی

جەنابی سەرکردە و گەورە پیاوی میژووی ستەم لێکراو و چەوساوەکان.. دەزانم بەختەوەرترین کەسی میژوو تۆی، چونکە دادپەروەری و دیموکراتی راستەقینە، خۆشویستنی خاک و سەربەخۆیی و هەوڵی خۆشگوزەرانییە بۆ گەل. ڕابوون و بەرخودانی بەردەوام دژی ستەم و چەوسانەوەی سەر نەتەوە ژێر دەستەکەت، شۆڕشگێری و کوردایەتی و شەونخوونی لە خەسڵەتە بەرزەکانت بوون، بە دڕێژایی تەمەنت شەڕی زوڵم و ستەمت کرد، بەگژ نەهامەتیەکانی نەتەوەیەکدا چوویتەوە، زەمەنێکت خولقاند کە ئێستا ناحەزانیشت لە سێبەریدا حەساونەوە، ڕێبازێکت داهێنا لێواولێو لە راستگۆیی و حەقبێژی و خۆنەویستی، پڕ لە خۆشەویستیی خاک و نەتەوە، تەژی لە ڕابوون و بەرخودان، بۆیە دەزانم داگیرکارانی کوردستان و ولاتفرۆش و خائینانی کورد بەقەد خۆشەویستی من رقیان لە تۆیە، بەقەد پابەندبوونی منیش بۆ ڕێبازەکەت دژایەتییان کردووی و ئێستاش دژایەتی ڕێبازەکەت دەکەن.

جەنابی سەرکردە و گەورە پیاوی میژووی مرۆڤایەتی.. فێرت کردین ژێردەستەی کەس نەبین و کەسیش ژێردەستە نەکەین، پێتگوتین لەدوای هەموو تاریکاییەک ئاسۆیەک هەیە، ڕاتهێناین هەستانەوەی دوای شکست بکەینە کلتووری بەرخودان، بەهێزی لەڕووی دوژمنان و خزمەتکاریی ولات و نەتەوەت کردە پیشەی ئەوانەی بە ئومێدەوە بۆ ژیان و داهاتوو دەڕوانن، هەر بۆیەش ڕەتکردنەوەی ژیانی ژێردەستی و مردنی ئازادیت لای شوێنکەوتووانت کردە بڕیار ،بۆیە داگیرکارانی کوردستان هێشتا دەستبەرداری پیلانگێڕی نەبوون و ڕێبازەکەت بە دوژمنی سەرسەختی سیاسەتی داگیرکاری خۆیان دەزانن.

جەنابی سەرکردە و گەورە پیاوی میژووی ڕۆژە سەخت و شەوە ئەنگوستە چاوەکان.. دەزانم بۆ سەرکردە و پێشەوای چەوساوەترین نەتەوەی سەر ڕووی ئەم زەمینە بووی، هەر بۆیەش بە بااڵی نەمریدا هەڵکشای و لەسەر لوتکەی سەروەریەکانی میژووەوە، وانەی ڕزگاری نیشتمانی و سەربەخۆیی نەتەوەییت بۆ داهاتوو دەوتەوە.

جەنابی سەرکردە و گەورە پیاوی میژووی بەرەنگاری.. بەقەد دڕندەیی دوژمنان بە وەرە و خۆڕاگر بووی، ئەوەندەی ڕق و بوغزی ئەوان بەخشندە و لێبوردە بووی، لە نیشتمانێکی ون بوودا دەرکەوتی و لەناو گەلێکی بەشمەینەتدا هەڵکەوتی، بۆ ڕابردوو هەڵچنی میژووت دەکرد، بۆ ئێستا سروودی (ئەی ڕەقیب)ت دەچڕی، بۆ داهاتوو چیرۆکی مەرگی زۆرداریت دەنووسییەوە، هیوات بەبەر بێهیواياندا کردەوە و (کوردستان یان نەمان)ت کردە موژدەی هەستانێکی ئەبەدی، هەر بۆیەش نەتەوەیی بوون و کوردستانی بوونت کردە ناسنامەی شۆنکەوتووانت.

جەنابی سەرکردە و گەورە پیاوی میژووی مرۆڤایەتی.. دەزانم لای ئێمە و دوژمنان یەک مانات هەیە، لای ئێمە شۆنکەوتووان و دوژمنانتە.

جەنابی سەرکردە و گەورە پیاوی میژووی ئازەرک ڕاپەڕین..دەزانم لای تۆ ئەرکی بێ ماف سەرەتای سەرهەڵدانی جیاوازی و گرفتەکان بوو، دەستپێکی هاتنە پێشی چەوسانەوە و کارەسات بوو، پێت وابوو مافی بێ ئەرک شێرپەنجەی سەرکێشییە و سیاسەتی تاکڕەوی بە دوای خۆیدا دێنێ، ئارەزووە نەگریسەکان دێنێتە پێشێ و کۆمەڵگا بەسەر چینە جیاوازەکاندا دابەشدەکات، بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ترسە بینای پێکەوەژیان و کاری هاوبەشت لەسەر هاوسەنگ ڕاگرتنی ئەرک و مافەکان هەڵدەچنی و دادپەروەریشت دەکردە پێوەری سەرکردە و ڕابەری دەستەیەکی یاخی بوو لە ژێردەستەیی، هەر بۆیەش هەموومان یەک دەنگ لەگەڵت هەستاین، لای ئەوانیش سەرکردە و ڕابەری دەستەیەکی ڕاپەڕیو و یاخی لە مەرام و ئارەزووەکانیان، هەر بۆیەش هەموویان لە دژت وەستان، لەو کاتەوە هەستانی ئێمەو وەستانی ئەوان پێشەی کەسەیە خۆی لە ڕووی دوژمنانی خاوەن هێز بێ، سەرکەوتوو ئەو کەسە نییە دوژمن بشکێنێ، سەرکەوتوو سەرکەوتین، بەاڵم مەترسی لە فەرامۆش کردنی ئەو پەیامە نەمرەیە کە وەک ترسی دوای سەرکەوتن پێشانت داین، ئەویش لە بیرکردنی ئەوانەیە کە میژووی سەرکەوتنەکانی ئەمڕۆیان نووسیوتەوە.

جەنابی سەرکردە و گەورە پیاوی میژووی بەدیهێنەری خەونەکان.. با چەواشەکاران هەر خەریکی ڕستنی هەودای چەواشەکاری بن، با لە پاشخانی گێڕانەوەی هەیەنەی ناوچەگەرایی و چاوەڕوانی خۆزگەی ئایدۆلۆژیدا، تا شەکەت و هێز لێبڕاو دەبن و مژۆمۆرەی ماندوو بوون و زەحمەتیان کێشاوە لە بیر بکرێن) بەڵێ فەرموودەکەت هاتەدی و سەرکەوتین، بەاڵم مەترسی لە فەرامۆش کردنی ئەو پەیامە نەمرەیە کە وەک ترسی دوای سەرکەوتن پێشانت داین، ئەویش لە بیرکردنی ئەوانەیە کە میژووی سەرکەوتنەکانی ئەمڕۆیان نووسیوتەوە.

جەنابی سەرکردە و گەورە پیاوی میژووی بەدیهێنەری خەونەکان.. با چەواشەکاران هەر خەریکی ڕستنی هەودای چەواشەکاری بن، با لە پاشخانی گێڕانەوەی هەیەنەی ناوچەگەرایی و چاوەڕوانی خۆزگەی ئایدۆلۆژیدا، تا شەکەت و هێز لێبڕاو دەبن و مژۆمۆرەی نەهێشتنی جیاوازیەکان، هەر بۆیەش ئەرک و مافی لە پێشی شوێنکەوتووانت قوربانیدان و کوردستان پاریزی بووە.

جەنابی سەرکردە و گەورە پیاوی میژووی هێز خولقێن.. لە تۆوە زانیمان بڵێین: بەهێز ئەو کەسە نییە دوژمنی لاوازبێ، بەهێز ئەو کەسەیە خۆی لە ڕووی دوژمنانی خاوەن هێز بێ، سەرکەوتوو ئەو کەسە نییە دوژمن بشکێنێ، سەرکەوتوو سەرکەوتین، بەاڵم مەترسی لە فەرامۆش کردنی ئەو پەیامە نەمرەیە کە وەک ترسی دوای سەرکەوتن پێشانت داین، ئەویش لە بیرکردنی ئەوانەیە کە میژووی سەرکەوتنەکانی ئەمڕۆیان نووسیوتەوە.

جەنابی سەرکردە و گەورە پیاوی میژووی وەفاداری.. بۆیاد کردنەوت هیچ گوتنێک شک نابەم شایانی گەورەیی تۆ بێ، بۆ دەربڕینی وەفاداریم هیچ دیاریەک نابینم لێم وەربگری، جگە لەوەی پەیمان بدەم هەتا مردن شوێنکەوتووی ڕێبازت بم، هەتا مردن ئەو پەیامەی بۆت جێبەجێشتووین بە دەنگی بەرز بیڵێمەوە، بۆ نەیار و ناحەزانیشت لەوە شیاوتر نابینم کە پێیان بڵێم: "بارزانیی نەمر تیشکی خۆر بوو، ئێوەی کوێر لە ڕۆشنایی بێبەش بوون، ئاوازی ڕەسەنی کوردایەتی و چڕینی لاوکی نەتەوەیی بوو، ئێوەی کەڕ نەتانەبیست، عەشق و خۆشەویستی بوو، ئێوەی لاڵ پێتان دەرنەدەبڕدرا، بانگی ئازادی و موژدەی پێکەوەژیان و کاری هاوبەش بوو، ئێوەی نەبیست و تاکڕەو ڕووتان لێوەرگێڕا،ڕاچڵەکینی شۆڕگێڕی و ڕابوونی سەردەمێکی نوێتی بەرخودان بوو، ئێوەی بیر ئیفلیج و گۆشەگیر بووی کوردایەتی پەیتان پێ نەبرد،بەرزی باڵا و لوتکەی چیا بوو، ئێوەی کوردتەبنە و گردۆڵکەکان ئیرەییتان پێ برد.



# جیۆسایکۆلۆژیی و چاکسازییێن هەرێما کوردستانێ

د. نەسرەدین ئیبراهیم کۆلی*


ئاخ و خاک بها و تشتەک پیرۆزە، ئەڤ پیرۆزییە هنگی کفش و ئاشکرا دبت دەمێ دبینین نەتەوەیەک وەک کوردان و گەلەک نەتەوێن دیترێن دەڤەرێ و جیهانێ ژ پێخەمەت پاراستنا وێ هزاران شەهیدا پێشکێشی ئاخ و وەلاتێ خوە دکەن و کوردستانی پیشەنگن و د ڤێ چەندیدا سەرکاروانییا مرۆڤاتیێ دکەن. لێ مخابن هندەک کاودان و هندەک مودیل و هندەک زێدەگاڤی و زاڵم دژبەری ئەڤێ پیروزی و قوربانیدانێ رادوەستن و ماف و بهاییێن ئەڤێ قوربانیدانێ بو خو دچنن.

## 2 کۆتایی

یان مۆدێلەک دیتر ئەوبی دا زۆدار و دەرەبەگ ل سنووڕێ وی گۆندی کۆتانەکێ ب خواستن یان هەر ڕەنگەکێ هەبت دروست کەت و پشتی چەند سالان چەند دیدەڤان خوە ل ئاقارێ وی گۆندی و پاشی دست دەینانە سەر یان بناڤێ چەڕێ و ب هێجەتا نەبینا چەڕێ و ژ دەستدانا تەرش و تەوالێ خوە و چەراندنا پەزی. و ڕەشەکێن خوە لخوە کۆم کەت و خوە کەتە خۆدانێ وی جهی. نمونە بۆ ڤێ زێدەگاڤی و داگیرکرنا هەرێمداریێ ل هەرێما کوردستانێ هند گەلەکن کۆ دبیت هەکەر پشتی گەفتن دوژمنی و داعش و بەعسێ ب مەزنترین دربێن کۆژەک ل پەیکەرێ ڤێ هەرێمێ بهێتە هژمارکرن. لسەر دەمێ بەعسێ، وەکی سال و چەرخێن بەرێ، کۆ یاساییێن دارستانێ بسەر هەرێمێدا زال بی، ئەڤ دیارەد و زێدەگاڤییە د مەزنترین ئاستێ خوە دا بوویە. نۆکە هزاران کۆشتی، بەرزە، ئاوارە، پەریشان و نەساخ، و هزاران گۆندێن چۆل و ڤیران ل هەرێما کوردستانێ هەنە، نە چونکی پەکەکە و جەندرمێن تورک یان سوپایێ پاسداران ل وی جهی شەری دکەن یان لبن دەستێن داعشێ و... هتد، دانە، بەڵکۆ چونکی هندەک دەرەبەک و زاڵم ب زۆرداری ئەو کارەساتە ئافراندینە و کەس نینە د هەوارا وان کەسێن بوویە قوربانی بچن. چونکی زۆرداران هەمیشە هندەک ڕەشەکێن دناف دام و دەزگەهێن میری و سیاسی و حزبی و یاساییدا ییێن بۆ خوە ڕاکێشاین دا لدەمێن زۆرداریێ وان بۆ وان پنی بکن و ڤەشێرن یان پشتا وان بگرن. ئەڤە مەزنترین زیانا سیستەمێ جڤاکییا مەیە و مەزنترین گۆرزە ل پەیکەرێ دیموکراسییەتێ و مافێن مرۆڤاتییێ و بەرەف کۆمەلگەهەکا دامەزراوەیی چۆنییە. دلێ هزاران کەسان ژ دەستهەلاتا سیاسی شکایە چونکی داگیرکەرێن گۆند و وارێن وان نۆکە لبن سیبەرا دەستهەلاتێ د بلندترین ئاستێ دەستهەلاتێدایە.گەلەک ژ وان پشکداریا سیاسی د هەلبژارتن و بزاڤێن دیترێن سیاسی، ئەوێن ب هێڤێنێ دیموکراسیەتێ ل هەرێمێ دهینە هژمارتن، ناکەن ژبەر ڤێ ئەگەرا لسەری هاتیە گوتن. وەک ڤەکۆلینێن بسپۆرێن دەروونناسیێ ل هەرێما کورستانێ لڤان چەند سالێن دۆماهیکێ دەرئێخستی دویرەپەرێزیا سیاسی لنک گەلەک کەسان ژ ئەگەرێن هەبوونا فاکتەرێن وەکی نەدادپەروەری و زۆرداری و نەیەکسانیێ و گەندەلیێ بوویە و ئەڤ داگیرکرنا هەرێمداریا هندەک کەس و لایەن و گۆندان لسەر دەستێ هندەک داگیرکەرێن ناڤخۆیی ل دەڤەرێ پشکەکە ژ وێ گەندەلیێ.

هزاران کۆرێن ژ ڤی بابەتی دەستهەلات و حکومەتا هەرێمێ دشێت دۆماهیک ب گەلەک ژڤان ڕەفتارێن داگیرکەرانە بهێت ئینان و نەخاسمە ل سالێن داهاتی و ژ ئەگەرێ باشتربینا کاودانێن سیاسی و جێگریا وێ، و پاشڤەکێشانا هێزێن داگیرکەرێن پەکەکێ و تورک و بیانی، و بلندبوونا بهایێ فێقی و بەرهەمێن خۆمالی و کشتوکالی، خەلکەک زێدەتر ژ جاران دێ ل گۆندێن خوە زڤڕن و ئەگەر ئەڤ ئاریشە هۆسا نە چارەسەرکری بمێن دیر نینە کارەساتێن وێ ژ ئەنفال و داعش و... هتد، کێمتر نەبن. چونکی ئاخ و وار لنک تاکێ کوردستانێ پیرۆزە و چ هێز و کەسێن داگیرکەر قەبیل ناکەت، و ئەڤە داگیرکرنەکا مەزنە و دژی بها و بنەمایێن کوردەواریە، وەک جەنابێ سەرۆک بارزانی د فەرموت "پێدڤییە بهاییێن ڕەسەن بزڤرن". ئەو بهاییێن ڕەسەن ئەون ییێن ڕێبازا بارزان لسەر هاتیە ئاڤاکرن و بریتییە ژ پاراستنا وان مرۆڤێن خوە دایە بەر سیبەرا دادپەروەریا وێ ڕێبازێ و ستاندنا مافێ وانە ژ زۆرداران، و قوتابخانا بارزان د ڤێ چەندێ دا یا پێگوتییە. ئەڤ کارە ژی تنێ بڕێکا دەستەیا دەستپاکیێ یان کۆمیسیۆنەکا تایبەت و نهێنی و باوەرپێکری و وێرەک و بێتلایەن دهێتە بجهئینان، تا ڤان جۆرە ئاریشە و زێدەگاڤیا پەیدا و ئاشکرا بکت و دویڤداچۆن و چارەسەری بۆ بێتەکرن.

* بەرپرسێ زانستێت پێداگۆگی و سایکۆلۆژیک ل زانینگەها زاخۆ.



# سەربەخۆیی کوردستان بە یەکڕیزی نێوماڵمان زامن دەبێت

بێهروز زکری ئیدلبی

ئەبێت هەموومان پێکەوە بێ گوێدانە بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی هەڵگری ئالای کوردایەتی بین ، دەست لەناوەدەست بۆ سەرکەوتنی کوردستان تێبکۆشین ، پەرتەوازەیی و شەڕە پەڕۆ هیچ مافێکمان بۆ زامن ناکات تەنیا دووڕمان ئەخاتەوە لە ئامانجە دیارێ کراوەکامان بەرەو ئایندەیەکی تەمومژاویان دەبات. ئەبێ دەستمان بخەینە نێوەدەستی یەکدی، هەڵگری یەک ئالا و دروشمێکی دیاری کراوبین بۆ ئەوەی دەوڵەتانی جیهان گوێمان لێ بگرن و بە پیر داواکاریەکامانەوە بێین . گەر بێتوو هەر یەکێکمان لە سەر نەهج و دروشمێک بین ئەوە بەدڵنیاییەوە دەوڵەتانی دونیا گوێمان لێناگرن و بە پیر داواکارییەکامانەوە ناهێن. ئەگەر کێشە کامان بدەین بەلایەک لەژێر ڕۆشنایی یەک چەتری دیارێکراوادابین پێکەوە پەیامی سەرخستنی کوردستان بەرزبکەینەوە ، ئەوە بەدڵنیاییەوە ئاسومان ڕووناک و ڕۆشن دەبێت ئەگەین بە خەونەکامان و پێکەوە بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێین، دەوڵەتانی دونیاش دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ دەکەن، ئەوەی بمانەوێت هەر ئەو دەبێت. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە سەرێک لە میژووی ڕابردوومان بدەینەوە تا بتوانین هەڵەکانی ڕابردوومان دووبارە نەکەینەوە و پێکەوە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ تێبکۆشین کێشە لاوکییەکامان بەلاوە بنێین و بتوانین ئاسۆیەکی گەش و ڕووناک بۆ نەوەکامان فەراهەم بکەین بە ڕەو سەرکەوتن هەنگاو بنێین پێکەوە هەموومان سەرکەوتووبین کەسمان خۆمان بە دۆڕاو دانەنێین، هەموومان هەستی نەتەوایەتیمان بۆ دروستبێت بەرەو سەرکەوتنی یەکجارەکی هەنگاو بنێین. ئەگەر سەرێک لە میژووی هەر نەتەوەیەکی پێشکەوتووی دونیا بدەین ئەوە بوومان ڕووندەبێتەوە فاکتەری سەرکەوتنی هەرنەتەوەیەک بەستراوەتەوە بە کۆدەنگی و یەک هەڵوێستی نێوخۆیی خۆیانەوە . هەر نەتەوەیەک یەکڕیزی نێومالی خۆی نەپاراستبێت بەرەو تونێلێکی نادیار هەنگاویان ناوە هەمیشە لە هەر ئانوساتێکدا ئەگەری لە بارچوونی دەسکەوتەکانیان لە ئارادابووە بەرەو ئایندەیەکی تەمومژاوی هەنگاویان ناوە میلەتەکەیان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو دواوە هەنگاویان ناوە هیچ پێشکەوتنێکیان بەخۆیانەوە نەدیوە. میژووی ئەو نەتەوانەش دیار و ڕوونە ئەوانەی خاوەنی یەکڕیزی و یەک دەنگی نێومالی خویانن و یەکڕیزی و یەک دەنگی خۆیان پاراستووە لەژێر یەک چەتری دیاری کراودا کۆ بوونەتەوە ئەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاسۆیان ڕوشنا تر بووە بەرەو سەرکەوتێن هەنگاویان ناوە ولاتەکەیان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە و هەموویان پێکەوە بەرەو سەرکەوتن هەنگاویانناوە ولاتەکەیان هەمیشە بۆ هەتا هەتایە لە ڕیزبەندی دەولەتە هەرە پێشکەوتووەکانی دۆنیا بووە و پارێزراو بوونە لە هەر مەترسییەکی لەبارچونی دەسکەوتەکانیان.

مديرية تنفيذ ئاكرى
العدد / ١١/ت.خ/٢٠١٩
اعلان
قررت هذه المديرية اعادة اعلان عن بيع المواد المحجوزة في الاضبارة استنادا الى المادة ٧٣ الفقرة الثانية من قانون التنفيذية المرقمة ١١/ت.خ/٢٠١٩ المتضمن بيع الاموال المنقوله (الاليات والمكائن) العائدة للمدين المبين اوصافهم بجدول المرفق باعلان تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثالث التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري
الاوصاف :
١- فارشه دايناپاك السعر (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) خمسون مليون دينار عراقي
٢- فارشة دايناپاك السعر (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) خمسون مليون دينار عراقي
٣- حادیله عجله حدیدیه امان السعر (١٢,٠٠٠,٠٠٠) اثنا عشر مليون دينار عراقي
٤- حادیله عجله حدیدیه امان السعر (١٥,٠٠٠,٠٠٠) خمسة عشر مليون دينار عراقي
٥- حادیله عجله حدیدیه هام السعر (١٦,٠٠٠,٠٠٠) ستة عشرة مليون دينار عراقي
٦- حادیله عجله حدیدیه هام السعر (١٦,٠٠٠,٠٠٠) ستة عشرة مليون دينار عراقي
٧- حادیله عجله السعر (١٨,٠٠٠,٠٠٠) ثمانية عشر مليون دينار عراقي
٨- حادیله عجله السعر (١٨,٠٠٠,٠٠٠) ثمانية عشر مليون دينار عراقي
٩- شفل + حفارة مشتركه كبس السعر (١٢,٠٠٠,٠٠٠) اثنا عشر مليون دينار عراقي
١٠-كريدر تاير CAT السعر (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) خمسة وعشرون مليون دينار عراقي
المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٢٧/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٢
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٢٥٢٠٦/هەولێر - بارهەڵگر ) جۆری (مسیوبوشی پیکب) مۆدیل (١٩٩٢) ڕەنگی (ڕەش) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (زاهر محمد علی عبدالرحمن) لە ڕۆژی (٢٠١٩/٥/٢٢) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێتەوە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٢٥٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار).
دادوەری یەکەم / دیار محمد علی
* * *
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/١
ژمارە: ١٢٩٥/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٥/٩
ئاگانامە
داواکار/ ڕۆژگار سامی غریب
داوالەسەرکراو/ مارتا دانیلا سیلفا / ناونیشان : شوێنی نادیارە
داواکار (ڕۆژگار سامی غریب ) داوایەکی بەژمارە (١٢٩٥/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە ئەم دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٥ بریاریدا بە پەسەند کردنی طلاقی دەرەکی. وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بریاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە ئەگەر لەماوەی یاسایدا هەڵنەستیت بە تانەلێدانی پیاچوونەوەی بریارەکە ئەوا بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا..
دادوەر / جمال صدرالدين علی
* * *
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دەشتی هەولێر
ژمارە/١١٨١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٦
جاردان
تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دەشتی هەولێر لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا المزايده العلنيه هەڵدەستێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٢١/١٧٧٨) کەرتی ٧٢ دارەتوو) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (جبرائيل عباس هادی) بارمتەی خراوەتە سەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز مصرف الشرق الاوسط لە جیاتی قەرزی بری پارە ٩٠٠٠٠٠٠ نۆ ملیۆن دینار و تەواوی زیانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم جاردانە نوسراوە هەر کەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە باسەردانی تێبینەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە زیادکردنە کە لە تێبینەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر دەنازەی نیوەڕۆ بۆ زانین کرێار بروانامەی عیراقی هەبێت و (١٠٪)ی نرخی خەملێندراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنێ و رسومی تۆمارکردن کرێی جاردان لەسەر کڕیارە.
زانیاری لەسەر مولکەکە:
خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط)
خاوەن مولك (جبرائيل عباس هادی)
ژمارەی مولك (٢١/١٧٧٨) کەرتی ٧٢ دارەتوو)
ڕووبەری مولك (١٢٥م٢)
شوێنی مولك (ناحیەی دارەتوو/ دەکەوێتە سەر شەقامی ١٠م)
پێکهاتەکەی/ پێکهاتووە لە دوو نهۆم: نهۆمی یەکەم: یەك ژوورو مطبخ و حمام و مرافق نهۆمی دووەم: دوو ژوورو حمام و مرافق لە بلۆك و کۆنکریت مسلح دروست کراوە.
محمد سليمان محمد
تێبینەری تۆمارکردنی خانووبەرەی دەشتی هەولێر
* * *
دادگای کەتنی دوکان
ژمارە: ٩/ك/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٥
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: ابراهيم محمود مصطفى
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت پالپشت بە ماددەی (٢٢٧) لەیاسای سزادانی عیراقی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (خەلەکان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٧/٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ ابوبكر مولود عبدالله
* * *
سەرۆکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ
مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ١١٧٩/٣٣٤/٣٥/ ١١٧٩
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٥/٩
ئاگاداری
ئاگەهداریا هەڤوڵاتیێن بەرێز دکەین سەرئێك زێدەکرنا ئاشکرا یا هەی ژبو فروتنا پارچە ئەردێن ل خارێ دیار لدیف یاسا ژمارە ٣٢ ل سالا ١٩٨٦ یا تایبەت ب فروتن و کرێدانا مولکێن دەولەتێ لەوما هەرکەسەکێ بڤێت بەشداریێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێ دا بکەت بلا دخوازیێن خو دگەل دابینکرنا کوژمێ ٢٠٪ ژ بهایێ خەملاندنێ وەك بارمتە بو سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ پێش کێش بکەت ل ماوێ ٣٠ ڕۆژا ل ڕۆژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ و ئەڤ سەر ئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن دەم ژمێر ١٢ دووانزەدی نیڤرو ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ بەلاڤکرنێ و هەمی خەرجییێن پیتڤی کەڤنە ستوییێ وی.
١- ژمارا پارچە ئەردی/ ٢٢٤١/١ کەرت/ ٨٩ شیوەکور ڕووبەر/م٢/ ٢٤٨,٦٦
٢- ژمارا پارچە ئەردی/ ٢٢٣٩/١ کەرت/ ٨٩ شیوەکور ڕووبەر/م٢/ ٢٥٠
٣- ژمارا پارچە ئەردی/ ١٢٤/٤ کەرت/ ٨٨ اشکفتە مارە ڕووبەر/م٢/ ٢٩٢,٥
٤- ژمارا پارچە ئەردی/ ٥١٠/١٣ کەرت/ ٩٣ تەنشت ئاکرێ ڕووبەر/م٢/ ٢٥٠
٥- ژمارا پارچە ئەردی/ ٤٤٩/١٣ کەرت/ ٩٣ تەنشت ئاکرێ ڕووبەر/م٢/ ٢٥٨,٥
٦- ژمارا پارچە ئەردی/ ١٢٥٢/١ کەرت/ ٩٥ لالەیێ ڕووبەر/م٢/ ١٨٧
بلند رضا زبير
سەرۆکێ باژێرڤانیا ئاکرێ
* * *
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (٢٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (١/٣) کەرتی (٣٣) کۆڕێ گاڤانا/ زاویتە، بەمەبەستی دانانی کۆشکی (گەشتیاری هاوچەرخ) بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵی تر بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداربوونی کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە دهۆك بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە زیادکردنە کە لە تێبینەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر دەنازەی نیوەڕۆ بۆ زانین کرێار بروانامەی عیراقی هەبێت و (١٠٪)ی نرخی خەملێندراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنێ و رسومی تۆمارکردن کرێی جاردان لەسەر کڕیارە.
زانیاری لەسەر مولکەکە:
خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط)
خاوەن مولك (جبرائيل عباس هادی)
ژمارەی مولك (٢١/١٧٧٨) کەرتی ٧٢ دارەتوو)
ڕووبەری مولك (١٢٥م٢)
شوێنی مولك (ناحیەی دارەتوو/ دەکەوێتە سەر شەقامی ١٠م)
پێکهاتەکەی/ پێکهاتووە لە دوو نهۆم: نهۆمی یەکەم: یەك ژوورو مطبخ و حمام و مرافق نهۆمی دووەم: دوو ژوورو حمام و مرافق لە بلۆك و کۆنکریت مسلح دروست کراوە.
محمد سليمان محمد
تێبینەری تۆمارکردنی خانووبەرەی دەشتی هەولێر
* * *
دادگای کەتنی دوکان
ژمارە: ٩/ك/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٥
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: ابراهيم محمود مصطفى
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت پالپشت بە ماددەی (٢٢٧) لەیاسای سزادانی عیراقی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (خەلەکان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٧/٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ ابوبكر مولود عبدالله
* * *
سەرۆکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ
مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ١١٧٩/٣٣٤/٣٥/ ١١٧٩
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٥/٩
ئاگاداری
ئاگەهداریا هەڤوڵاتیێن بەرێز دکەین سەرئێك زێدەکرنا ئاشکرا یا هەی ژبو فروتنا پارچە ئەردێن ل خارێ دیار لدیف یاسا ژمارە ٣٢ ل سالا ١٩٨٦ یا تایبەت ب فروتن و کرێدانا مولکێن دەولەتێ لەوما هەرکەسەکێ بڤێت بەشداریێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێ دا بکەت بلا دخوازیێن خو دگەل دابینکرنا کوژمێ ٢٠٪ ژ بهایێ خەملاندنێ وەك بارمتە بو سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ پێش کێش بکەت ل ماوێ ٣٠ ڕۆژا ل ڕۆژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ و ئەڤ سەر ئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن دەم ژمێر ١٢ دووانزەدی نیڤرو ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ بەلاڤکرنێ و هەمی خەرجییێن پیتڤی کەڤنە ستوییێ وی.
١- ژمارا پارچە ئەردی/ ٢٢٤١/١ کەرت/ ٨٩ شیوەکور ڕووبەر/م٢/ ٢٤٨,٦٦
٢- ژمارا پارچە ئەردی/ ٢٢٣٩/١ کەرت/ ٨٩ شیوەکور ڕووبەر/م٢/ ٢٥٠
٣- ژمارا پارچە ئەردی/ ١٢٤/٤ کەرت/ ٨٨ اشکفتە مارە ڕووبەر/م٢/ ٢٩٢,٥
٤- ژمارا پارچە ئەردی/ ٥١٠/١٣ کەرت/ ٩٣ تەنشت ئاکرێ ڕووبەر/م٢/ ٢٥٠
٥- ژمارا پارچە ئەردی/ ٤٤٩/١٣ کەرت/ ٩٣ تەنشت ئاکرێ ڕووبەر/م٢/ ٢٥٨,٥
٦- ژمارا پارچە ئەردی/ ١٢٥٢/١ کەرت/ ٩٥ لالەیێ ڕووبەر/م٢/ ١٨٧
بلند رضا زبير
سەرۆکێ باژێرڤانیا ئاکرێ
* * *
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (٢٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (١/٣) کەرتی (٣٣) کۆڕێ گاڤانا/ زاویتە، بەمەبەستی دانانی کۆشکی (گەشتیاری هاوچەرخ) بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵی تر بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری

# دەرەشار..
# پێشینەیەکی میژوویی

بەشی دووەم - کۆتایی

کەمال نوری مەعروف

پەیڤێک: ئەم بابەتە کورتکراوەو نمایشی لێکۆڵینەوەیەکی شوێنەوار ناسییە لەسەر ناوچەی لوڕستانی بچوکی ئیلام، بەلامەوە باش بوولە زمانی فارسییەوە وەریبگێڕم دوای کورت کردنەوەی چونکە میژووە کۆنەکەی ئەلقەیەکە لەوزنجیرە گەورەیەی کەپێیدەڵێن میژووی دێرینی کورد.



کاری کنەو پشکنینی لە تەپەی سەرگەچلان لە دەرەشار کە بۆ سەردەمی شۆڕشی 1 و 2 دەگەڕێتەوە

## سیمرە وکەرخەو شوێنی(ماداکتوو):

روبارى (سیمرە) دواى بڕینى بەشى باکوورى (دەرەشار)یان(دەربەندشار)، ڕێڕەوى سروشتى خۆى گرتووەو بەهاوشانى ملەى کێوى بۆلاى خۆرهەڵاتو باشورى خۆرهەڵات بەردەوامى هەبووە.ئەم روبارە گوندى(ئارمو)(باباسەیفەدین)پێیدا لەپشتییەوە تێپەڕ دەبێتو لەنزیکى چەمى(مەهر)(خۆر) روبارى(کەشکان) لەباڵى باکورییەوە پەیوەندى پێوەدەکات. لەڕۆشنتیدا بە(دەرەشار) لەچەمى(مەهر) پاشماوەى دوو پردى کۆن بەناوەکانى(چەمى نەڤت)و(گاومێشان) لەسەر روبارەکە بەرچاو دەکەون. دواى یەکگرتنەوەى ئەم دوو روبارە واتە(سیمرە)و(کەشکان) ڕێڕەوەکە بەرەو لاى(ماژین)و(ئاندێشک)و(شوش) کەوانە دەگرێتو لەدوورییەکەوە ناوى(کەرخەى) لێدەنرێت.

بەڵگەکانى بوونى(ماداکتو) لەڕۆخى (کەرخە)دا دەناسرێت. لەدوولاوە لە شیکردنەوەى نەخشەکە بەرجەستە کراوەکەى ئاشوورى لە(قوبونجەق)دا (ماداکتو) لەسیمایدا دیارە قەڵایەکى بەهێزبووەو لەوێنە بازنەییەکەدا کەوتوێتە نێوان دوو روبار. بەناسینى دەردەکەوێت قەڵایەکى تۆندو تۆڵى بەرگرى ئیلامى یەو جۆرى بیناکەشى لەبەرچاوە. (ماداکتو)ش لەنەخشەکەدا هەیەو شوێنەکەى لەبنەچەدا لەیەکگرتنەوەى دوو روبار لە ڕۆشتنیا بۆ(کەرخە) بۆى دەگەڕێتیت.

دیارە شوێنەوار ناسانى خۆر ئاواش گومانیان لە نزیکى (دەرە سیمرە) لە (کەرخە) کردبێت، وەکو چۆن( دەرەشار)ى نزیکى ڕۆخى ڕاستى ڕوبارى (سیمرە) بڕیار لە شوێنەکەى دراوە کە، کە کەمتر لە لە شوێنى یەکگرتنەوەى (کەشکان)و (سیمرە) نێوانیان هەیە، ئەمەش بۆ ئەوەیە شوێنى ڕەسەنى (ماداکتو) بزانرێت، چونکە لەم ناوچەیەدا پاشماوەى وێرانەو تەپەى گەورەو فراوان زۆرەو پێوەیان پەیوەستنو لەبەرچاون، وادیارە ئەمانەیان نەدیوە.

(ماداگتو)وش ناوى هەیە کە ئاشوریەکان لە نووسینەکانى خۆیاندا شوێنەکەیان بۆ داناوەو

یۆنانیەکانیش پێیان وتووە (بادکا).

شێوەى بیناو کەرەسەى بەکار هێنراو لە (دەرەشار) (دەربەندشار):

شوێنەوار ناسانو گەشتیارانى شارى ناوبراو ئەوەى لەنزیکەوە دیویانە، یان بە پاشماوەکانیا گەڕاون، لەبارەیەوە دەڵێن وێرانە کە سەدەیەک لەمەو بەر کە پێیدا گەڕاون، یان ئەوەى دیویانە شوێنى بایەخدانو گرنگیان بووە. پێشەکى لەسەرى وتوویانە ئەو گۆڕانکاریانەى بەسەریا هاتووە بەهۆى ڕۆژگارەکەو بەرنامەى ئاوەدانییەوە بووە کە لەدەرى شارەکە ئەنجامدراوە، ئەوەش سیمایەکى نوێ ى بەسەر شارەکەدا کێشاوەو لە ئێستاشدا بە هەمان شێوەى پێشو ماوەتەوە.

پاشماوەکانى ئەم شارە بەگشتى ئەوە دەسەلمێنێت کە شوێنى کۆچەر نشین بووەو لە بوونیدا شارێکى ساسانى بووە کە لەدروستکردنیدا تایبەتمەندى هەبووەو بەردو قسلاو گەچو لمى ورد تێیدا بەکار هێنراوە. قسلاو بەردیش لە ڕۆخەکانى ڕوبارى (سیمرە) دەستیان کەوتووەو گەچیش لە هەمو شوێنەکانى ناوچەکە بەردەکەى هەبووە کە سودەکەى دیارو لەبەر چاوە.

بنمیچى نهۆمى ژوورەکان لە زەویەکەیدا خاوەنى تاقى کەوانەى بوون، بەڵام پاشماوەیەکى داپۆشینى چینەکانى ئەم شێوەیە کە دوومۆزگان کۆڵەکەکانى دیوە ؟ باسى نەکردووە.

بەگشتى بنمیچەکانى بەبەکارهێنانى قسلاو بەردو گیراوەى گەچ بەشێوەى گومەزى بوون،

یان ژوورى شێوە لاکێشى بۆ نووستن کە پێویستى بە کۆڵەکەى دار نەبووە.

لەئێستادا نیشانەى کەوانەکانو چەمانەوەى بنمیچى ژورەکان لەم وێرانەیەدا سیستمى تۆڕى پەیوەندییەکانى لەم دروستکراوانەدا بەئاشکرا دیارنو بەرجەستەبوون لە پۆشینى بنمیچى گومەزى، بەبەکارهێنانى قسلاو بەردوو وردەلو گەچ لەبەرامبەر هەریەکێک لەوانەى دیاریکراون.

سەرچاوەکانى ئەو گۆڕانکاریانەش بەزۆرى لەژووە قوڵەکاندا دەردەکەون، کە شێوەیەکى بیناسازى ساسانى بووەو بۆ ئیسلامیش ماوەتەوە، بەڵام ئەم شێوە گۆڕنکاریانە لە دەرکەوتنێکى نوێ دا لە (دەرە شار) پێویستى کوتو پڕى بووە کە بەدواى یەکتردا (2) ڕێبازى زانستى هێناوە، ئەمەش بەردەوامى هەبووە بەهۆکارى گۆڕانکارى لە تەکیدا نیشان دراوە. لە بەشێک لەو بیناسازییەى شاردا کە چوار دەورەکەى بە ڕوبەرى 60*30م شورە دراوە. ئەمانەش

بەشێوەیەک ڕێکن کە بەدواى یەکترا ژوورەکانى بەبنمیچى کەوانەى هاتوونەتەوە کەتێیاندا کەرەسەى بەکار هێناو قسلاو بەردو گەچو وردەلەو پێدەچێت ئەگەرى زیاتر بۆ ئەم کۆمەڵە ئیشانە بێت بۆ بونى پاشماوەى کاروان سەرایەک. لەناو ئەم شارە پرچێنراوەدا ڕوبارى وەرزى ڕێڕەوەکەى سەرچاوەى هەڵگرتووەو بەرەو باشوورى ئاسەوارەکەى نزیکى باکوورى خۆرئاواى گوندى (بەهمەن ئاباد) ماوەتەوەو لە دامێنى بەرزاییەکانى باشوورى ( دەرەشار) یش دەستى پێکردۆتەوەو بەدوایدا پێچى خواردووەو ماوەیەک بەرەو بەرەو ناوەوە هاتۆتەوەو پاشماوە میژوویەکەى بەرەو لاى باکور ڕۆشتووەو بەردەوام بووە.

داپۆشینى ژوور بەو شێوەیەى لە دەمى ڕوبارەکەدا دیارە ناونیشانە بۆ بونى شوێنى چەسپاندنى پردێک کە هەتاکو ئێستاش بەهەمان شێوەى پێشووى ماوەتەوەو پارێزراوە،

ئەمەش بەردەوامییە بۆ ئەو پۆشینە کەوانەییە شێوە مانگە کە نیشانەیە بۆ ئەوەى سەرتاسەرى ڕێڕەوى ڕوبارەکە لە پەیوەندى ڕۆشتنیو هاتنیدا بۆ دانیشتوانى شارەکە بەو شێوەیە دیار بووە بۆیە سەریان داپۆشیوە، یان بۆیان دروست کردووە.

بەرزى دامێنى باکورى کێوى گەورە لە باشوورى شارى بەناو ( تەختى چنارە )وە دیارە لە ڕووى ڕێکى ئەم بەرزییەشدا پەشماوەى بیناسازى لە قسلاو بەردو وردەلم بەدرێژى 30مو بە پانى 16مو کەمەرى 11مو بەرزى 5،3م لە بەرچاوە. ئەم شوێنە پاشماوەکەى هەر ئەوەندەیە کە تەواوى سنوورەکەى پەیوەستە بە (دەرەشار)و دەشتەکانییەوە تاوەکو ڕۆخى (سیمرە)ش لەبەر دەستایەو دەڕوات، لەوانەشە وەکو شوێنێکى پاسەوانى ڕوانگە بوو بێت بۆ سوود لێوەرگرتنیو بڕیارى لێدرابێت کە پەیوەندى تەواوى بە چاکسازى (دەرەشار)ەوە بوو بێت، لە نێوانى سنووری 3کیلۆمەتر بە مەزەندە بە باڵى خۆرهەڵاتى پاشماوەى شارە میژوییەکە، لەدامێنى لێژى بەرزایى خۆرهەڵاتى شارەکەدا کە دەڕوانێت بەسەر جادەى (دەرە شار)، قسلاو بەردو گەچو وردە لمى بۆ بەکار هێنراوە، زۆرەکانى بەشێوەى شەپۆلو گومەزى دیمەنى خۆیان وەرگرتووەو هەمان کەرەسەش لە دروستکردنیاندا بەکار هێناوە.

لە باریکەڕێگاى ڕۆشتنیاناو لە باڵى باکورى (دەرەشار) واتە لەباشوورى جادەى قیرتاوى ئەسەد ئاباد بۆ (سیکان) پاشماوەى بیناو پایەو دیوارى دروست کراو بەبەکار هێنانى قسلاو بەردو وردە لم هەیەو لەبەر چاو دیارن کە لە ئێستادا تەپەیەکى کەمێک بەرزەو پاشماوەکەى دیارە، ئەم پاش ماوەیە گوندى ((قەڵاگولا)) ەو بەماوەى سنوورى کیلۆ مەترێک لە باڵى باکوورى شارى میژوونییدا شوێنى خۆى وەرگرتووەو لەکەڵ پاشماوەى شارى ناوبراودا پەیوەندییەکى تەواوى بووە.

پاشماوەى بینا لە پشتێنەو بەنداوو قەڵاو پرد لەناوچەکەى دەرە شاردا کە بەنداوو تەنگى (بەهرام چۆپین) هەن، دەتوانین بەقەڵاو پەناگاى (شێخ مەکان)و (ماخۆ)و پردى (چەم نمشت)و ( گاومێشان ) ناویان لێ بنێین.

کارەکانى کنەو پشکنین لە تەپەى شوێنەوارى (تیغن) لە ( جەمشید ئاباد )دا :

(تەپەى تیغن) لە 4کیلۆمەترى باکورى خۆرهەڵاتى (دەرە شار )ەو لەسنوورى دووکیلۆمەترى دورى ڕۆخى ڕاستى ڕوبارى (سیمرە)ى دەشتە سەوزەکەى ناوەوەیە،و دەکەوێتە باشورى گوندى جەمشید ئاباد (جیهاد ئاباد)، لێرەدا تەپەکە شوێنەکەى دیارەو

دیمەنەکى هێلکەییەو ئەو وێنەیەشى لەخۆرهەڵاتو خۆرئاوایدا بەرجەستە بووەو زەوى چواردەورى تەپەکەش کشتوکاڵییە. ئەم دەشتە کە ئەم تەپە شوێنەوارییەى لەخۆ گرتووە ئاسەوارى فەرهەنگى تێدا حەشار دراوەو لەو زەویانەشا سنورەکەى دریژ بۆتەوە لەخۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاواو کەوتووەتە نێوان دوو زنجیرە شاخى گەورە، لە باشوربدا کێوى (ملە)و لە باکوریشدا هەمان شاخ دریژ بوونەوەى هەیە.

جیابوونەوەى زنجیرەکانى ئەو لقى شاخانەش لە دامێنى خۆیدا شێوەیەکى پێچاو پێچى لە دەشتە نێوانەکەدا وەرگرتووە، بەر لە دووەرکەوتنەوەى لە ڕوبارە پڕاوەکەى (سیمرە)داو دەشتە پر بەپیتوبەرەکەتەکى ناوەوەى کە بەشێوەیەکى نارێک دەکشێت.

جادەى قیرتاوى (دەرەشار)یش پردى کچ دەکەوێتە باکورى تەپەکەوە لە کیلۆمەترێک تێپەڕ ناکات.

لە مەودایەکى دوورترداو لاى باڵى خۆرهەڵاتى تەپەکە بەرزاییەکانى ناسراو بە ( دەرە زەرد ) بەرجەستە بووە، کە ناسراوە بە تەپەى ( سەرگەچلە ) کە بۆ سەردەمى جێنشین دەگەڕێتەوە، لە ڕۆژگارى کۆنیشدا لە 4کیلۆمەترى خۆرهەڵاتدا شوێنەکەى بڕیارى بۆ دراوە.

شوێنى کارکردنەکە لە تاقیکردنەوەى شوێنەوار ناسى لە (تەپە تیغن)دا :

دواى لێکۆڵینەوەیەکى ئاسایى، لە دامێنى باڵى باکوورى تەپەکە ئەوشوێنەى کارى کنەکردنەکەى تێدا هەڵبژێردراو ئەنجامى وەرگرت.

کنەکردنەکە ڕوبەرێکى (5x3م) لە هێڵى سەر تەپەکەى گرتەوەو شوێنەکەشى لە خوارەوەیدا دواى 14ڕۆژ کارى بەردەوامو لە قوڵایى 25،7مو لابردنى گڵو خۆڵەکە تێیدا کارەکە وەستا، لەناویدا چوار چینى نیشتەجێبوون لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەرکەوت، کە ئەمانەن:

1- چینى یەکەم:- ئەم چینە لە ((3 چینى بەدواى یەکتردا دروووست بووە تاوەکو قوڵایى 50،3م ڕۆشتووەو لە یەکەمدا گڵو خۆڵى ڕووەکەى بەوانەش کە کشتوکاڵیان لە سەر تەپەکە کردووە بە ئەستووری 40سم هاتوونەتە خوارەوە، دووەمى پێکهاتووە لە ( (15چینى دیوار کە بەدواى یەکتردا هاتونو خشت لە ناویا بەکار هێنراوە کە بەقوڵایى 70،2م،

سێیەمى، هەمووى هەشت چینە کە بە خشت بە شێوەیەکى جوان دانراونو پانى یەکەى 20،1مو بەرزییەکەشى 50،3م، پێوانەى خشتەکان هاوشێوەن کە لە نێوان 43x8و43x10و43x43سم، ئەم چینانە جوڵاونو لە کەوتندا بوون. سوڵەتى دۆزراوەلەم چینەدا بەگشتى ڕەنگیان نۆکییەو خشتەکانیش ساکارن، جگە لە چەند پارچەیەکى کەم لەو سوڵەتانە کە نەخشدارنو بەرچاو دەکەون.

لەگەڵ پاشماوەى سوڵەتەکاندا، چەقۆى بەردینو بەردە ئاگرو ئێسیدیەنو سەرە ڕمێکى وەرشاوو سەرە تەشییەکى سوڵەتو مۆرێکى بچکۆڵەى لولەیى ناڕێکو سپى ڕەنگو پارچەیەک بەردى دەرەوشاوەو دوو پارچە شوشەو بەردێکى قوچەقانیش دەر کەوتن. سوڵەتى دەرکەوتوو و خشتیش بەسەدەى 7و8ى پ.ز پەیوەند دران.

2- چینى دووەم: ئەم چینە دەکەوێتە قوڵایى 90،2مو لە بەشێک پێک هاتووەو حەکایەتى قۆناغێکەو تۆپکلى گڵەکەى گۆڕاوەو قوڵایى ئەم بەشە، بە بەشەکەى تریشەوە هەتاوەکو 40،6م ڕۆشتووە. گڵى ئەم بەشە بەتۆپکلێکى ناسک داپۆشراوەو خاکەکەى گۆڕاوەو شێوەى خۆڵەمێشیو خەڵوزى وەرگرتووە.

سوڵەتى دەرکەوتوى ئەم چینە لە جۆرى چینى یەکەمەو ناتەواوە. لەگەڵ پارچە سوڵەتەکاندا نمونەى تیغى بەردینو بەردى ئاگراویو ئۆ بسیدیەن لە قوڵایى 90،5م دۆزرانەوە کۆکرانەوە، هەروەها پارچەیەک سەڵەتى ڕەنگ نۆکى نەخشێنراویش بە دەست گەیشتووە کە پشتێنەیەکى ڕەنگ ڕەشى هەیە نەخشەکەى پانەو شێوە زیگزاکییەکە دەرەوەو ناوەوەى جوان کردووە.

3- چینى سێیەم: ئەم چینە بەگشتى بە شێکى ڕێکو پێکەو پاشماوەى بیناکانى بەبەردو قسلاً لە قوڵایى 70،5م دەرکەوتوون تاوەکو دەگاتەوە بە قوڵایى 40،6م تا دەگاتە 7م بەردەوام دەبێت.

لە باڵى باکوورى ڕووەکەیدا پاشماوەى پایەى دیوار لە بەردو قسلً درووست کراوەو

بە دووبەش پێکهێنراوە، لە ناویا کاسەو گلێنەى سوڵەتو خشتى ساکارو قۆقز لەگەڵ پارچە خشتى شکاوى پوختو ئەستوور کە 5بۆ 6سانتیمەترەو لەگەڵ پارچەى گەچى بچکۆلە بە دەست گەیشتونو دوور تریش لەمانە نمونەى سوڵەتى ئیسلامى لە خشتى ڕەنگاو ڕەنگیش هەیە.

وەکو سوڵەتى ڕنگ نۆکى 3گۆشەو بەرنگى سەوزى ڕۆشنو ناڕێک لە گەڵ پارچەیەک ئێسقانى داخوراویش دۆزرایەوە کە تێیدا سوڵەتى ئیسلامى بووەتە خەڵووز، ئەمەش بەڵگەى ئەوە نیشان دەدات لە سەردەتاى ئیسلامدا عەشیرەتێچک لە سەر تەپەکە ژیاون.

4- چینى چوارەم: خۆڵى کۆبۆوەى ئەم چینە لە قوڵایى چینى سێیەمەوە دەست پێدەکات دواى 15سم سوڵەتى نەخش کراوى بەر لە میژوو تیایدا دەرکەوت بۆ بەراورد کارى لەگەڵ سوڵەتى شوشى 1و2و دا باشە، کە لە قوڵایى 25،7م دەر کەوتووە. هەر بەو جۆرە سوڵەتى نەخش کراوى ئەم چینە لە ڕووى تەپە سەر سپییەکەدا بڵاوەو کنەو پشکنینیش لە تەپەکەدا زیاترى دەوێت.

ئەنجام: نیشتە جێبوونى گەلانى بەر لە میژوو لە تەپەى (سەر گەچلە) ى (دەرە شار)دا یان (سیمرە) لە ناوەڕاستى هەزارەى پێنجەمى پ.ز بە مانە شەش هەزارو پێچ سەد ساڵى بەر لە ئێستا وا دەستى پێکردووە. دیار ترین شارستانێتى کۆنى دروست بووش سوڵەتە سازکراوە دەر کەوتووەکانێتى کە زبرنو بە دەست لە قوڕێک درووستکراون کەوردە چەووڵیان تێدا هەنو بۆ کارەکەیان سودیان لێ بینیون.

دواى ئەم قۆناغە سوڵت کارەکان لەم تەپەیەدا نیشتەجێبوون ئەمەش بە هۆى کاریگەرى سوڵەتى (شووش) ى ((1 بووە لە سەریان، لەوەش بەدواوە بەر هەمى خۆیان دیاربووەو خستوو یانەتە ڕوو. ئەم سوڵەتانە لە قوڕێکى ڕەنگ نۆکیو بە هەمان شێوە لە لە سەر چاوەکەیەوە کە مەیلەو سەوزى پوخت بووە، سوڵت کاریش بە چەرخى سەرەتایى سوڵەتەکانیان بە جوانیو تۆندو تۆڵو وەستایانە درووستکردووەو نەخشى ئاژەڵو لەسەر تەرزى گۆڵاو بەتایبەتى بزنى کێوى، بە قەڵەمى ڕەش،یان قاوەیى لە سەریان نەخشێنراون، یان وێنە کراون، دواى ئەوەش خراونەتە ناو کورەو ڕەنگو نەخشەکانیان لە ڕووياندا جێگیر بوونو دەرکەوتوون. فراوانیو زۆرى ئەم ((2 سوڵەتە لە چینەکانى کۆنو نواێ تەپەى (سەر گەچلە)و بوونى پاشماوەکانى کورەو ئاگر پژان بە شێوەیەکى لە بەر چاو زیاتر، وادەکات ئەم بابەتەى لە نەخشە سازیەکەدا بەر چاو دەکەوێت شوێنى دروست کردنەو جوانکردنەکەى ئەو دوو جۆر سوڵەتە هەر لەو شوێنەدا بوون. بوونى تەپەى سروشتى زیاتریش کە لە توخمى خاکێکى سرشتى پاک بێت، ڕەغبەتى لە دروست کردنى سوڵەتەکاندا هەبووە،و ئاوى (سیمرە)و بونى لەوەڕگاو ڕاوکردنى ئاژەڵى کێوى زۆریش بابەتیانە نەک ئاشنایەتیان بە یەکترى یەوە هەیەو جێگیریان کردوون.

دواى تاقى کردنەوە لەسەر 1و2و لەتەک سوڵەتە نوێکانو کۆنەکانى میژوویيدا ژمارەیەک تیغى بەردە ئاگرو ئێسیدیەنیش دەرکەوتن، ئەمانە دەستى دروست کردنیان پێوە دیارەو بەگشتى پەیوەستن بە دانیشتوانى تەپەکەوە کە بەمەزەندە بۆ 500-6500سالً پ.ز دەگەڕێتەوە.

جگە لەمانەش دوو شێوەى ناتەواو لە(بت)، یان خواى بەرهەم هێنەر بە واتایەکى کە (خوا دایکە) لەگەڵ دۆڵو دەسکەکەى کە بۆ هاڕاوەى کەرەستەى جوانکاریو ئارایشتى خانمان بەکار هێنراوەلەگەڵ موّر کەلە ڕووى گلێنەو سوڵەتەکان دراون کۆ کراونەتەوە.

بە نیگەرانییەوە سنور دارکردنى کاتو بچوک کردنەوەى ڕوبەرى کنەو پشکنینەکە بەهۆى کەمى دراو، پێشەکییەکى واى خستەوە کە نەتوانین کارەکان تەواو بە ئەنجام بگەیەنین.

بۆیە داوا دەکەین لە ئایندەدا کارەکە تەواو بکرێت بۆ ئەوەى ڕاستییەکانى ژیانى دانیشتوانى پڕتەگبیرى (دەرەسیمرە) دەر بکەوێت.

تێکەڵبوونى دوو شارستانێتى کۆنو نوێش لە تەپەى (سەرگەچلان) لە ڕابردوودا واى کردووە لە گومانى تاقیکردنەوەکەى (تەپەى تیغن) دابمێنینەوە چونکە ئەوەى لە قوڵایى 25،7م لە بەشى سەرەوەى تەپەکەدا دۆزراوەتەوە ڕووى شارستانیەکەى نیشانداوە. ئێمە لەمەودوا بەو ئەنجامە دەگەین کە مرۆڤى شارستانێتى گەلانى (سەردەگەچەلان) لە (6) هەزار بەر لە تەپەتیغن پێگەیشتوونو تێیدا نیشتە جێبوون، بەوەش (2)نیشانە، یان (2) شوێنى مانەوە لە دووری 4کیلۆمەتر بەیەکترى ئاشنا بوون،ئەم پەیوەندییەش دوو ئەڵقەى زنجیرێکن شارستانێتى یەکەیان لە گەڵ یەکتردا لەو شێوەیەدا بە (شوش)و خاڵەکانى تریشەوە پەیوەست کردووە. ئومێد دەکەین بەدەست پێکردنەوەى کارى کنەو پشکنینى نوا لە (دەرەسیمرە)دا، ببێتە بەڵگە بۆ دۆزینەوەى ناوەندى شارستانێتى گەلانى کۆن.

لە (تەپە تیغن)دا شوێنێک کە سنوورێکى نێوانى هەبێت لەگەڵ ناوەندەکانى تری ڕۆژکارى جێگیر بوونى ئەم گەلانە بەر لە 2700ساڵ هێشتا دەر نەکەوتووە، لەوانەیە گەڕانو پشکنینو لێکۆڵینەوەى تر لە تەپەکانى تری دەورو بەریدا لەو ڕووەوە بەڵگە بدۆزرێتەوەو بە ئێمەى بناسێنێت.

دانیشتوانى (تەپە تیغن)دا بەر لە 2700-2600خاوەنى بیناى بیناى دانیشتن بوون کە بەخشتى قوڕ کردووە، پێوانەکەى 43x43x10سم بووە.بوونى ژمارەیەک بەردى قۆچەقانیو نووکى ڕم لەوە ڕشاویش شێوەى بەکار هێنانى نادیارى بیناکە دەردەخات کە پێدەچێت قەڵایەکى سەربازى ناوى لێ بنێین، بۆیە تەواو باوەڕم وایە بیناکە یەکەیەکى سەربازى، یان شوێنى پاسەوان بوبێت.

دواى نیشتەجێبون لە(دەرەسیمرە)دا شوێنێک، یان یەکەیەکى جیا کە تاوەکو ڕۆژگارى ساسانیەکانیش مابێتەوە، دواى کنەکردنو لێکۆڵینەوە تییدا شوێنەوار ناسان بۆیان دەرکەوت لەوانەیە هەر ئەم یەکەیە بووبێت.

لە ڕۆژگارى ساسانییەکانیشدا (دەرەشار) یان (دەرەسیمرە) لە لەتکەى توانای خۆیدا بووەو دەسەڵاتى بەسەر بردووە. بونى بردوو بیناو قەڵاو شارى ساسانیش کە پاشماوەکانیان بەزۆرى لەم ( دەرە)یەدا شوێنیان هەیە ، بووەتە حەقیقەتێک بۆ تێڕوانینى هەر کەسێک کە دەیبینێ، بوونى ئاشکراو لەبەرچاوە. لە ڕۆژگارى ئیسلامیشدا تاوەکو سەدەى چوارەم و پێنجەمى کۆچیش (دەرەسیمرە) ناوەندێکى بەهاداربووە.

زۆرى پاشماوەکانیشى پەیوەست بووە بەم سەدانەى سەرەتاى ئیسلامەوە . لەکاتى کنەو پشکنین دا دەرکەوت خوودى (تەپەپامیل) لەو سەرەتایەدا شوێنى چاودێرى واتە قەڵایەک بووە بۆ مانەوەیان. زۆرى ئەو گەرانکاریانەش لە بینا سازیدا لە لاپەڕەکانى پێشوودا کە باسمان کرد، هەموویان سەرچاوەن بۆ باس و بڕیاردان لەسەریان . پێویستە ئەوەش بە یاد بهێنمەوە سنوردارکردنى کنەو پشکنینەکە توانای کارەکەمانى کەم کردووە کە تەنیا توانیمان پوختەکەى بخەینە بەردەست. ئومێد دەکەم لە ئایندەدا بەرنامەڕێژى باشتر لەلایەن هەردوو ناوەندى شوێنەوارناسى و نوسینگەى ئاسەوارى میژوویى واتە ڕێکخراوى کەلەپورى فەرهەنگى کیشوەر بە کنەو پشکنینى شوێنەوارى بەردەوامى بە کارەکەیان بدەن کە سەرکەوتوو دەبن لە بەدەستهێنانى میژوونییدا تاوەکو بتوانین شارستانییەتى گەورەو گرنگ لە (دەرەسیمرە) دا بە دنیا بناسێنین.

**کوردکراوەیە، لە سەرچاوەى:**
**سیف اللە کامبەخش فرد/ ئاپار تاریخى ایران چاپ اول /1380فرهنگى کشور/ص -247 259.**



# ئەبراهام لینکۆڵن پەیامی ئاشی دەسەپێنێت، یان ناوچەکە گڕ دەدات؟



**غازی حەسەن**

بەشی دووەم

**پەیامی جوولاندنی ئەبراهام لینکۆڵن**

مەرج نییە هەموو جوولەیەکی سەربازی بە واتای جەنگ و قەومانی جەنگ بێت، ئەمە رەنگە واتا و پەیامێک بێت بۆ دروستکردنی گوشار و هوشیارکردنەوە و هاندان و سنووردارکردن و ملکەچکردن و ڕاپەراندنی کردەی ئاگاداری و بەدیهێنانی مەبەستێک لەپێناو دوورخستنەوەی جەنگ. دوور نییە تەرمپ بە بڕیاری جوولاندنی ئەبراهام پەیامێک بۆ هاوپەیمانەکانی لە سعودیيە و ولاتانی کەندا دژە ئێران بنرێت و چی دیکە گومان لە هاوپەیمانی ئەمەریکا نەکەن.پەیامێکە بۆ ڕوسیا و تورکیا و چین و کۆریا و قەزاقستان و ئەو ولاتانەی هاوکار و هاوپەیمانی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و بازاڕی نەوتی ئێران.پەیامێکی تۆندی پڕ لە هەڕەشەیە لەو میلیشیا چەکدارانەی دروستکراوی ئێران. پەیامێکە بۆ (گەڕانەوە بۆ ئاشتی، هەڕەشەی شەڕ، سنووردارکردنی هەڕەشەکان لەڕێگای گوشارەوە) بۆلتن سێیەم کەسە دوای مایکل فلین و هەربرت ماکماستر لە دوو ساڵی رابردوو ببێتە ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی، بۆ ئەوەی خۆی لەهەر گومان و لێڵی و ناڕوونیەک بپارێزێت بەناوی کۆشکی سپی ڕاگەیاندراوێکی لەبارەی مەترسی ئێران بۆ سەر بەرژەوەندی ئەمەریکا و جوولاندنی هێزەکانی ئەمەریکا بەرەو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بڵاوکردەوە. ئێمە دەزانین بۆلتن لەکۆنەوە هەڵوێستی ئەرێنی لەمەڕ ئێران نەبووە. قسەکانی ئەم بەرپرسە ئەمەریکییە، وەکو بەهێزکردنی زەمینەی جەنگ دەردەکەوێت و هەروەها هوشداریيەکی ئاشکراش بە ئێران دەدات بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر پرۆسەی ئاشتیانە چارەسەری کێشەکان. ئەمەریکا لە قۆناغی گومان و چاوەڕوانی تێپەڕیوە و چی دیکە ناتوانێت لە فراوانخوازی و لەخۆ بەهێز نیشاندانی ئێران و سنوور بەزاندنەکانی لە ناوچەکە بێدەنگ بێت، دوور نییە بۆ فریودان و هاندانی ئێرانیش بڵێن "ئێران لە هەڕەشە و تواناکانی زیادەڕۆیی دەکات".

**ترسی ئەمەریکا لە کوێیە؟**

ئەمەریکا دەتوانێت ترسە وەهمییەکانیش دژی دوژمنەکانی بکاتە ترسی هەقیقی، بەتایبەت ئەو کاتەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەپێناو دروستکردنی ڕای گشتی کار دەکەن، هێزی بڕواپێهێنان و حوکمدان ئاسانتر دەبێت. ڕۆژنامەی وۆل ستریت جۆرنال دەڵێت هەڕەشەکانی ئێران هێزەکانی ئەمەریکایان لە عێراق و سوریا و یەمەن لە ڕێگەی گرووپە چەکدارەکانەوە کردۆتە ئامانج، سەرباری هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە کەندا لەڕێگەی فڕۆکەی چاودێری، مەترسیدارترینیان هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمزە. لەبیری نەکەین جەنگ بنەمای ئابووری هەیە، نەک مرۆیی.سی ئێن ئێنیش لە سەرچاوەیەکی بەرپرسی ئەمەریکی گواستیەوە، ئێران هەڕەشەی لە هێزی دەریاوانی و پیادەی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا کردووە.بەپێی ئەو زانیارییانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاویان دەکەنەوە ئەمەریکا گومان و ترسی هەیە، ئێران لەم بنکە و هێزانەی بدات. 2500سەربازی ئەمەریکی و فەرەنسی و بەریتانی لە دەروبەری ڕووباری فورات و بنکەی ئەلتەنیفی باکوری ڕۆژهەلاتی سوریا. 5200 سەرباز و یەکە تایبەتییەکانی لە عێراق. 14هەزار سەرباز لە ئەفغانستان، بنکەی سەربازی پیادە و دەریاوانی لە کەندا و تورکیا و دەریای ناوەڕاست.ئەمەریکا ئێران بە کۆژرانی 600سەربازی ولاتەکەی لە 2011-2003 تاوانبار دەکات، هێزەکانی هاوپەیمانان کاروانێکی سەر بە ئێرانی لە بنکەی ئەلتەنیف لە ڕۆژهەلاتی سوریا بۆردومان کرد. ئەمەریکا ئەو ڕێککەوتنانەی سەر بە ئێرانن لە هێرشکردنە سەر کونسولخانەی ولاتەکەی لە بەسرە لە مانگی سپتێمبەری 2018تاوانبار دەکات. لە ساڵی 2016پاسداران 16 سەربازی ئەمەریکیان لە کەنداو بەدیل گرت. لەتەک ئەوانەشدا ئێران بەوە تاوانبارە فڕۆکەی درۆنی بۆ کردنە ئامانجی هێزی دەریاوانی ئەمەریکی لە کەنداو و ولاتەکانی دراسێی یەمەن بەکارهێناوە.ئەمەریکا ترسی لە بڵاوبوونەوەی هێزەکانی ئێران و لایەنگرەکانی لە سوریا هەیە، کە بە 60هەزار کەس دەخەمڵێنرێت. سەرباری بڵاوبوونەوەی میلیشیا چەکدارەکان لە عێراق، بالادەستی سیاسی و ئابووری و ئاسایش و جوگرافی لە بڕیار و کاروباری ناوخۆی عێراق. ئێران هاوپەیمانی حەماس و جیهادی ئیسلامییە لە کەرتی غەزە و لە یەمەن پاڵپشتی حوسیەکان دەکات و وەکو هاوپەیمان و پاڵپشتی ئیخوان موسلمین هەڵوێست دەنوێنێت. هاوکاری دارایی و سەربازی حزبوللای لوبنانیش دەکات. لە هەموویان بزوێنەرتر هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمزە. لەبیری نەکەین جەنگ بنەمای ئابووری هەیە، نەک مرۆیی.سی ئێن ئێنیش لە سەرچاوەیەکی بەرپرسی ئەمەریکی گواستیەوە، ئێران هەڕەشەی لە هێزی دەریاوانی و پیادەی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا کردووە.بەپێی ئەو زانیارییانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاویان دەکەنەوە ئەمەریکا گومان و ترسی هەیە، ئێران لەم بنکە و هێزانەی بدات. 2500سەربازی ئەمەریکی و فەرەنسی و بەریتانی لە دەروبەری ڕووباری فورات و بنکەی ئەلتەنیفی باکوری ڕۆژهەلاتی سوریا. 5200 سەرباز و یەکە تایبەتییەکانی لە عێراق. 14هەزار سەرباز لە ئەفغانستان، بنکەی سەربازی پیادە و دەریاوانی لە کەنداو

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/5/13 ژمارە (5748)
خەبات



# ئێران ...

# گڵۆڵەکەی کەوتۆتە نێو گەرووی هورمزەوە



**د.محەمەد خدر مەولوود**

رۆژی 16ی مانگی نیسان ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ئێران، پرۆژە یاسایەکی پەسندکرد تێیدا هێزەکانی ئەمەریکایان بە تیرۆریست ناساند .هەڵبەتە ئەم بڕیارە پەرچە کرداری بەتیرۆریست ناساندنی سوپای پاسداران و سوپای قودسە کە لە لایەن ئەمەریکاوە لە رۆژی 8ی نیسانەوە بۆتە ناونیشانێکی تازە بۆ سوپای ئێران بە بەرپرس و هێزەوە چ لە ناوخۆی ئێران بێ چ لە دەرەوەی .

لە دیدی ئێرانییەکان ئەم ناوچەیە بە گەرووی هورمزیشەوە لە نێوان دوو هێز دایە، کە ئێران و ئەمەریکان . لەدیدی غەیرە ئێرانیشدا باری ئەوان لە ناوچەکە لارە و گوشار و هەژموونی زیاتری لەسەرە ورۆژ دوای رۆژیش گوشاری زیاتری دێتە سەرچونکە بەر لە ناساندنی سوپای ئێرانی بە تیرۆریست، بەر لە شەوی 8ی نیسان سەرانی سوپای پاسداران هەرچی ژمارەی بانکییان هەبوو لەلایەن یەکێتیی ئەوروپاوە بلۆک کراوە ، وڵاتانی کەنداوی عەرەبیش لەوانە سعودیە، ئیمارات ، بەحرەین ، کوێت ، قەتەر،عومان جگە لە عێراق لە ساڵی 2018وە ئەو سوپایەیان بەتیرۆرست ناساندووە. ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو ناوچەیە لەدوای بڕانەوە و نەبڕانەوەی شەڕی داعشدا گرفتی هەرە گرنگ و سەرەکی بەردەمی بۆ ئامادەیی ئەمریکییەکان و هەژموونی ئێرانییەکان دەگەڕێتەوە .

ئێران و سوپاکەی هەریەک لەم ناونیشانانە لە نێوان دووکەوانە دا لەخۆدەگرێت : (ئێران سوریا ، ئێران – لوبنان و فەلەستین ، ئێران – ئیسرائیل ، ئێران – کەنداوی عەرەبی و فارسی ، ئێران – یەمەن ، ئێران – عێراق بە کوردستان و کەرکووکی دوای 16ی ئۆکتۆبەر، سەرباری هەندێ جاریش ئێران – فەنزەوێلا ) بوونەتە ناونیشانی سەربەخۆ و چەندین پرسی هەرە هەستیاری ناوچەکە، کە بۆ ئێران بە هیلالی شیعی ناسراوە و بە جۆرێ لە هەر قۆناغێکی ئەم هیلالەدا لێکەوتە و دەرهاویشتەی دیکەی لێ بۆتەوە و پێشهاتی دیکەی هاتۆتە پێش.

ئەوەتانێ لە واری واقیعدا وایە ، دوای چەندین جار لەو هەڕوگیفانەی ئێران کە بە گەرووی هورمزەوە دەیکرد ، کەچی لە رۆژی 15ی نیساندا رێگری لە پاپۆرێکی زەبەلاحی بارهەڵگرێکی نەوتی کە نەوتی بۆ سوریا دەگواستەوە لە کەناڵی سوێس لەلایەن میسرەوە لێ دەکرێ و رێگای گەیشتنە سوریای لێ دەگیرێت . کەچی بەهۆی خاکی عێراقەوە نەک هەر نەوتەکە دەگەیێنێتەوە سوریا ، بەڵکو چەک و تەقەمەنی و هەڕەشە و هەژموونیشی بۆ ناوچەکە و عێراق سەربار و بن بارە .

رۆژێک دوای پەسند کردنی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی شورایان،لە رۆژی 17ی نیساندا ئەمەریکا فرۆکە شەڕکەرە پێشکەوتووەکانی دەگەیێنێتە کەنداو، ئەو فرۆکانەی لەجۆری F35ن و لە بنکەی سەربازی ناوەندی سوپای ئەمریکی لە ئیمارات دەنیشنەوە بۆ ئامادەکارییەکانی ناوچەکە ، لەدوای 5-1وە بەتایبەتیش لە 6ی ئەم مانگەوە دوای گەرووی هورمزەوە دەیکرد ، کەچی لە رۆژی 15ی نیساندا رێگری لە پاپۆرێکی زەبەلاحی بارهەڵگرێکی نەوتی کە نەوتی بۆ سوریا دەگواستەوە لە کەناڵی سوێس لەلایەن میسرەوە لێ دەکرێ و رێگای گەیشتنە سوریای لێ دەگیرێت . کەچی بەهۆی خاکی عێراقەوە نەک هەر نەوتەکە دەگەیێنێتەوە سوریا ، بەڵکو چەک و تەقەمەنی و هەڕەشە و هەژموونیشی بۆ ناوچەکە و عێراق سەربار و بن بارە .

رۆژێک دوای پەسند کردنی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی شورایان،لە رۆژی 17ی نیساندا ئەمەریکا فرۆکە شەڕکەرە پێشکەوتووەکانی دەگەیێنێتە کەنداو، ئەو فرۆکانەی لەجۆری F35ن و لە بنکەی سەربازی ناوەندی سوپای ئەمریکی لە ئیمارات دەنیشنەوە بۆ ئامادەکارییەکانی ناوچەکە ، لەدوای 5-1وە بەتایبەتیش لە 6ی ئەم مانگەوە دوای ئەوەی جۆن بۆڵتەن راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا ئامادەی جولەپێکردنی کەشتیگەلی سەربازی ئابراهام لینکۆڵن بۆ کەنداو کرد .

ئەم بابەتە چەندین پرسیار لەخۆدەگرێ لەوانە دەبێ روانگە و بینینی ئێرانییەکان بۆ رووداو کەلەکەبووەکانی دوێنێ و ئەوانەی سەردەمیش لەدوای رووخانی رژێمی سەددام حوسێن لە ساڵی 2003وە هەر (مەرگ بەر ئەمریکا و شەیتانولئەکبەر) بن ..؟ ئەو دروشمەی 40ساڵە ئێرانییەکان بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە ناوەوە و دوای رووخاندنی رژێمی شای پەهلەوی پیادەیان کردوە و نەوە دوای نەوەیان پێ پەروەردە کردووە و هەژموونیشیان بۆ دەرەوەی سنوورەکان پێ بەرهەم هێناوە.

لەلایەکی دیکە وڵاتانی عەرەبی کەنداو لە ناوەراستی حەفتاکانی سەدەی پێشووەوە واتە نزیکەی 45ساڵە لە راست ئێران دوای لەدەستدانی هەرسێ دووڕگەی ( تونبولکوبرا و سوغرا و ئەبوموسا ) لە سۆنگەی بێ باکی و بە هەند سەیرنەکردنی شۆڕش و خەبات و قوربانییەکانی نەتەوەیەوەک لە شۆڕشی ئەیلولدا ، تۆقیو و ترسای هەژمونی سیستەمی عەسکەرتاری رژێمی بەعسی ئومەم عەرەبییە واحیدە و مارانگەستەی گەروی هورمزی دەستی ئێران بوون ، ئایا ئێستا باشتر لە بایەخی کورد و مێژوو و جوگرافیا و جیۆسیاسی و پێگەی شۆڕش وخەبات وتێکۆشانی گەلی کوردستان حاڵی نەبوونە؟پرسی کورد و دۆزەکەی بە مافێکی ڕەوای نەتەوەییک سەیر دەکرێ؟

لەوارى واقیعدا ئامادەکارییەکانی ناوچەکە پتر لە شەڕێکی پێشتر ئامادەکراو دەچێ ، لەکاتێکدا دەرکەوت شەڕی سوریا ، شەڕێکی جیۆستراتیژییە و هێشتا یاریزانە سەرەکییەکانی شەڕەکە هەر لە نێو ژووڕە داخراوەکانی پرۆسەکەدان و کەسیان پێی نەناوەتە نێو کەریدۆرە ستراتیژییەکە تا بگەنە سەر شا رێگای حەریری گەیشتن بە ئاوی گەرم و ئەودیوی سەمەرقەند و چین بۆ رۆژئاوایبان و ، پەرینەوەش بۆ ئاوی شیرین – دەریای سپی بۆ رۆژهەڵاتییانی کارەکتەری سەرەکی کێشە و شەڕەکەی سوریا .

هێشتا رێگاکان بەگرێ و گۆڵن ، گەر پێشتر رێگای گەیشتنە قودس لای تاران بە کەربەلا تێپەڕبووبێ ، ئێستا بەشێکی خاکی هەرێمی کوردستان و ناوچەی سوننەنشینی عەرەبی و رێگای بەغدا بۆ گەیشتنە دیمەشق و کەنارەکانی دەریای سپی رێگای حەریرەکە لە دیدی تاران فەرشی سوورە ، بێ گرێ و گۆڵە و ڕاپێخراوە.

لەم کەین و بەینەی دوای شەڕی سوریا و داعش واپێدەچێ دەرهاویشتە و لێککەوتەی دی بەدوا دابێ و رووداو و ئامادەکارییەکان حالی حازر سزاگەلێکن لەسەر کەرتەکانی بانک و وزە و ئەلەمنیۆم و مس و پۆڵا و کورە ئەتۆمییەکانی ئێران .

ئێرانێک سوپای بە تیرۆریست ناسێندرا و مرۆڤی ئابلوقەدراو و ئابوری و بازرگانی گەمارۆ و سزای تۆندیان لەسەرە ، ئێستا بۆتە مەترسی بۆ سەر ناوچەکە و ئەمەریکییەکان وای دەبینن کە ئەوانن پشتیوانی تیرۆر و بڵاوکردنەوەی تۆندوتیژی و تۆقاندن ، لە ناوچەکە و جیهان . تاران ئێستا کەریدۆر و رێگاکانی لێ بۆتە گڵۆڵە و گڵۆڵەکەش بەرەو گەرووی هورمز کەتۆتە لێژی .

لای بڕیار بەدەستانی جیهاندا ئەوە واقیعێکە ئێران تێی کەوتووە ئەوانەی ئاگایان لەو کەین و بەینەی پشت پەردەکانەوە هەیە ، وەک رۆژنامەی فایننشڵی بەریتانی ئاماژە بە هەندێ لە بڕیار بەدەستانی وەک ( جۆن بۆڵتۆن و مایک پۆمپیۆ و بنیامین نەتەنیاهۆ و فلادمێر پوتین و دۆنالد ترەمپ و رەجەب تەیب ئەردۆگان و... تد) دەکا و بە وڵاتانی میسر و عەرەبی سعودییە و چین و هیندستانیشەوە ، ئەو ناوانە ، ئەوانەن کە باوەڕیان بە جێبەجێکردنی بڕیارەکان هەیە لە شەوی 7ی ئەم مانگەش مایک پۆمپیۆ،بەشەو لە بەغدا بوو، جێگرەکە و شاندی بااڵی ئەمەریکییەکانیش بەرۆژی رووناک ، رۆژی پێنجشەممە 9ی ئەم مانگە لە هەولێر بوون .لێرە و لەوێ هەموو ئاماژەکان روون و ڕەوانن .

هەر لە رۆژەڤی گەرمی میدیاکاندا ،بابەتی جولەی ئابراهام لینکۆڵن ئەو کەشتیگەلە مەزن و پێشکەوتووە فرۆکە هەڵگرە مووشەک هاوێژیە دێتەوە بەرباس و لێدوان ، وا رۆژی 5/9/ 2019 گەیشتە کەناڵی سوێس . لە مێژووی خۆیدا ئەم کەشتییە سەربازییە ئەوە دووەمین جارە بێتە ناوچەکە ، گەر ئەم جارە لە کەنداو لەنگەر بگرێ دەبێ چیی بقەومێ ..؟

ئایا ئاماژەی هەرە مەترسیدار لێرە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بەدیارنەکەوتوون..؟ یا ئاماژەکان لە دوێنێ و پێرێی پێش هەردوو شەڕی کەنداو و گەردەلولەکانی بیابان بەهێزتر خۆیان نانوێنن .؟

لە کاتێکدا ئەم کەشتییە ساڵی 1991 بۆ ئۆپراسیۆنی گەردەلولی بیابان – پرۆسەی رزگارکردنی کوێت رەوانەی کەنداو کرا و لە جیاتی (رێوی و گەردەلوول ) ، وادیارە ئەم جارە گەردەلولێکی دیکەی بۆ شەڕی سێیەم لە نێو شەپۆلەکانی خۆیدا حەشارداوە ؟

یا وەک ئەو مەزندە و بۆچونەی ئێرانییەکان دەیکەن و دەڵێن هیچ لەگۆڕێ نییە و تۆز و بایەکە و دێ و دەڕوا .؟

تۆزوبایە یا گەردەلول..؟ یا ئەوەی هەیە ستراتیژیەتی گوشارە و مەبەست لێی گۆڕینی ڕەوشتی ئێستای تارانە.؟ نەک کەفوکوڵی نێو فنجانی قاوەی بەیانی سەرمێزی دۆنالد ترەمپی نێو ژووڕە شێوە هێلکەییەکەی کۆشکی سپی .

## مانشێت




**سکای نیوز:**
لە دوایین راپرسیدا سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا لە بەریتانیا دەرکەوتووە کە پارتی بریێکزت بە سەرۆکایەتی نایجل فراج پێش پارتی پارێزگاران کەوتووە.



**ئیلاف:**
دوای شکستهێنانی لە سوریا ، رێکخراوی داعش ویلایەتێکی تازەی لە کشمیر راگەیاند.



**رۆژنامەی ئەلحەیات:**
مۆسکۆ رایگەیاند کە سەبارەت بە دوورگەکانی کۆریل ،ناکۆکی گەورە لە نێوان رووسیا و ژاپۆن هەن.



**رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:**
لە باشووری پاکستان 3 چەکدار هێرشیان کردە سەر هۆتێلێکی گەورە کە بە یەکێک لە پرۆژە سەرمایەگوزاریەکانی چین دادەنرێ .



**ئەی ئێف پی:**
لە ناوەڕاستی مەکسیک گۆرێکی بە کۆمەڵ دۆزرایەوە کە 35 کەسی تیادا ژێرخۆڵ کرابوو .



**فرانس 24:**
نەسرولا سوفەیری پاتریارکی پێشووی مارۆنیەکان لە تەمەنی 99 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.


## چیرۆکی ئاڵای وڵاتان

**بەرازیل**

ڕەنگی سەوز ئاماژەیە بۆ دارستانە بەرفراوانەکانی وڵات، ئەڵماسە گەورە و زەردەکەش هێمایە بۆ سامانە کانزاییەکانی وەک زێر . ئەو کەسەش کە سەربەخۆیی وڵاتی راگەیاندووە جلێکی زەرد و سەوزی پۆشیوە. لەناوەڕاستی ئاڵاکەدا بازنەیەک هەیە کە ئاماژەیە بۆ گۆی زەوی و 23 ئەستێرە دەگرێتە خۆی، هەر ئەستێرەیەک ئاماژەیە بۆ ویلایەتێکی بەرازیلی. لە ناوەڕاستی بازنەکەش نووسراوە : سیستم و پێشکەوتن .



# بۆچی لەم سەردەمەدا فڕۆکەو کەشتییەکان لە (سیگۆشەی بەرمۆدا) ون نابن؟




(سیگۆشەی بەرمۆدا)، بریتییە لە ناوچەیەکی جوگرافی و لەسەر شێوەی سێگۆشەیەکی سێ لا یەکسانە و دڕێژی هەر لایەکیشی دەگاتە 1500کم و ڕووبەریشی 1ملیۆن کم چوارگۆشەیە، دەکەوێتە نێوان دوورگەکانی (بەرمۆدا و پۆرتەریکۆ و فۆرت لۆدەردیڵ لە ویلایەتی فلۆریدای ئەمریکیەوە).

چەندین چیرۆک و ئەفسانە لەنێو چەندین بابەت و گوتار و گتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەو و بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنی لەبارەیەوە نووسراوەو بەرهەمهاتووەو بە چەندین ناوی سەیر ئاماژەی پێدراوە، وەک (سیگۆشەی شەیتان) یان (بنکەی نهێنی UFO یەکان)، گوایە چەندین فڕۆکەو کەشتی دەریایی لەو شوێنەداو هەتا هەتایە ونبوونە، بەڵام سەرژمێرییەکانی دەڕگا زانستی و ئاسایشییەکانی ئەمریکا وەک (ناسا) و دەزگای (ئێشکگری کەناریی ئەمریکی) تاوەکو ئێستا هیچ تۆمارێکی نا ئاسایی و لە ناسروشتی دەربارەی ونبوونی فڕۆکەو نقومبوونی کەشتییان تۆمار نەکردووە، بەڵکو ڕووداوەکانی نقومبوون و کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکان لەنێو ناوچەی ناسراو بە سێگۆشەی بەرمۆدا هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە لەگەڵ تەواوی ڕووبەرە دەریایی و زەریاییەکانی دیکەی جیهانیدا.

بۆیە چەندین بەرنامەی دیکۆمینتاری کە لەو ناوچەیەدا ئەنجام دراون هیچ جۆرە حاڵەتێکی نائاسایی وەک بوونی بنکەی دەفرە فڕیوەکان ... هێزی ناسروشتی و نادیار... بوونی بنکەیەک بۆ گیان و شەیتانە شەڕانگێزەکانیان لەم ناوچەیەدا نەدۆزیوەتەوە، پاشان چەندین ئاژانسی فڕین و دەریاوانی دانیان بە ڕوودانی چەند هەڵەیەکی مرۆیی بە پلەی یەکەم نەناوە، بەڵام وەک زۆرێک لە ناوچەکانی جیهاندا، چەند هۆکارێکی سروشتی وەک، ڕوودانی گێژەڵووکەی لەناکاو و نادیار یاخود کاریگەری ناسراو بە تەقینەوەکانی هایدرایتی گازی میتان لەوێ تۆمارکراوەو بەردەوامیش تۆمار دەکرێت، ئەمەش لەسەر شێوەی بڵقی گازی زۆر گەورە لە ناخی زەوی و لەڕێگای چەند درزێکی ژێر زەمینی قوڵ لە بنکەی دەریادا دەردچن و کاتێک سەر دەکەون ڕەنگی ئاوەکە دەگۆڕن بۆ سپی و هەڵبەزین و دابەزینی وا دروستەکات کە بە ئاسانی کەشتییەکانی ئەو کاتە وەربگەڕێنی و نقومیان بکات بێ هیچ ئاگاداربوونێکی پێشوەختانە، خودی ئەم دیاردەیەش ناسراوە بە (گڕکانە قوڕینیەکان) و لەم بارەیەوەش (کەناری ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا) بە یەکێک لەناوچە هەرە دەوڵەمەندەکانی بوونی هایدرایت لە جیهاندا دەژمێردرێت.

جێگای ئاماژەیە کەوا (ئێدوارد ڤان وینکڵ جۆنز) یەکەم کەس بوو کە پڕوپاگندەی ونبوونی لەناکاوی کەشتی و فڕۆکە لە بەرمۆدا لە 16ی ئەیلولی ساڵی 1950و لە گۆڤاری (ئەسۆشییتد پرێس) ی ئەوکاتەدا بڵاوکردەوەو دوای دوو ساڵ و لە تشرینی یەکەمی 1952دا، هەمان جۆرە بابەت بە قەڵەمی (جۆرج ئێکس ساند) لە گۆڤاری (FATE) و بەناونیشانی (Sea Mystery at Our Back Door) واتە (نهێنییەکی دەریایی لە دەرگاکانی دواوەومان) بڵاوکرایەوە کە باسی لە ونبوونی چەندین کەشتی و فڕۆکە دەکرد لە بەرمۆدا لەوانە گەشتی ژمارە 19ی تایبەت بە 5فڕۆکەی بۆمبهاوێژی ئەمریکی.

ئەوەی سەیرە و جێگای تێڕامانە کەوا بەدێژایی حەفتایەکانی سەدەی 20بیستەم تاوەکو ئێستا تەنانەت یەک ڕووداوی تەم و مژاویی ونبوونی کەشتییەک یان فڕۆکەیەک لەنێو بەرمۆدا وە تۆمارنەکراوە! ، بێ گومان ئەو پانتاییەی ناوچەی (سیگۆشەی بەرمۆدا) ش تا ئەمڕۆکە چەندین هێڵی ئاسمانی و دەریاوانیشی بەسەر و نێویدا دەڕوات، کەوابوو سێگۆشەی بەرمۆدا وەکو کۆتاییهاتنی دونیا لە 2012و دەرکەوتنی یوفۆ یەکان لە خەیاڵ و پڕوپاگندە بەوڵاوە هیچی دیکە نییە.

**ئا: ئەڤی چەتۆ حەسەن**

# لەسەر ڕاسپاردەی (دۆناڵد تڕەمپ)، (ناسا) دەگەڕێتەوە بۆسەر مانگ


لە نامەیەکیدا، (دونالد تڕەمپ) سەرۆکی (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) داوای لە ئاژانسی (ناسا) کردووە کە هەنگاوەکان خێرابکەن بۆ دانانی پلانی (گەڕانەوە بۆ سەر مانگ) و دووبارە دابەزاندنەوەی ئادەمیزاد بەمەرجێ پێویستە ئەم ئامانجە لە ساڵی 2024 هاتبێتە دی.

" ئەمجارەیان بە ئامێرو تەکنیکی هەرە نوێ و داهێنراودا دەگەڕێینەوە سەر ڕووی مانگ و دۆزینەوەی زۆر چڕوپڕ لەسەریدا ئەنجام دەدەین و هەروەها، ئەمجارەیان کە چووین لەوێ دەمێنینەوە، پاشان ئەو شارەزاییەو پسپۆڕێتییەی کە لەسەر مانگدا وەریدەگرین، بەکاری دەهێنینەوە تا ئامانجە گەورەکەی دوای ئەوە ئەنجام بدەین، ئەویش، گەیاندنی کەشتیوانانە بۆسەر هەسارەی (مەریخ) لە سنووری ساڵی 2030دا"، لە زاری (جیم بریدنشتاین) ی سەرۆکی ئاژانسی (ناسا) وە.

لەڕاستیدا، مانگ وەکو گەنجینەیەکە بۆ ئێمەو ئەو نموونانەی خاک و بەردەکەی کە لەمیانەی گەشتەکانی (ئەپۆلۆ) لەنێوان ساڵانی 1969 تا 1972وە هێنراونەتە سەر ڕووی زەوی وایکرد تیۆرانینی پسپۆڕانی فەلەکناسی بۆ ئەو تەنە ئاسمانییەو تەواوی گەردوون بگۆڕدرێ.

تا ئێستا ئەوەی کراوە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕووکەشیانەو زانایان چاک دەزانن کەوا تەنێکی وەک مانگ پڕە لە نهێنی و گەنجینە، وەک بوونی ملیۆنەها تەن لە سەهۆڵی ئاو لەژێر خاکی هەردوو جەمسەرەکانیدا، ئا ئەم ئاوە خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی وزەیە، سەرچاوەی دابینکردنی ژیان و سووتەمەنییە بۆ گەشت و پڕۆژەکانی داهاتوو، هەروەها پسپۆڕان دەڕوانە مانگ وەک سەرچاوەیەکی مەزنی زانیاری و دۆزینەوەی نهێنییەکان، نەوەک تەنها بۆخۆی، بەڵکو بۆ زانینی نهێنییەکانی خۆرو هەسارەکەی خۆشمان، هەر بۆیە بوونی مرۆڤ و ڕۆبۆت بەیەکەوە، هۆکاری سەرەکین بۆ فراوانکردنی ئاسۆکانی دۆزینەوەو زانین.

سەرچاوە: NASA




# سەنتەرێکی گەورەی بۆشاییگەری بەناوی (ئارمستڕۆنگ) کرا

ئامادەبێت دوای ئەوی ناوبراو لە 25ی ئابی 2012 و لەتەمەنی 85 ساڵی کۆچی دواییکرد. جێگای ئاماژە پێدانە کەوا ئاژانسی ناسا بیرۆکەی گەڕانەوەی بۆ مانگی نەماوە، بەڵایەنی کەم لەداهاتوویەکی نزیکدا، دوای ئەوەی سەرۆکی ئەمریکی (باراک ئۆباما) ڕەزامەندی نیشاندداوە لەسەر ئەنجامدانی پڕۆژەیەکی ناردنی کەشتیوانان بۆ سەر یەکێ لە (هەسارۆکەکان) کە ڕەنگە لە دە ساڵی داهاتوودا ئەنجام دەدرێت و لەپاش ئەوەیش بۆ سەر مەریخ.

# وردەکاریی گەشتێکی مرۆیی بۆ مەریخ بڵاوەکرێتەوە

(ئاژنسی فڕین و بۆشاییگەریی نیشتیمانی -NASA ) پلانی تایبەتی خۆی بۆ ڕەوانەکردنی یەکەم ئادەمیزاد بۆسەر ڕووی هەسارەی (مەریخ) لە سییەکانی ئەم سەدەیەدا بڵاوکردەوە.

(ناسا) ڕاپۆرتێکی پڕ لە وردەکاریی بۆ چۆنییەتی ڕاپەڕاندنی پلانی ستراتیژی خۆی بۆ هێشتنەوەی ماوە دوورودرێژی ئادەمیزاد لەسەر ڕووی ئەم هەسارەیەدا بڵاوکردەوە، کە تیایدا تیشکی خستۆتە سەر گرنگترین ئەو کۆسپ و تەگەرانەی ڕووبەڕووی ئەو گەشتەو کەشتیوانانەی نێویدا دەبێتەوەو هەروەها چۆنییەتی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو و ورد بۆ هەر هەموویان.

هەر لەو ماوەیەدا، ئاژانسەکە دەستەکات بە ڕاهێنانی کەشتیوانان لەسەر چۆنییەتی دەرهێنان و گۆڕینی سامانە کانزاییەکانی ڕووی هەسارەی سوور بۆ دروستکردنی مادەو توخمی زۆر پێویست بۆ ڕاپەڕاندن و بەردەوامبوونی ژیانیان وەک ئۆکسجین و ئاوو کەرەستەکانی بیناسازیی، لە پێناو دەربازبوون لەکێشە تەندروستییەکان و هەروەها ئەو کەش و هەواو ژینگە سەختەی کە لەسەر ڕووی مەریخدا هەیە، بە تایبەتیش پێشبینیکردنی تووشبوونی کەشتیوانان بە حاڵەتی (لەدەستدانی چڕیی ئێسک و پووکانەوەی ماسوولکەکان و کێشەکانی بینین و چەندین کێشەو گرفتی تەندروستی دیکە، ئەمانەش گشتیان لەبەر نەبوونی بەرگێکی موگناتیسی تەواو و بەهێزە لەدەوروبەری ئەو هەسارەیەدا، هەربۆیە، کەشتیوانان پێویستە بەردەوام بپاریزرێن لەو تیشکە مەترسیدارانەی کە لە خۆرو ئەستێرەکانەوە دەردەچن، بە تایبەتیش (تیشکی گەردوونی)، ئەویش بە دروستکردنی یەکی نیشتەجێیی زۆر پێشکەوتوو و تۆکمە.

بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە گەورەیە، (ناسا) پلانێکی سێ قۆناغیی سەرەکیی داناوە کە زۆر بە کورتی بریتین لە:

**1- قۆناغی سەر زەمینی**

دامەزراوە سەرەکییەکان دەگرێتەوەو ئێستا زۆریان لەبەر دەستن، وەک (وێستگەکانی بۆشایی ئاسمان و تلسکۆپە ئاسمانییەکان و مانگە دەستکردەکان و مووشەک و کەشتییە ئاسمانییەکان)، وە ئێستا (ناسا) دەستیکردووە بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی تایبەت لەسەر تەندروستی ئادەمیزاد لەنێو گەشتە بۆشاییگەرییە درێژخایەنەکان.

**2- دامەزراندنی بناغەی پڕۆژە**

بۆ ئەم مەبەستە، ئاژانسی (ناسا) کەشتی ئاسمانیی (ئۆرایۆن) ی ئامادەکردووە بۆ ئەنجامدانی گەشتی بۆشاییگەریی درێژخایەنی مرۆڤ و کەل و پەلەکان بۆ نێو بۆشایی ئاسماندا، بە تایبەتیش سیستەمەکانی بەرهەمهێنانی وزە، بە تایبەتیش وزەی خۆرو هۆکارەکانی گواستنەوەی داتاو وێنە هەرە تازەکان.

**3- سەربەخۆبوون لە زەوی**

لە قۆناغی کۆتایی و بە پێی پلانە ستراتیژییەکەی، (ناسا) لێکۆڵینەوە دەکات دەربارەی دامەزراندنی وێستگەیەکی ئاسمانیی لە نزیک مەریخدا بۆ ئەوەی بێتە خاڵێکی گواستنەوە لەنێوان هەسارەی (مەریخ) و هەردوو پاشکۆیەکەی (فۆبۆس و دیمۆس)و لە هەمان کاتدا، بێتە وێستگەیەکی پشوودانی کەشتیوانان دوای بڕینی ماوەیەکی دوورو درێژ لە بۆشایی ئاسمانی نێوان (زەوی و مەریخ) کە ڕەنگە بە چوون و گەڕانەوەیان بۆ زەوی نزیکەی 3 ساڵ بخایەنێت، وە لە هەمان کاتدا، ئەو وێستگەیە دەبێتە تۆڕێکی پەیوەندیکردنی زۆر پێشکەوتووی نێو هەسارەیی و دەبێتە سەنتەرێکی گواستنەوەی داتایەکان لەنێوان هەسارەی زەوی و هەسارەی (مەریخ) دا، لەگەڵ دواکەوتنی 20 خولەکیی لەنێوان هەردوولادا کە بەرامبەر بە دووریی یەگجار زۆری نێوان ئێمەو ئەو هەسارەیەدا هەیە.


# پاشماوەی تەقینەوەی خۆرێکی دیکە دۆزرایەوە

لەساڵی 1006ی زایینیدا، ئەستێرەیەک تەقییەوەو بووە یەکێ لە گەشترین تەنی ئاسمانیی دوای خۆرو مانگ، بەڵام دوای ماوەیەک ڕووناکییەکەی کەمبۆوەو لە ئاسماندا چیتر بە چاوی ئاسایی نەبینرا.

سەردەڕای ئەوەش، فەلەکناسان ماوەیەکە لە ڕێگەی تەلەسکۆپە ڕادیۆییەکانیانەوە توانیوانە بەداواچوونێکی تێرو تەسەلی بۆبکەن و وێنەی فۆتۆگرافی و ڕادیۆیی سەنجڕاکێشی بۆ بگرن بە تایبەتیش دوای پەردەسەندنی هۆکارو تەکنیکەکانی وێنەگرتنی فەلەکی لە ڕێگەی ڕوانگە گەورەکانی جیهاندا.

ئەم دیمەنەی تیشکی (ئێکس) بە کامێرای (ڕوانگەی ئاسمانیی چاندرا) وەرگیراوە بۆ پاشماوەی تەقینەوەی ئەستێرەکەی ساڵی 1006ە، کە بریتییە لە تۆپەڵێک گازو لەوەتەی تەقینەوەکە تاوەکو ئێستا هەروا لە کشان و فراوانبوونداید تا ڕادەیەک تیرەی ئەم پاشماوەیە کە لە ڕووی فەلەکییەوە پێی دەگوترێت (پاشماوەی سوپەر نۆڤایی ئێستا لە سنووری 60ساڵی ڕووناکییەو لە ناوجەگەرشی پاشماوەی دڵی ئەستێرە مەزنەکەی پێشوو ماوەتەوەو ئەویش پێی دەگوترێت (گرگن - یاخود بچووکە سپییەکان - White Dwarf ).

ماوەی نێوان ئێمەو ئەو ئەستێرە تەقیوە دەگاتە 7000 ساڵی ڕووناکی، بەم واتایە ئەم تەقینەوەیە بە ماوەی 7000ساڵ پێش ساڵی 1006دا تەقیوەتەوە، بەڵام لەو ساڵەدا ڕووناکییەکەی گەیشتبووە زەوی.



# سانشۆ رەتیکردەوە یاری لە ئۆڵد ترافۆرد بکات




بەرپرسانی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی لێدانێکی بەئازاریان لەلایەن یانەی بروسیا دۆرتمۆندەوە پیگەیشت، کاتێک یانە ئەڵمانییەکە رەتیکردەوە دەستبەرداری جادۆن سانشۆ بن کە لەوەرزی گواستنەوەی زستانەدا یانەکە جێبهێڵێت.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی زە سەنی بەریتانی: سانشۆ رەتیکردۆتەوە یاری لە ئۆڵد ترافۆرد بکات و پێی باشترە وەزری داهاتوو هەر لە بروسیا دۆرتمۆند یاری باکتەوە، ئەگەرچی بەم دواییە یانەی مان یونایتد ئامادەیی نیشاندابوو بڕی 100 ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بدا بە یانە ئەڵمانییەکە لەبەرامبەر دەستبەرداربوو نی جادۆن سانشۆ.

# بە بەشداری زیاتر لە 1200 کەس ڕاکردنی 5 کیلۆمەتری شەقڵاوە سەرکەوتووانە ئەنجامدرا




**ڕاپۆرت: ڕێکان کەمال – شەقڵاوە**

بە بەشداری زیاتر لە 1200 کەس لە هەردوو ڕەگەزو ئاست و تەمەنی جیاجیا، ڕاکردنی 5کیلۆمەتری شەقڵاوە سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو.. شوێنی دەستپێکی ڕاکردنەکە لە کاوانیان بوو لە بەردەم کۆمەڵگەی پەروەردەیی شەقڵاوەی نموونەیی، خاڵی کۆتاییش لە ناو یاریگەی وەرزشیی شەقڵاوە بوو.

لەم بارەیەوە دلێر ئیبراهیم یاریدەدەری ڕێکخەری گشتی ماراسۆنی ئاشتی کوردستان لە لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسیدا گوتی: چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەمان سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دەگرێتەوەو بەشێوەیەکی بەردەوام هەست بە بەرەو پێشچوونی چالاکییەکانمان دەکەین، لە بەرنامەماندایە دوای مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، چەندین ڕاکردنی ماوە جیاجیا لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێم ئەنجام بدەین، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: ئەم ڕاکردنە لەلایەن ڕێکخراوی ماراسۆنی ئاشتی کوردستان بەهەماهەنگی لەگەڵ یانەی وەرزشیی شەقڵاوەو بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشی و دیدەوانی سەر بە پەروەردەی شەقڵاوەو بەسپۆنسەری کۆمپانیای تیلیکۆم ئەنجامدراوە.

ئەنجامەکانیش بەمشێوەیە بوو:

ئەنجامی ڕاکردنی 5کیلۆمەتری شەقڵاوە لە سەر ئاستی یاریزانان و خەڵکی ئاسایی:

× لە ئاستی کوران
١- نزار مامەند
٢- ڕەجەب عەبدولڕەحمان
٣- ڕیڤینگ مەحمود
× لە ئاستی کچان
1- شنۆ هۆگر
٢ - ژیان کامل
٣- هێلین زاهیر

ئەنجامی ڕاکردنی 5کیلۆمەتری شەقڵاوە لە سەر ئاستی قوتابخانەکان و پەیمانگەی پەروەردەی وەرزشی شەقڵاوە :

لە ئاستی کوران
١- سەعدوللا موخلیس/ قوتابخانەی شەهید فرنسۆ هەریری
٢- کەریم سیروان/ کۆمەڵگەی پەروەردەیی شەقڵاوەی نموونەیی
٣- ئەحمەد محەمەد/ پەیمانگەی وەرزشی شەقڵاوە
لە ئاستی کچان
١- پەیمان غازی/ قوتابخانەی سەربەن
٢- یوسرا دلاوەر/ قوتابخانەی سەربەن
٣- ئەڵڤینا حوسێن/ قوتابخانەی سەربەن

# لایپزیگ ئاهەنگی بایرن میونشنی بۆ هەفتەی داهاتوو دواخست

یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی لە یاری پێش گەڕێ کۆتایی بۆندسلیگ نەیتوانی بەربەستی یانەی لایپزیگ ببڕێت و ئاهەنگی بردنەوەی نازناوەکە بگێڕێت، کاتێک هەردوو یانە بە بەرامبەربوون دەرچوون، لەولاشەو یانەی بروسیا دۆرتمۆند یاریەکەی بردەوە و جیاوازی خاڵەکانی لەگەڵ یانەی پاڤار کردە تەنها دوو خاڵ.شەممەی داهاتوو دوا گەڕی ئەم خولە لەیەک کاتدا بەڕێوەدەچێت و بایرن میونشن میوانداری یانەی ئینتراخت فرانکفۆرت دەکات و لەولاشەوە بروسیا دۆرتمۆند دەبێتە میوانی یانەی بوروسیا مونشنگلادباخ، یانەی بایرن بەبردنەوە دەبێتەو پالەوانی ئەمسالی خولی ئەڵمانی و بەپێچەوانەشەوە لە ئەگەری دۆڕانیان و لەولاشەوە بردنەوەی دۆرتمۆند، ئەوان نازناوەکە بۆ دۆرتمۆند دەبێت.

# بریتنزی هۆڵەندی نەیهێشت هالیپی ڕۆمانی پێشەنگ وەربگرێتەوە

سیمۆنا هالیپی کچە تینسزانی ڕۆمانی سەرکەوتوو نەبوو لە وەرگرتنەوەی پێشەنگی پۆلینی جیهانی تێنسی ئافرەتان، دوای ئەوەی شەممەی ڕابردوو لە خولی مەدرید بە دوو کۆمەڵە بەرامبەر کیکی بریتنزی هۆڵەندی دۆڕا.

ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە دەرفەتێکی زۆر باش بوو بۆ هالیپ کە پێشەنگ لە ئۆساکای ژاپۆنی وەربگرێتەوە، لەولاشەوە بریتنز بووە خاوەنی بەرزترین پۆلینی هۆڵەندی لە میژووی تینس کە ئێستا لە پلەی چوارەمی تاوەترین پۆلینی جیهانیەوە دێت.

**ڕەمزی میرەکانی**



# دواجار ڕاهێنەری بەرشلۆنە هاتە دەنگ

## ڤالڤێردی: تا ئێستا ئامادەییم نەبووە جارێکی تر سەیری یارییەکە بکەمەوە

**هاوار مورتکەیی**

لە ناو قەڵای کامپ نو جۆرێک لە بێدەنگی و بێ ئومێدیدا هیچ شتێکی تر هەست پێناکەی، بەتایبەتیش کاتێک ئینستۆ ڤالڤێردی و یاریزانەکان یەکتری دەبینن و بە شێوازێک هەڵسوکەوت و سەیری یەکتری دەکەن و خۆیان وەک تاوانبارێک دیتەبەرچاو، ئەم حالەتەی هەمووی لەئاکامی ئەو ڕیۆنتایەی یاریزانانی لیڤەرپوول بوو کە لە یاریگای ئەنفیڵدی بەسەریدا تۆمار کردن، کە هەمان کارەساتی ڕۆمای ئیتاڵیا بوو بەسەریدا دووبارەکرایەوە.

دواجار ڤالڤێردی لە پێستی بێدەنگییەکەی هاتەدەرەوە و باسی ئەو کارەساتەی ناو ئەنفیڵدی کرد، ڤالڤێردی دەڵێت: تا ئێستا ئامادەییم نەبووە جارێکی تر سەیری ئەو یاریبە بکەمەوە، بەڵام هێشتا ئەو ڕووداوە لەناو میشکمدا بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، پێم وایە لەگیمی یەکەمدا ئێمە ئاستیکی باشمان پێشکەش کرد، لەتوانامانداو هەبوو گۆڵ تۆمار بکەین، بەڵام ئەو دوو گۆڵەی ئەوان لەماوەی تەنها دوو دەقیقەدا تۆماریان کرد کۆتاییان بەهەموو شتیک هێنا.

سەبارەت بەو توانایەی کە کە بەردەوامی بە یانەی بەرشلۆنە بدات، ڤالڤێردی گوتی: بێگومان هەست بەوە دەکەم کە ئەو توانایەم هەیە بەردەوامیی بە بەرشلۆنە بدەم، نیازم ئەوەیە هەنگاو بەرەو پێشەوە بهاوێژم، نەوەک خۆشاردنەوە لە پشت بەردەکان، ئێمە زۆر پێی کاریگەربووین، ئەمە ناشارمەوە و ناتوانین خۆشمان هەڵخەڵەتینین، دۆڕانمان ئاساییە، بەڵام دۆڕانیکی بەمشێوەیە زۆر ئازارم دەدات، سالی ڕابردووش بەرامبەر ڕۆما کە ئەوکات پالەوانی لالیگا نەبووین، بەڵام توانیمان لالیگا و جامی شاه بەدەستبێنین، ئێستا ئێمە پالەوانی لالیگاین، بەڵام پالەوانێتییەکی لەمشێوەیە نییە بۆ پێشەوە پالمان پێوەبنێ.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon, 13. Apr. 2019 No: (5748)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر




# مەراسیمی کۆمسای لەهەورامانی تەخت بەڕێوەچوو



**خەبات : هەورامانی تەخت / یوسف هەورامی**

بەئامادەبونی زیاتر لە 60000 کەس لەخەڵکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و عیراق و تورکیاو وواڵاتانی ئەوروپی لەشارەدێی هەورامانی تەخت و لەسەر مەزارگەی پیرشالیار مەراسیمی کۆمسای بەڕێوە چوو سەرەتا ئامادەبوان خولەکێک وەستان بۆگیانی پاکی شەهیدان و دواتر بەخوێندنەوە چەند ئایەتێک لەقورئانی پیرۆزو چەند سرودێکی ئایینی مەراسیمەکە دەستی پێکردو ووتەیەک لەلایەن ئیمام وپێش نوێژی مزگەوتی هەورامان خوێندرایەوە کەباسی لەشوێن و مەکانەتی شێخان و بەتایبەت پیرشالیار کرد کە ڕۆڵێکی کاریگەریان بوە دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی ئاشتی خوازو دور لەتوندو تیژی و پێکەوە ژیانی تەواوی زمان و کلتور و ئاینە جیاوەزەکان

هەربۆئەمەبەستە ئەحمەدی حاجی شەهاب تایبەت بەخەبات دواو گوتی

ئەم مەراسیمە ماوەی زیاتر لە 46 ساڵە لەم شوێنە پیرۆزەی مەرقەدی پیرشالیار بەڕێوە دەچێت و بەئامادەبونی کەسایەتی و زانایانی ئایینی وپیاو ماقوڵان و دەروێش و شوێن کەوتوا انی تەریفەتی نەقشەبەندی و لەنیوەی وەرزی بەهاردا هاتون بەشداریان کردوەو هەریەکەو خواردنێکی هێناوە وەک یاپراخ و کەلانەو برنج وشلە و ,,,وهتد

ئەم مەراسیمە وا بەرگوزار بوە خەڵک کۆچی کردوە بۆهەواڕەکان لەم شوێنەدا کۆبونەوەیان کردوە یەکێکیان هەڵبژاردوە وەک موختا ری ئاوایی و میراوو شوانی دێ و مەلاو وورده وورده پەرەی سەندوە تا وایلێهاتوە ئێستا بەسەدان کەس لەتەواوی وواڵاتانی دونیاوە سەردانی ئەم شوێنە پیرۆزە دەکەن هەروەها لەبەشێکی تری مەراسیمەکەدا ئەو بەردە هیە لیرە دەیشکێنن خەڵک وەک تەبەرک بەکاری دەهێنێ ئەو زەمانە دکتۆر نەبوە ئەو بەردەیان بەکارهێناوە بۆئەوەی لەنەخۆشی و ناخۆشی و مەترسی رزگاریان بێت.

# پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست: بۆپاراستنی پێستت لەمانگی ڕەمەزان پێویستە لەجیاتی شیرینی ئاو زۆر بخۆیتەوە



**وریشە عومەر**

دەربارەی پاراستنی پێست لەمانگی ڕەمازانی پیرۆز دکتۆرە سوهام ئامێدی پسپۆڕی نەخۆشییە کانی پێست لەوەڵامی پرسیاری خەبات گوتی:بەهۆی کەم خواردنی خواردن و خواردنەوەکان لە مانگی ڕەمەزاندا، لەش وشک دەبێتەوە، ئەمەش کاریگەری سلبی لەسەر جوانی پێست هەیە. بۆ پاراستنی پێست لە ڕەمەزاندا ئەم ڕێنماییانە پەیڕەوبکە: ڕۆژانە لە نێوانی خوانی ئێوارە و پارشێو، هەوڵبدە 8پەرداخ ئاو بخۆیتەوە.پێست شێدار بکە، بە بەکارهێنانی ماسکی هەنگوین و ماست، یان کرێمی ڤیتامین ئی. لەبری پەیوەست بوون بە خواردنی شیرینییەوە، هەوڵبدە بایەخ بە میوەکان بدە، چونکە پێکهاتەی خۆراکی بەسوودی تێدایە، لەش لە وشکبوونەوە دەپارێزێت. ، لە ژورێکدا بخەوە فێنک بێت، چونکە ئارەقکردنەوە بەشێکی زۆری ئاو جەستەت دەبات.



# ئازارەکانی شەری ئێراق - ئێران
## لە شانۆگەرییەکی مۆنۆدرامی لە باشور ئێراق نمایش کرا

**خەبات: سەربەست برزۆ**

ئازارەکانی شەڕی ئێران – ئێران لە شانۆگەرییەکی مۆنۆدرامیدا لە هۆڵێ سینەمای شاری سەماوە نمایش کرا ، کە باس لە ئازارەکانی خەلکی و مێژووی ئێراق بەگشتی لەو سەردەمە دەکات و بەتایبەتیش باس لە کرێکارێک دەکات کە پێش ئەوەی ببێتە سەرباز لە قاوەخانەیەک کرێکار بووە و جگە لە گسکێک هیچ هاوڕێیەکی نەبووە . ئەو کرێکارە لە بەردەکانی جەنگەوە نەهامەتی کێشەکانی خۆی دەنوسێ بۆ خۆشەویستەکەی، بەڵام لە راستیدا هیچ خۆشەویستێکی نەبووە و ئەوەی خەیاڵی دەکات کە خۆشەویستێتی ئەو گسکەیە . شانۆگەرییەکە لە سیناریۆ و دەرهێنانی هونەرمەند (حوسێن نەجم )ە، و لە نواندنی هونەرمەند حەسەن کامل و چەند ئەکتەرێکی گەنجی تر ە کە لە هۆڵی سینەمای شاری سەماوەی پایتەختی پارێزگای موسەنا نمایش کرا .

## شاژنی هەستەکان
## ئەلیسا دوای ماوەیەک بێدەنگی ڤیدیۆ کلیپێک بڵاو دەکاتەوە

**تا:ترانا زرار:** خانمە هونەرمەند و ئەستێرەی بەناوبانگی عەرەب ئەلیسا ، کاری کلیپ بۆ یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەلبومی ساڵی ٢٠١٨ دەکات. دوای ئەوەی لە ساڵی رابردوو ئەلیسا رایگەیاند تەندروستی ناجێگیرەوە لەدوا قۆناغەکانی کۆتایی وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی دایە ، ئەلیسا هاوشێوەی جاران بە هەستێکی جوانەوە، یەکێک لە بەرهەمەکانی بەناوی " کرهنی" بە ڤیدیۆکلیپێکی ڕۆمانسی بەرهەمدەهێنێت و بڵاوەدەکاتەوە.هەواداران و گوێگرانی ئەلیسا بەم هەواڵە دڵخۆشن دەڵێن "چاوەڕوانی ئەلیسا پڕ لە سۆز و هەستەکەی جارانین.ئەلیسا ، لەدایکبووی ساڵی سی وڵاتی لوبنانە، هاوکات بەهۆی دەنگە خۆشەکەی و گۆرانییەکانییەوە نازناوی "شاژنی هەستەکان"ی پێدراوە.

